## لەشکرکێشیەکانی دەوڵەتی تورک بۆ باشوری کوردستان

لە جەنگی یەکەمی کەنداو (عێراق / ئێران) لەشکری تورکی چەندین جار هێرشی کردۆتە ناو باشوری کوردستان

د.سالار باسیرە لا٢٢

دیتن و شرۆڤەکاری

## پانوراما وەرگەریان و داهوریانێن کوردستانێ

کوردستان کەڤتیە بەر رۆناهی و وەرگەریانێن نوی، ئەڤێ ژی داخویانی و شرۆڤەکاری پێ دڤێن

ئەکرەم خالد عەبدولکەریم"سید ئەکرەم" لا13

## ڕۆڵی ئێران لە ناو بازنەی قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

هێزە هێژمۆنخوازەکان پاش قەیرانێکی قوڵ، دیسان خۆیان نوژەن دەکەنەوە.

ئەندامی ئەنجومەنی PJAK- سیامەند موعینی لا٥٧


١
سالی یەکەم
ژمارە یەک
1-1-2016
سەرماوەزی
٢٧١٥


# ئازادی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی مانگانەی، سەربەخۆی سیاسی، هزری، جڤاکییە



## تورکیا باشوری داگیرکرد: سیاسیەکان و خەڵک لە کوێن؟

لا4

## خانەی زیندەوەر: مۆدێلی وڵاتێک بە سیستەمێکی تایبەت

د.شیلان عەتا تاڵەبانی لا28

# ناوەڕۆک




پەیوەندی هێزەکان... دەوڵەت و خێزان
نازان ئۆستونداغ
لە ئینگلیزییەوە : ڤیان مەجید فەرەج
٤٧





ئەقلیەتی ناوەندگەرای دەسەڵاتدار، وڵات بەرەو دیکتاتۆریەت دەبات
سەردار ستار
٣٦





شەڕی دژە تیرۆر و عەقڵی سیاسی کوردستانی
کاوە نادر قادر
٣٢








**خاوەن ئیمتیاز:**

محمد کیانی عبدالرحمان(د.محمد کیانی)

**سەرنووسەر:**

گۆران علی حسن (گۆران پێنجوێنی)

**دەستەی نووسەران:**

د.سالار باسیرە — سەردار ستار

بەیان عەلی — نەجیبە قەرەداخی

کامەران گوڵپی — کوردۆ شوانی

**ڕاوێژکاری یاسایی:**

پارێزەر هیلال ئیبراهیم

ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان.
سلێمانی. گەڕەکی ئاشتی. باخی سەعید بەگ

پەیوەندیەکان لەڕێگەی سەرنووسەرەوە دەبن.
(٠٧٧٠٢٢٢٧٢٧٤)یان(٠٧٥٠١٥٣٩١٩٧)

gmail.com@azadi1
www.facebook.com/Azadi Komelge
نرخ (٢٠٠٠) دینارە

# لەدایکبوونێکی نوێ گۆڤاری «ئازادی کۆمەڵگە»



د. محەمەد کیانی

لەگەڵ پێزانینمان بەوەی بازاڕی چاپەمەنی کوردستان گۆڤار و رۆژنامەی زۆری تێدایە، بە پێویستمان زانی گۆڤارێکی تر، بە تایبەتمەندییەکی تر زیاد بکەین. گۆڤاری ئازادی کۆمەڵگە وەک ناوەکەشی ئاماژە دەکات، تایبەتمەند دەبێ بە بواری گرنگی دان بە چەمکی ئازادی و چۆنیەتی بەدەستهێنان و پیادەکردنی لە کۆمەڵگەی کوردستان.

لە کۆمەڵگای ئازاددا تاکەکان کە هەڵگری بیروڕای تایبەتی خۆیانن، مافی ڕێکخستنی ئازادانەیان هەیە لە کۆمەڵە و کۆمیون بە گوێرەی ویست و پێویستیەکانیان و هەوڵدانیان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی و ئامانجەکانیان بێ ئەوەی ترسیان هەبێت لە لێپێچینەوە و ڕاوەدونان و ئازاردانی دەروونی و جەستەیی. لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا تاک هەلی بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی زیاتری بۆ دەرەخسی بەهۆی لابردنی ڕێگری لە بەکارهێنانی تواناکانی و دەربڕینی ویستەکانی و کارکردن و بازاڕی ئازاد و چۆنیەتی بەدەستهێنانی سامان و ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی بە کۆمەڵەوە لە چوارچێوەیەک لەگەڵ خواستی خەڵکانی دی ناهەموار و دژبەرنەبێ.

بەدەستهێنانی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە پێویستی بە ئاستێکی هۆشیاری باڵا و ئاگاداری تاکەکانی کۆمەڵگە بە مافەکانی خۆیان و هاوڵاتیانیان و چۆنیەتی کارکردن بۆ بەدەستهێنان و پیادەکردنیان لە کۆمەڵگە هەیە، بێ پێشێلکردنی مافی تاک و گروپەکانی دی. هەروەها بە سیستەمکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە بەجۆرێک بێت یاریدەدەری دەستەبەرکردنی پێوستیەکانی مسۆگەر کردنی مافەکانی ئازادی بەدەستهێنانی زانیاری، ئازادی ئاخافتن و بیروڕای سیاسی، ئازادی ئابوری، ئازادی باوەڕی دینی و یەکسانی جێندەری و هەلی یەکسانی کارو پارێزگاری لە ژینگەیێکی تەندورست...هتد بێت. ئەم جۆرە ئازادیە دەستەبەر نابێت بەبێ هەبوونی دیموکراسی و پیادەکردنی بە مانا فراوانەکەی کە بێجگە لە دیموکراسی نوێنەرایەتی (Representative Democracy) پێوستی بە دیموکراسی بەشداری (Participatory Democracy) هەیە. چونکە ئازادی تاک تا بەرفراونیش بێت، بەبێ ئازادی بیروڕا و ڕێکخستن و بەشداری گرۆپ و هێزە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان لە ژیانی سیاسی، دیموکراسی دەبێتە هۆی ئافراندنی دیموکراسی نائازاد (Illiberal Democracy) کە لە خۆیدا جۆرێکە لە دکتاتۆریەتە وەک ئەوەی ئێستا لە کوردستان پیادە دەکرێت. تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دەبێ قاڵ بکرێنەوە بەوەی کە ئەوان خاوەنی ئەم خاک و وڵاتەن، مافیان هەیە و ڕێنمایی بکرێن بۆ بەدەستهێنانیان. گۆڤاری ئازادی کۆمەڵگە دەرگەی کراوە دەبێت بۆ شەن و کەو کردنی ئەم بابەت و بۆچوونانە.

لە هەلومەرجی ئێستا کوردستانی پارچە پارچەکراو، هەر پارچەیێکی کوردستان تایبەتمەندییەکی خۆی وەرگرتووە. لە هەمانکاتدا، پرسی نەتەوایەتی کوردستان و دۆزەکەی پێکەوە بەستنێکی ئۆرگانیکی هەیە کە پێویستی بە مامەڵەیێکی ژیرانەیە لە چۆنیەتی گەڵاڵەکردنی پرۆژەی ناوچەیی و نەتەوەیی سەرتاسەری کوردستان و پەیوەندی پارچەکانی کوردستان لە کاتێکی وەک ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئاوسە بە هەلی دەستکەوتی لەبار و مەترسی چەقبەستن و دۆڕان. خۆمان تاوانبارین لە لەبارچونی ئەم هەلە. ئەو بەرچاوتەنگیەی لە دەسەڵاتی باشور دەبینریت، ئەگەر چاوی پێدا نەخشێندریەوە، دوارۆژێکی روناک چاوەڕوانمان ناکات. بۆیە پێویستە بیروڕای جیاواز دەرفەتی بۆ برەخسێ لە شیتەلکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی تەڤگەری ئازادی کوردستان و سیاسەتی هێزە سیاسیەکان و مومارەسەتاکانیان لە پێناو دانانی ستراتیجی تۆکمە بۆ پارچەکان و سەرجەم کوردستان وەک نەخشەڕێگاییێک بۆ گەیشتن بە ئامانەکانی گەلی کوردستان.

بێگومان چەمکی ئازادی بێ مانا دەمێنێت بێ پێدانی گرنگی تایبەت بە مافی بەرابەری ژن و پیاو، کە لەخۆیدا رزگارکردنی کۆمەڵگەیە لە ئیفلیجی و ئافراندنی هەلە بۆ بەکاربردنی پۆتێنشەلی تەواوی کۆمەڵگە و بە سورشتکردنی ژیانی کۆمەڵگەی ئازاد و تەندورستە. ئازادی کۆمەڵگە بە بیری ئازاد و دورکەوتنەوە لە دۆگما بەرهرم دهێندرێ. هەمو قلەم و رەنگەکان ئاویتە ببن بۆ دوارۆژێکی رووناک.

# تورکیا باشوری داگیرکرد: سیاسیەکان و خەڵک لە کوێن ؟



سەلاح خدر

گەرچی لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ باشووری کوردستان نوێ نەبوو، بەڵام لەشکرکێشی ئەمجارەیان جیاواز لە ڕابردوو بەهۆی بەزاندنی سنوری هەرێمی کوردستان و چوونە ناو ناوچە دابڕاوەکان کاردانەوە و دەنگدانەوەی جیاوازی لێکەوتەوە.

ئەو لەشکرکێشیەی تورکیا کە بەژمارەیەک چەک و جبەخانەی قورس و پاڵپشتی نزیکەی 2 هەزار سەرباز لە 05.12.2015 دا بۆ ناوچەی بەعشیقەی نزیک موسڵ و قەزای سۆران، کۆمەڵێک لێکدانەوە و شیکاری جیاوازی بۆکرا، هەندێک بەهۆی گۆڕانکاریە خێراکانی ناوچەکە و کۆتایی پەیماننامەی سایکس بیکۆ بەهەوڵەکان بۆ بەدیهێنانی خەونی عوسمانی و دەستگرتن بەسەر ویلایەتی موسڵ بەناویان کرد، هەندێکی دیکە بۆ بەرگرتن بەپێگەی کورد لە باشوور و ڕۆژئاوا لە دیزاینی نوێی و داهاتووی ناوچەکە لێی دەڕوانن، کەسانێکیش دەڵێن بۆ ڕاگرتنی شکستەکانی داعش و لاوازبوونیان لە هەرێمەکە دوای ئازادی شەنگال و دروستکردنەوەی بەرەیەکی دیکەی سوننەی ئەلتەرناتیڤە، هەندێک شرۆڤەکار ئەم لەشکرکێشیەی تورکیا بە پیلانی شەڕێکی سەرتاسەری دژی پەکەکە لە ناوەوە و دەرەوەی سنورەکانی خۆی بەناو دەکەن.

### لەشکرکێشی و هەبوونی هێزەکانی تورکیا لە باشوور

لە ڕابردوودا تورکیا چەندین جار بەبەهانەی شەڕ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان»پەکەکە» لەشکرکێشی بۆسەر باشووری کوردستان ئەنجامداوە کە لەئاکامدا کۆمەڵکوژی وەک کۆرتەک، کەندەکۆڵا، زارگەلی و چەندینی دیکەی بەدواداهاتووە، هیچ کام لەو ئۆپەراسیۆنانە بی مۆڵەتی حکومەتی هەرێم و ڕاستتر بێ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق نەبووە، کە زیاتر لە 20 ساڵە لە باشووری کوردستان بەتایبەتی لە ناوچەکانی کانی ماسی، باتۆفا، شیلادزێ، ئامێدی، بامەڕنی، سینکی، سەری زیری، قەزای سۆران و چەندین دەڤەری تر هەن کە بەنزیکەی پێنج هەزار سەرباز مەزەندە دەکرێت، کاری تیرۆر و سیخوڕی بەسەر جوڵانەوەی کادێر و لایەنگرای پەکەکە لە باشوور دەکەن، گەرچی لە ساڵی 2003 پەرلەمانی هەرێم و 2008 پەرلەمانی عێراق بڕیاری کشانەوەی ئەو هێزانەیان لەخاکی هەرێم داوە و نزیکەی نیو ملیۆن واژۆش بۆ دەرکردنیان کۆکرایەوە، بەڵام بڕیارە سیاسیەکان هۆکار بوون بۆ بێکاریگەرکردنی ئەو بڕیارە پەرلەمانییە، وەلێ بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە هاتنی ئەمجارەی سوپای تورکیا بەقوڵایی نزیکەی 200 کیلۆمەتری خاکی باشووری کوردستان لەلایەن خەڵک و بەشێک لە لایەنەکانی باشووری کوردستان و گەل و حکومەتی عێراقەوە وەک داگیرکاری ئاشکرا بەناوکرا.



لەسەرەتای لەشکرکێشی تورکیا نارەزایی گەل دەرکەوت، خەڵکی نارازیی لەکوردستان و عێراق ڕژانە شەقامەکان، ڕێپێوان و گردبونەوە جەماوەریەکانی باشووری کوردستان لەلایەن تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان، ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان ناسراو بە ڕەژاک و گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستانەوە ڕێکخران، گەرچی چەند پەرلەمانتاری هەرێمی کوردستان و عێراق و چەند سیاسەتمەدارێکی کورد لە چالاکیەکەدا بینران، بەڵام لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و چەند جێگەی تر هێزە ئەمنیەکان کێشەیان بۆ دروست کردن و هەوڵیاندا ڕێگری لە چالاکیەکان بکەن، بەڵام تورەیی و پێداگری خەڵک هێزەکانی ناچارکرد پاشگەزببنەوە، لەو چالاکیانەدا جارێکی تر داواکرایەوە هەرچی هێزی داگیرکەرە بەتایبەتی ئەو هێزە تورکیانەی ساڵانێکە لە هەرێمی کوردستانن بچنە دەرەوە.

لەعێراقیش پاش لێدوانی مەرجەعی شیعەکان کەوەک دەزگای هەرەباڵای بەکاریگەری وڵاتەکە بەناو دەکرێت، بەدوای لێدوانەکەی کاربەدەستانی عێراقدا هات، داوای کشانەوەی هێزە تورکیەکانیان کرد و بەداگیرکاری و دەستدرێژی بۆسەر خەڵک و خاکی عێراق پێناسەیان کرد، بۆیە شەقامەکانی بەغداد و کەربەلا و زۆر شاری دیکە وەڵامیان دایەوە و بوونە مەیدانی دەنگی نارازیی خەڵک، تاکار گەیشتە ئەوەی چەند پارێزگای عێراق هەموو کاڵایەکی تورکیان بایکۆت و حەرام کرد.

## هەڵوێستی باشووری کوردستان

هەرلەسەرەتای ئەو لەشکرکێشیە گەلی باشووری کوردستان بە چالاکی و خۆپێشاندانی جەماوەری لەزۆربەی شار و شارۆچکەکان نارەزایی توندیان نیشاندا، بەڵام حکومەتی هەرێم یەک ڕۆژ داوای لەشکرکێشیەکە بە دەرکردنی بەیاننامەیەکی کورت لەزاری سەفین دزەیی وتەبێژی حکومەت پشتیوانی هاتنی ئەو هێزە تورکیەکەی کرد و رایگەیاند:»لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆرستانی داعش، لە کۆتایی ساڵی رابردوو تورکیا لە سۆران و قەڵاچواڵان دوو بنکەی مەشق و راهێنانی تایبەت بە هێزی پێشمەرگە کردەوە و لە هەمانکاتدا بنکەیەکی دیکەی بۆ مەشق و راهێنان بە هێزەکانی دیکەی عێراقی لە پارێزگای موسڵ کردەوە و لەوێش هاوکاریی پێویست لە بواری سەربازیدا پێشکەش کراوە» و هاتنی هێزەکەشی بۆ فراوانکردنی بنکە سەربازیەکەی موسڵی بەناوکرد.

لەئاستی ڕاگەیاندنیشدا هەرچی میدیای بینراو و بیستراوی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەو حزبەیە ئاژیتاسیۆنێکی وەهایان دروستکرد کە وای نشانبدەن ئەو هێزە بۆ هاوکاری پێشمەرگە لە شەڕی دژ بەداعش هاتوون، هەتا چەند بەرپرسێکی سەربازی هێزەکانی زێرەڤانیان دوان و ئەوانیش وەک هێزی پاڵپشت وەسفیان کردن، ئەمە لەکاتێکدا کە لەدرێژایی ئەم ماوانەی شەڕی داعش لە باشووری کوردستان تورکیا نەک هاوکاری کوردی نەکردوە وەک دکتۆر فواد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم دانییێدانا، بەڵکو لەپڕچەککردن و ناردنی پەرسیۆناڵ بۆ داعش درێخی نەکرد و ڕێگەی تورکیا – زاخۆ – موسڵ بەردەوام لەبەر هاتووچۆ و بازرگانی داعش کراوەبووە، ساڵی ڕابردووش زیاتر لە جارێک خەڵکی ناوچەکانی دەروبەری شەنگال و حەویجە شاهیدحاڵی هاوکاری فڕۆکە تورکیەکان بوون بۆ داعش.

گەرچی پارتی لە دیدارێکی نهێنیدا لەوبارەیەوە لەگەڵ پەکەکە نکوڵێ کردبوو لەهێنانی ئەو هێزە و وتبوو هاتنیان بەدەست ئێمە نەبوە، بەڵام قوڵبوونەوەی قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان و ئاڵۆزیەکانی نێوان پارتی و پەکەکە و سەردانەکەی بارزانی بۆ عەرەبستانی سعودیە گومانی هێنانی ئەو هێزە تورکیەکەی لەلایەن پارتیەوە زیاترکرد.

## یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ئەندامی مەکتەب سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان مەحمود سەنگاوی لە وەڵامی سەفین دزەیی دا ڕەدی کردوە کەهێزی تورکیا لە ڕابردوو و ئێستاشدا لە قەڵاچولان بوونی هەبوبێت، وتبووشی دەزەیی دەیەوێت ئێمە لەسوپای تورکیا بگلێنێت خۆی دەزانێت کە ساڵانێکە ئەو هێزە لە ناوچەی بامەڕنین، بەو شێوەیە یەکێتی خۆی لەهێنانی ئەو هێزە بێبەری کرد و خستیە ئەستۆی پارتی.

لەڕۆژی 09.12.2015 دا خۆپێشاندانێکی جەماوەری دژ بەو لەشکرکێشیەی تورکیا لە شاری سلێمانی



ئەنجامدرا لەوێ هەریەک لە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ئەندامی مەکتەب سیاسی یەکێتی و هاوسەری جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی و شاناز ئیبراهیم ئەحمەد کادیری پێشکەوتووی یەکێتی ئامادەبوون، لەوێ شاناز بە ئاژانسی ڕۆژنیوزی ڕاگەیاند بوو کە ئەوان وەک یەکێتی دژی هاتنی ئەو هێزەن و وتیشی:»پێویستە هەر حیزب و لایەنێک ئەوە باش بزانێت کە ئەو هەموو ڕوبارە خوێنەی لەپێناو ئەم خاکەدا ڕژاوە بۆئەوە نەبوە کە هیچ کەسێک بەئاسانی بیەوێت هێزێک بێنێتە ژورەوە و ئەم خاکە پیرۆزە بخاتە ژێر پۆستاڵی بێگانەوە، بەڵام پەرلەمانی هەرێم ئیفلیج کراوە و حکومەتیش دەستی بەسەرداگیراوە.

لەسەر ئاستی پەرلەمانیش زۆربەی پەرلەمانتارانی یەکێتی بەلێدوان و بەشداریکردنیان لە چالاکیەکاندا دژی ئەو لەشکرکێشە وەستانەوە، ڕاگەیاندنەکانیشیان ڕووماڵی بەرفراوانی هاتنی هێزەکەیان کرد.

هەڵوێستەکانی یەکێتی تەنها لەئاستی کەسایەتیەکاندا بوون، زۆرینەی یەکێتی دژی هاتنی ئەو هێزەبوون، وەلێ مەکتەب سیاسی حزبەکە هیچ لێدوانێکی ڕەسمی لەو بارەیەوە نەدا، بەڵام شاندێکی یەکێتی بەسەرۆکایەتی مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەب سیاسی، عومەر فەتاح ئەندامی دەستەی کارگێڕی، سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئاریز عەبدوڵڵا، ئالا تاڵەبانی، خالید شوانی ئەندامانی سەرکردایەتی و سەعدون فەیلی لێپرسراوی پەیوەندییەکانی نیشتمانی لەبەغدا، ڕۆژی 12.12.2015 گەیشتنە بەغداد و لەگەڵ سەرۆک و سەرۆک وەزیران و کاربەدەستانی باڵا و حزبی و سەربازی عێراقدا بۆ تاوتوێکردنی دۆخەکە کۆبونەوە، یەکێک لە دیدارەکانیان لەگەڵ هادی عامری سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر و فەرماندەی گشتی هێزەکانی حەشد ئەلشەعبی بوو، عامری لەدوای دیدارەکەی لەگەڵ یەکێتی قسەی بۆ ڕاگەیاندنەکان کردوو وتی: هەردوولامان لەسەر لەشکرکێشی سوپای تورکیا هاوهەڵوێست و دژین، مەلابەختیاریش وتی هاتنی ئەو هێزە پێشێلکردنی سەروەری عێراقە.

بەڵام چوونی شاندی یەکێتی لەو کاتەدا بۆ بەغداد کە کۆبونەوەکانیان زیاتر لەگەڵ لایەنە شیعەکان بوو لەلایەن کەسانێکەوە وەک جەمسەرگیریەک خوێندرایەوە، هەتا ئەندامانی شاندەکە لەو کەسانە پێکهاتبوون کەبەباڵی مام جەلال ناسراون، باڵەکەی دیکەی یەکێتی کەبەنزیک لە پارتی ناسراون هیچ هەڵوێستێکی ئەوتۆیان بەرامبەر لەشکرکێشی تورکیا نیشان نەداوە.

### بزوتنەوەی گۆڕان

بزوتنەوەی گۆڕان جیا لە هەرلایەنێکی دیکە جگە لە لێدوانێکی ڕەسمی لە رووی ڕاگەیاندنیشەوە دژ بە لەشکرکێشی تورکیا دەرکەوتن، ڕۆژی 06.12.2015



وتەبێژی ڕەسمی بزوتنەوەی گۆڕان شۆڕشی حاجی ڕایگەیاند:»هاتنی هێزی تورکی لەم ساتەوەختەدا بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمان بەهەرهۆیەک بێت، بیانو دەداتە هێزی تری ناوچەکە بۆ پێشێلکردنی سەروەریی خاکی کوردستان و عێراق و بەوەش نیشتمانەکەمان دەکرێتە مەیدانی ململانێی هێزە ناوچەییەکان و سەرکەوتنی هەر لایەنێکی دەرەکی لەم ململانێیەدا، بە قازانجی ئەوان و زەرەری گەلەکەمان تەواو دەبێت. ئاماژەی بەوەشکرد، ئەوان وەک بزوتنەوەی گۆڕان، جەخت لەو پەیامەیان دەکەنەوە کە دەبێ هەمو پەیوەندیەک لەگەڵ دراوسێ و هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان، لەڕێی دامەزراوە نیشتمانییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بێت، نەک لەڕێگەی هیچ حزبێکەوە».

لەو بەیاننامەیەدا کەجیاواز لە یەکێتی وەک هەڵوێستی ڕەسمی گۆڕان بڵاوکرایەوە، دەردەکەوێت کە گۆڕانیش پارتی بەهۆکاری هێنانێکی نایاسایی ئەو هێزە تاوانبار دەکات، بەحوکمی ئەوەی پارتی سەربەخۆیانە و بێگەڕانەوە بۆ هیچ لایەن و حکومەت و پەرلەمان ئەو پێشێلکاریەی کردوە و لە ڕابرووشدا پارتی کودەتای لەسەر حکومەت و پەرلەمان کردبوو کە سەرۆکایەتی پەرلەمانی گۆڕان و وەزارەتەکانی سەربەگۆڕانی فەلج کردووە.

لەسەر ئاستی پەرلەمانی هەرێم و عێراقیشدا پەرلەمانتارانی گۆڕان دژی لەشکرکێشی تورکیا وەستانەوە، هۆشیار عەبدوڵای سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق لەگەڵ هاوپیشە یەکێتیەکەی ئاڵا تاڵەبانی پێشنیاریان بۆ پەرلەمان کرد کە پەکەکە وەک هێزێکی ڕەسمی ئۆپۆزسیۆنی دژ بەداعش بناسێت، ئەوەش لەلایەن بەشێک لە پەرلەمانتاران بەتایبەتی فراکسیۆنی دەوڵەتی یاساوە پشتیوانی کرا، بەڵام هێشتاش ئەو پێشنیارە کاری لەسەر نەکراوە.

هۆشیار عەبدوڵا لەو کاتەدا لەوتارێکیدا کە لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاوی کردبووەوە نوسی:»هیچ دەوڵەتێکی دراوسێ دۆستی کورد نیە و لەم دۆخەشدا ژیرانەترین هەڵوێست ئەوەیە هەتا بتوانین بە یەک دوری لە بەرە جیاکانەوە بوەستین، نە تاران دەرمانی دەردی کوردە و نە ئەنقەرە ئەو فریشتەیەی هەموو ڕۆژێ خۆمان فرێدەینە باوەشیەوە».

ئەوەش پەیامێکی ڕوونی ناوبراو بۆ هەردوو هێزی پارتی و یەکێتی کە لەهاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکەدا بێلایەن نین.

نوسیبوشی کارەساتی هەرە گەورە ئەوەیە یاریت پێ بکەن و یەکلا بوبیتەوە بەسەر لایەکدا وەک ئەوەی پارتی کردویەتی لەگەڵ بەرەی تورکیادا ئەوەش زیان لە دۆزی کورد دەدات .

ئەو داوای کردبوو وەک چۆن پەیەدە لە کانتۆنەکانی خۆرئاوای کوردستان زۆر سەرکەوتوانە پەیوەندی لەگەڵ هاوپەیمانە جیاکاندا و هەموو لایەکی ڕاگرتوە و تاڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بوە لایەنەکانی هەرێمیش بە هەمان ئالیەت کار بکەن.

### دوو حزبە ئیسلامیەکە

هەردوو حزبی ئیسلامی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی لەبەرامبەر لەشکرکێشی سوپای تورک بۆسەر خاکی باشووری کوردستان بێدەنگیان هەڵبژارد.

# تورکیا بەنیازە بەهێنانی هێزەکەی بۆ ناوچەکە، دەستبگرێت بەسەر سامان و نەوتی ئەو هەرێمەدا لەڕێی دروستکردنی هێزێکی دیکەی سوننە لەجێی داعش بەیارمەتی پارتی و بارزانی

یەکگرتووی ئیسلامی کە بەدۆست و هاوسۆزی ئاکەپەی دەسەڵاتداری تورکیا و هاوڕێبازانی ئیخوان موسلمین ناسراون، لەبەرامبەر هاتنی ئەو هێزە تا ئاستی ئەوەی ئەو پرسە کێشە و ئیشی ئەوان نیە تەواو بێدەنگ بوون، لەکاتێکدا کە ئەو حزبە چەند وەزارەتێکیان لە حکومەتی هەرێمدا هەیە، بەڵام سەمیر سەلیم یاریدەدەری ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە لێدوانێکدا بە SNNی ڕاگەیاند:»یەکگرتوو هیچ دیراسەیەکی هاتنی سوپای تورکیای بۆ ناو خاکی عیراق لەهەرێمی کوردستانەوە نەکردووە و هیچ کۆمێنت و قسەیەکیشمان لەسەری نییە، هەتا ناوبراو داواکردنی هەڵوێست لەوانی بە شەڕفرۆشتن بە حزبەکەی لەقەڵەمدا.

بەڵام بەهار عەبدولڕەحمان ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: پەرلەمان ئاگادار نییە لەهاتنی ئەو هێزانە و تەنها ئەوەندە دەزانین کە لەچوارچێوەی هاوپەیمانێتی دژ بەداعش کۆمەڵێک هاوکاری لەنێوان وڵاتاندا هەیە، بەڵام ئاگاداری وردەکاریی ئەو هاوپەیمانێتییە نین.

لەئاستی ڕاگەیاندنیشدا میدیاکانی یەکگرتوو کەمترین ڕوماڵی ئەو پرسەیان کرد و هەوڵیاندا لەپرۆگرامەکانیاندا وای نیشان بدەن کە تورکیای ئاکەپە هاوکاری و فریادڕەسی کوردانە، هاتنی ئەو هێزەی تورکیش بۆ باشووری کوردستان لەبەرژەوەندی کورد دا دەبێت.

هەرچی کۆمەڵی ئیسلامیە هیچ کاردانەوەیەکی ئەتۆیان لێ نەبینرا بێدەنگی کۆمەڵ پرسیاری گەورەی لەسەر ئەو حزبە دروست کردوە کە بەشداری حکومەت و پەرلەمانن بۆ لەبەرامبەر پێشێلکردنی سنورەکانی هەرێم بێهەڵوێستن؟

## پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

پارتی کە وەک پێشلەشکر و واژۆکەری هێنانی سوپای تورک بۆ خاکی باشووری کوردستان ناسراوە، جگە لە داکۆکی کردن لەهێنانی ئەو هێزە لەئاستی حزبی و میدیایدا، هێرشی ڕاگەیاندنی مەزنی کردە سەر پەکەکە کە یەکێک لە هۆکارەکانی هاتنی هێزەکە بۆ شەڕی دژ بەپەکەکە حساب دەکرێت.

گەرچی بارزانیەکان لەناو پارتیدا دەستیان بەسەر هەموو جومگەکانی حزبدا گرتووە، بەڵام لەناو خێڵ و بنەماڵەی بارزانیدا بێدەنگی بەرامبەر لەشکرکێشی تورک بۆسەر خاکی هەرێم شکێندرا و ناڕازیی دەرکەوت، عەبدولسەلام شێخ سلێمان بارزانی کەسایەتی ناسراوی خێڵی بارزان و ئامۆزی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی لەوبارەیەوە قسەی بۆ ئاژانسی ڕۆژنیوز کردبوو و وتی:»هەرچیەک بێت ئامانجی هاتنی سوپای تورکیا بۆ باشووری کوردستان باش نیە و نیازێکی باشی تێدانابینم، من بە گومانەوە لەهاوکاری تورکیا بۆ باشووری کوردستان دەڕوانم، چونکە تورکیا گوایە لەگەڵ هاوپەیمانان ڕێکەوتووە بۆ لێدانی داعش، بەڵام لەجێی ئەوەی لەداعش بدات لە کورد دەدات».

لای خۆشیەوە ئەدهەم بارزانی ئەندامی سەرکردایەتی پێشووی پارتی و ئامۆزای مەسعود بارزانی لەپەیامێکیدا نوسیبووی:»دەبێت سەرکردایەتی کوردستان لە ڕێکخستنی ناو ماڵی کورد و هێنانەدی یەکڕیزی و یەکوتاری ئەرکی هەرە سەرەکی بێت و خۆی دوربگرێت لە چونە ناو هەر بەرەیەک لە بەرە مەزهەبی و نەتەوەیەکان، خاکی وڵاتمان نەبێتە سەنگەری شەڕ و تاقیکرنەوەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و نێڤنەتەوەی کە ئاگر لە کوردستان بەر دەدات و ئەوانیش لە دورەوە تاماشای شەڕ بکەن.

قسەکانی هەردوو کەسایەتی بارزان دەرهاویشتە ناکۆکیە ناوخۆییەکانی ناو خێلی بارزانە کە لەسەر دەسەڵاتداری و ئابووری لەنێوانیاندا

هەیە، لەهەندێک حاڵەتی بەم شێوەیەدا دەردەکەون.

## پارتی کرێکارانی کوردستان «پەکەکە»

پەکەکە کە لایەنی سەرەکی پرسەکەیە هەر ڕۆژێک دوای لەشکرکێشی تورکیا ڕایگەیاند کە هاتنی ئەو هێزە بۆ بەرگرتنە بەتێکشکاندنەکانی داعش و پارتیشی بەشاردنەوەی ڕاستیەکان تاوانبارکرد. کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) لەلێدوانێکی نوسراودا ڕایگەیاند:»دوو ئامانجی دەوڵەتی تورک لە رەوانەکردنی هێزەکانی بۆ باشووری کوردستان هەیە، یەکەمیان بۆ ئەوەی موسڵ و دەوروبەری بکەوێتە دەستی هێزێک کە خاوەن هەمان عەقڵیەتی داعشە و ڕێگری بکات لەو هەوڵانەی شکست بە داعش دەهێنێت. دووەمینیش دەیانەوێت لە عێراق و باشوری کوردستانیش هێرشەکانیان لەبەرانبەر پەکەکە بەردەوام بکەن.



ڕاشیگەیاند کە تورکیا دەیەوێت بە ناردنی هێزی سەربازی بۆ باشووری کوردستان پارتی بخاتە نێو کێشەی شیعە و سوننە، بیانکاتە پارچەیەک لە سیاسەتی خۆی، لەگەڵ پەکەکە بەشەڕی بدات و پاشانیش ئۆپەراسیۆنی هاوبەش ئەنجام بدەن، لێدوان و سیاسەتەکانی پارتی لەو بارەیەوە داخوازی و بوێری زیاتر دەدات دەوڵەتی تورکیا، سەرباز و جبەخانەی زیاتر دەنێرێتە ئەو هەرێمانەی لە ژێر دەسەڵاتی پارتیدایە.

کەجەکە دەڵێت:»ناردنی سەرباز بۆ باشووری کوردستان، خەباتی هاوبەش و ئاڵوگۆڕی ئیستخباراتی لە نیوان تورکیا و پارتیدا، دوای سەردانەکەی مەسعود بارزانی بۆ تورکیا دژواربوونی

## هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێمەکانی

### دەوڵەتی تورکیا خۆی دەخزێنێتە ناو باشووری کوردستان تاوەکو لەلایەکەوە سەنگەری داعش و دۆستەکانی داعش بەهێز بکات و لەلایەکی دیکەوە سەنگەر دژ بە هەبوونی پەکەکە بگرێت

خۆبەڕێوەبەری، زیادبوونی هێرشە ئاسمانیەکان بۆ سەر هەرێمی پاراستنی مەدیا و گەریلاکان، نیشانی دەدات کە پەیوەندیەکانی نێوان پارتی و تورکیا هیچ خێر و سودێکی بۆ کورد نیە و ئەنجامێکی ئەرێنی لێناکەوێتەوە، تورکیا وەک چۆن باشووری لەبواری ئابووریدا داگیرکردوە، ئێستاش لەپاڵ داگیرکاری سەربازیدا ئامانجی داگیرکاری سیاسیشی هەیە، ئێمە بەهیچ شێوەیەک ئەو لەشکرکێشیە سوپای تورکیا لە باشووری کوردستان قبوڵ ناکەین، لەمرۆ بەدواشەوە بۆ وەدەرنانی ئەو هێزە هەوڵ و تێکۆشانەکانی خۆمان بەرفراوانتر دەکەین، هەتا دوایی لەپاڵ تێکۆشانی گەلی باشووردایین.

#### کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان «کەنەکە»

کەنەکە کەوەک چەترێکی سیاسی لایەنە کوردستانیەکان دەبینرێت و زۆبەی حزب و ڕێکخستنە کوردستانیەکان ئەندامیان تێیدا هەیە، وێڕای ئیدانەکردنی لەشکرکێشی تورکیا بۆ باشووری کوردستان ڕاشیگەیاند کە دەوڵەتی تورکیا خۆی دەخزێنێتە ناو باشووری کوردستان تاوەکو لەلایەکەوە سەنگەری داعش و دۆستەکانی داعش بەهێز بکات و لەلایەکی دیکەوە سەنگەر دژ بە هەبوونی پەکەکە بگرێت کە هیزێکی جدیی و کوردستانی و جەسوورە تا زەمینەی هێرشکردن بۆ سەر پەکەکە ساز بکات.

کەنەکە وتیشی:ئەمرۆ بە ناوی گوایە پەروەردەکردنی پێشمەرگەوە دەخوازرێت شەرعیەت بەهێنانی سوپای تورک بدرێت و ماسکی دۆستبوونیان لەگەڵ کورددا بە ڕووخساردا هەڵبوواسرێت، تورکیا نەک هەر



دۆستی کورد نییە، بەڵکو دوژمن و داگیرکەرە.
زۆربەی حزبەکانی دیکەی باشووری کوردستان بەدەرکردنی بەیاننامەکانیان دژ بە لەشکرکێشی تورکیا وەستانەوە، تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان لەبەرامبەر هاتنی ئەو هێزە لە چەندین شار و شارۆچکەی باشوور خۆپێشاندان و گردبوونەوەی ناڕەزایی ڕێکخست و جەماوەرێکی بەرچاو بەشداری ناڕەزایەتیەکان بوون.

**عێراق**

عێراق وەک جوغرافیایەک لە ململانێ هەرێمی و جیهانیەکاندا، لایەنی سەرەکی جەمسەری شیعەگەریدا جێگە دەگرێت، بەغداد لەژێر کاریگەری سیاسەتی تاراندایە کە سەرکێشی جەمسەرەکە دەکات، عێراقیش هەمیشە لەگەڵ تورکیا کە یەک لە کارەکتەرە سەرەکیەکانی هێلی سوننەیە دژبەربوون. لەشکرکێشی تورکیا بۆخاکی باشووری کوردستان ناڕەزایی توندی بەغدادی بەدواداهات، سەرۆکایەتی وەزیران و سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بەبەیاننامەی جیاواز داوای دەستبەجێ کشانەوەی هێزەکانیان کرد، بەپشێلکردن و دەستدرێژی بۆسەر سەروەری خاکی عێراق پێناسەی کرد، گەرچی وەک باسمان کرد لە ڕابردوودا تورکیا چەندین جار ئەو سنورەی بەزاندوە، بەڵام بەهۆی شەڕی جەمسەرەکان و دۆخی شەڕی عێراق و داعش کە تورکیا ڕۆڵێکی نەرێنی لەهاوکاری داعش دا تێدا دەبینێت، نزیک بوونەوەی هێزە سەربازیەکەی تورکیا لە دەسەڵاتداری بەغداد، وایکرد هەرزوو عێراق بە خەڵک و حکومەتیەوە دژبەو هێزە هەستنە سەرپێ.
مەرجەعی شیعەکان کە گرانی زۆریان لەسەر بڕیارە سیاسیەکانی عێراق هەیە، بەلێدوانی ڕەسمی داوایان لە حکومەت و خەڵکی عێراق کرد کە هەرچیان کردبێت هەبوونی هێزی تورکی لەسەر خاکەکەیان قبوڵ نەکەن.
ڕۆژی یەکشەممە 6-12-2015 ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراق بە سەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی لەسەر ئەو پرسە کۆبوونەوە، ئەنجوومەنی ئاسایشی رایگەیاند هێزەکەی تورکیا بەبێ رەزامەندی عێراق هاتووەتە خاکی وڵاتەکەمان و حکومەتی عێراق ئاگادار نەکراوەتە، بۆیە ئەو هەنگاوە بە ڕێزنەگرتن لە سەروەری عێراق و ڕێز نەگرتن لە وڵاتی دراوسێ دەزانین.
ڕۆژێک پێش کۆبونەوەکە حکومەتی عێراق باڵیۆزی تورکیای لە وڵاتەکەی بانگ کرد و یاداشتی ناڕەزایی پێشکەشکرد.
ڕۆژی 12.12.2015 هەزاران عێراقی لە دژی هاتنی سوپای تورکیا لە گۆڕەپانی تەحریری بەغداد خۆپیشاندانیان کرد و لەوێ ئاڵای تورکیایان سووتاند.
نوری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق و هادی عامری، ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی بەدر و فەرماندەی حەشد ئەلشەعبی ئامادەی خۆپیشاندانەکەبوون.
هادی عامری لەدژی هاتنی سوپای تورکیا گوتارێکی بۆ خۆپیشاندەران خوێندەوە و هەڕەشەی شەڕی دژ بەو سوپایە کرد.
عامری پێش ئەوە گوتارێکی لە زانکۆی موستەنسەرییە پێشکەشکرد بوو و گوتبووی: داگیرکاری تورکیا بۆ خاکی عێراق، بێ وەڵام نابێت و بە هەموو شێوەیەک ڕووبەڕووی دەبینەوە، ئێمە لەوە تێدەگەین پرۆژەیەکی هەرێمی هەیە بۆ دابەشکردنی عێراق، بەڵام شکستدەهێنێت، ئەگەر تورکیا تانکەکانی لە نەینەوا پاشەکشێ پێنەکات ئەوە تێکیاندەشکێنین.
حاکم زاملی، سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگری پەرلەمانی عێراق راگەیاند ئەگەر تورکیا هێزەکانی لە عێراق نەکشێنێتەوە، ئەوا وەک داعش مامەڵەی لەگەڵ دەکەین و رووبەڕووی دەبینەوە، وەک چۆن شەڕی داعشمان کردووە، بەو شێوەیە شەڕی تورکیاش دەکەین.
عێراق یاداشتی ناڕەزایی گەیاندە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان، ئەو ئەنجومەنەش بڕیاری دا سکاڵاکەی بەغداد تاوتوێ بکات، وەلێ

تائێستاش چاوەڕێی هەڵوێست لەو ئەنجومەنە دەکات.

### هەڵوێستی جیهان

لەشکرکێشی تورکیا دەنگدانەوەی لە ئاستی جیهانیشدا لێکەوتەوە، وڵاتانی ڕۆژئاوایی کە لەهەوڵی دارشتنەوەی دیزاینی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، هەر یەکیان لە ڕوانگەی بەرژەوەندی و پەیوەندیەکانی خۆیانەوە لەپرسەکەیان ڕوانیوە، ئەوان کە ڕاستەوخۆ پەیوندیدارن بە ئاڵۆزیەکانی ناوچەکەوە، هەوڵیانداوە هاوسەنگی لەنێوان لایەنەکاندا ڕاگرن.

کۆشکی سپی لەلێدوانێکدا ڕایگەیاند کە باراک ئۆباما ڕۆژی 18.12.2015 لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، داوای لێکردووە هێزەکانی تورکیا لە عێراق بکشێننەوە و گوتووشیەتی دەبێت ڕێز لە یەکپارچەیی خاکی عێراق و دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەو وڵاتە لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیدا بگرن.

سەرۆکی ئەمریکا جەختی لەوەش کردۆتەوە کە تورکیا دەبێ هەوڵی زیاتر بدات بۆ سەقامگیرکردنی ئارامی و کەمکردنەوەی کێشەکان.

یەکێتی ئەورووپاش لە بەیاننامەیەکدا پشتگیری تورکیای نەکرد و دوای کشانەوەی هێزەکەی لێکرد.

ڕووسیا کە بەهۆی خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی لەلایەن تورکیاوە لەشەڕێکی سەخت و سارددایە لەگەڵ تورکیا پشتگیری عێراقی کرد، ڕۆژی 07.12.2015 وەزارەتی دەرەوەی رووسیا لە روونکردنەوەیەکدا کاردانەوەی وڵاتەکەی بەرامبەر لەشکرکێشی تورکیا بۆ نزیک موسڵ ڕاگەیاند و ئیدانەی کرد.

لە روونکردنەوەکەی وەزارەتی دەرەوەی رووسیادا هاتووە: ناردنی هێزی تورکیا بۆ نزیک موسڵ، بە بێ خواستی حکومەتی عێراق یان وەرگرتنی مۆڵەت لێی، ئاڵۆزییەکی جدییە و وەک بابەتێک تەماشای دەکەین کە قبوڵ ناکرێت و بەڵێنی بەبەغداد دا کە پرسەکە بخاتە ئەنجومەنی ئاسایشەوە.

لای خۆیەوە ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبیش رایگەیاند کە بڵاوکردنەوەی هێزێکی سوپای تورکیا لە باکوری عێراق دەستێوەردانی ئاشکرایە لە کاروباری ناوخۆی عێراق و دژی ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکانە.

نەبیل عەرەبی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند: بڵاوکردنەوەی هێزی تورکیا لە باکوری عێراق دەستوەردانی ئاشکرایە لە خاکی وڵاتێکی عەرەبی و پێچەوانەی سەرجەم بەڵگەنامە نێودەوڵەتی و بریارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانە.

ئێران کە خۆی بە خاوەنی عێراق دەزانێت، خاوەن گەورەترین پێگەیە لە عێراق و باس لەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە هێزە سەربازیەکانیان لە عێراق دەکرێت و لە شەڕی دژ بەداعشدا لە چەند جێگەی ئەو وڵاتە فەرماندەی گشتی سوپای قودسی ئێرانی قاسم سولەیمانی بینراوە، ڕەخنەی توندی لە لەشکرکێشی تورکیا بۆ عێراق گرت و داوای کشانەوەی هێزەکەی کرد.

مەرزیە ئەفخەم وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران

**بەرگرتن بە بەهێزبوونی کوردی ئازاد لەناوچەکەدا و ڕێگرتن لە بەشداری هێزی هاوبەشی کورد لە ئازادکردنی موسڵدا**

سەبارەت بە لەشکرکێشی تورکیا بۆ نێو خاکی ئێراق وتی: کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر ئەو بڕوایەیە کە هەر کردەوەیەک یەکپارچەیی خاک و مافی سەروەریی وڵاتان بخاتە مەترسییەوە، دەبێتە هۆی ئاڵۆزتربوونی ڕەوشی قەیرانیی ناوچەکە و بیانوو دەداتە دەستی وڵاتانی بیانی بۆ دەستێوەردان لە کاروباری نیوخۆیی ئەم وڵاتانە.

### تورکیا بەتەنها مایەوە

کۆی گشتی هەڵوێستەکان نیشاندەدات کە جگە لە وڵاتانی سعودیە و قەتەر بەبێدەنگی و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقیش لەسەر ناوی وتەبێژی حکومەتی هەرێم پشتگیری تورکیای کرد. وڵاتان و لەسەروشیانەوە هێزی ناتۆ ئەو

## هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێمەکانی خۆبەڕێوەبەری، زیادبوونی هێرشە ئاسمانیەکان بۆ سەر هەرێمی پاراستنی مەدیا و گەریلاکان، نیشانی دەدات کە پەیوەندیەکانی نێوان پارتی و تورکیا هیچ خێر و سودێکی بۆ کورد نیە و ئەنجامێکی ئەرێنی لێناکەوێتەوە

لەشکرکێشیەیان وەک دروستکردنی پشێوی زیاتر لەناوچەکە و پێشێلکردنی سەروەری عێراق شرۆڤەکرد و داوای کشانەوەی بەپەلەیان لە ئەنقەرە کرد.
گەرچی تورکیا بەشێک لە هێزەکەی لە بەعشیقەوە بەرەو هەرێمی کوردستان کشاندەوە، بەڵام هەتا ئێستاش ئەنقەرە پێداگری دەکات لە مانەوەی هێزەکانیان لەوێ و بەپێداویستیەکی ناوچەکەی دەزانێت.
گەرچی تورکیا وای نیشاندا تورکیا بەشێک لە هێزەکەی لە بەعشیق کشاندوەتەوە بەڵام ئاشکرا بوو کە تورکیا لە دوو پیلانی پێشتر ئامادەکراودا بەشێکی کەم لە هێزەکەی کشاندەوە، یەکەم؛ لەکشانەوەدا بڕێکی زۆر چەک و تەقەمەنی بۆ چەتەکانی داعش بەجێهێشت و داعش لە شەوی 22 لەسەر 2015/12/23 بەو چەکانەی تورکیا هێرشی کردە سەر پێشمەرگە لەناوچەکە و لەئاکامدا ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە شەهید و بریندابوون.
دووهەم؛ پاش شکستی داعش لە ناوچەکە و نزیک بوونەوەی تێکشکاندیان لە موسڵ تورکیا ئەو چەتە تورکانەی ناردبوونیە ناو داعش لەگەڵ کاروانی گەڕانەوەی سوپاکەیدا گەڕاندونیەتیەوە بۆ تورکیا.

### دوو ئامانج

شرۆڤەکان وانیشان دەدەن تورکیا بەنیازە بەهێنانی هێزەکەی بۆ ناوچەکە، دەستبگرێت بەسەر سامان و نەوتی ئەو هەرێمەدا لەڕێی دروستکردنی هێزێکی دیکەی سوننە لەجێێ داعش بەیارمەتی پارتی و بارزانی، لەلایەکی دیکەش بەرگرتن بە بەهێزبوونی کوردی ئازاد لەناوچەکەدا و ڕێگرتن لە بەشداری هێزی هاوبەشی کورد لە ئازادکردنی موسڵدا، لەهەمانکاتدا لێدان لە پێگەی پەکەکە لە باشووری کوردستان و بەتایبەتی لە شەنگال.
بوونەوەی تێکشکاندیان لە موسڵ تورکیا ئەو چەتە تورکانەی ناردبوونیە ناو داعش لەگەڵ کاروانی گەڕانەوەی سوپاکەیدا گەڕاندونیەتیەوە بۆ تورکیا.



# پانوراما وەرگەریان و داهوریانێن كوردستانێ... دیتن و شرۆڤەكاری!!



سەید ئەكرەم خالد

ل ڤان چەند سالێن بوری دا، روژهەلاتا نافین تژی بویەرێن و وەرگەریان و داهوریانێن بلەز و تژی رۆیدانێن سەیروئەنتیكە بوینە، دناڤا واندا كوردستان كەڤتیە بەر رۆناهی و وەرگەریانێن نوی، ئەڤێ ژی داخویانی و شرۆڤەكاری پێ دڤێن، دمەیدانا كاروخەباتێ دا زۆر رۆل و كاریگەرییێن جودا جودا دهێن دیتن، هەردیسان مایتێكرن و كاریگەری ژی دهێنە دیتن، دناڤا ڤاناندا رۆل و كاریگەرێن سێبەری و بەرزەیی ژی دهێن دیتن، گرێدان و دەستهەڤسارکرن ژی برێڤەنە و برۆل و كاریگەری تێک دتەشقلن و تەڤلهەڤیا خو هەنە. ..ئەڤان هەمیان پرس و بەرسڤ، هەلاویستی هێلانە و یاگرنگە، پرس بێنە كرن و بەرسڤێن رون و شەفاف بێنەوەرگرتن، ئەڤە ژی دبیتن ئەركێ، یێن تایبەتمەن و یێن دكارن خاندن و شرۆڤەكاریان بجێ بینن و ل رەوشێ بخودان دەركەڤن، یێن وەک مەژی خاندەڤانن، لێ خاندەڤان ژی دڤێتن برۆل و ئەركێ خورابیتن و لڤێرە ل گورەی بەرومنێن خو ئەز ژی دێ هندەک پرس و داخویانیان هاڤێژم مەیدانێ و بمەرەما هندێ، یێن دزان و یێن پرس دكەڤن ئالیێ وان و دەرحەقێ بەرسڤدانێ دەردەڤ بێنە جەواب و بمەرەما هندێ خزمەتەک گشتی و تەڤگەری بێتە كرن. ئەڤ تەڤلهەڤی وتێكەل و پێكەلیا هەی برونی وبەرچاڤی بكەڤیتن مەیدانێ، بونا كاربدەست و یێن جێ بەجێ كرنا پرسا، دكەڤیتن سەرمللێ وان بباشی دەرحەق پرساوەرن و بكارن كارەكێ جدی بو خزمەت و برێڤەبرنێڤە بباشی و جدیەت و ساخلەمی رۆلێ خویێ نیشتیمانی و نەتەوایەتی بلەیزن و كار بكەن، لەومان ل ڤێرە بكورتی هندەک خال و مژاران دێ دیار و شرۆڤەكەم لگورەی هزروبیرێن خو.




1- رۆیدانێن بهارا عەرەبی:

ل دو سێ سالێن بووری دا ل دنیایێ و بنەخاسمەیی ل دەڤەرا عەرەبی سەرهەلدان و گورینكارییێن مەزن هاتن رۆیدان و دئەگرێ دا هەرئێک ژ رژێما(تونس، مسر، لیبیا، یەمەن) گورینكارییێن جەوهەری تێدا درۆست بوون، ئەڤەژی دئەگەرێ پەیدابوونا

هوكارێن ناڤخويى و دەرڤەدەرى دا و بنەخاسمەيى دئەگەرێ سەرهەلدان و نەرازيبونا جەماوەرى دا، ئەڤ گورينكاريە ئەگەر چى و ل گورەى ديتنا زۆربەى شلوەكاران، ڤێ بهارا عەرەبى درولێ خودا شكەستن ئينا و نەگەهەشتيە ئەرمانجێن خو، لێ بەهرحال گورينكاريا هندەک رژێم و دەستهەلاتا دكتاتورى و تاكە حزبى و سەركرداريا قومانداری هاتە گورين و دئەگەرێ دا دەستهەلاتێن چەندايەتى و بئيدارە و راگەهاندنا چەندايەتى(تەعەددى) هاتنە ديتن و داناندن، ژ بلى هندێ كو بەرەلايى و خرابكارى ئاليەكى و ژئاليێ دى بسەروكاتيا توركيا و سعوديا، وەكى جووت دەولەتێن سەركێشيا تەيارێ سونى، ژبلى هندێ ل دەمەكێ درێژبو دەڤەر توشى دورهێل و هەڤركيا بەرەيێ رۆژئاڤا دا بسەروكاتيا ئەمريكا و بەرەيێ رۆژهەلات يێ كو دهێتن ديتن د سەروكاتيا يەكێتيا سوڤياتى ياكەڤن و رۆسيا نها، تاكو نهاژى رەنگڤەدان و دەنگڤەدانا ئايديولوژيک و كارتێكرنێن وان دهێتن ديتن، دكوماڤێ دياركرنا مەدا، هەڤركى و گورينكارييێن دەڤەرێ خودبينن و دهێنە بريڤەبرن، تشتێ دى يێ ژ هەميێ گرنگترێ

## «ڤێ بهارا عەرەبى درولێ خودا شكەستن ئينا و نەگەهەشتيە ئەرمانجێن خو»

وتيرۆر و توقاندن ل دەڤەرێ برەنگەكێ بەرفرهە و بەربەلاڤ هاتە ديتن، دئەگەرێ دا هێز و بزاڤ و تەيارێن دى پەيدا بوون چ دئيناندن و پەيدا كرنا بيروهزراندا يان ژى دسەرهەلدان و پەيدابوونا تەيار و رەوتێن توندوتيژو تيرۆرستى دا، ئەڤە ژى دهێتن ديتن برەنگەكێ، نەخاسمەى ل عێراق و سوريێ دا و دئەگەرێ پەيدا بوونا هێز و تەيارێن تيروستى دا يا كو دهێتن كوم كرن د دەولەتا ئيسلامى يا عێراق و شامێ دا (داعش) ل عێراق و سوريێ دا، ئەڤێ هێزێ هەمى دەڤەرا رۆژهەلاتا ناڤين هەژاند نە و نەخاسم پاشى گرتنا ميسل و ئەنبار و سێ گوشەيا سونى، هەرچەحندە بەريا وێ مەساحەتێن زۆر مەزن ژئاخا سورى لبن دەستێ واندا بويە و ئەڤ هەمى دەڤەرە توشى شەرهكێ گران و كوشتارگەهێن مەزن ببوون، چول و هول كرنا دەڤەرێن زۆرا مەزن بەردەوام بوون..دئەگەرى راگوهاستن و دەربەدەريا مليونەها خەلكێ سڤيل و خەلكێ دەربەدەر، ديمەنێن برس و تژى زولم و زورى دروست كربوون.

دەڤەرا رۆژهەلاتا ناڤين دەڤەرەكا زەنگين و زور گرنگە، چ ل دەمێ بورى و چ ژى ل نها و داهاتى دا، ژ بەر هندى ئەڤ دەڤەرە هەردەم بويە جهێ هەڤركى و خوپالافتنا دەولەتى و هەرێمى، دڤێ ئەگەرێ دا بەرژەوەندى و ئايديولوژيكێن ژێک جودا و هەڤرک پەيدابوون و كەڤتن ناڤا شەرەنيخەكا گران، كاڤلكارى و وێرانكارى هاتن بريڤەبرن، ژوان هەڤركيا دومدرێژ و دژوارا سونى و شيعى و بسەروكاتيا ئيرانێ ژ ئەوە بهێتن گوتن، دەولەتێن دەڤەرێ و نەخاسم توركيا، ئيرانێ، سعوديێ پشتەڤانى و پالدانێن مەزن كرن، بونا زێدەكرنا تيرورا جەسەدى و هزرى ل دەڤەرێ و نەخاسم ل دەردورا هەرێمێن كوردستانێ بونا خورت كرن و كويركرنا پێگەو و بەرژەوەندێن خو، دئالێ دى دا، هەرديسانێ پلان و بەرنامە رێژێێن وان دبەردەوامن بو لێدانا كێشەيا كوردى و بونا كێشا كوردى وەرارێ بخوڤەنەبينيتن و توشى زەربەكى ببيتن!!.

هەر ژبەر ڤێ رێكخستنا دەولەتى يا تيرۆرستى بناڤێ(داعش) دەست بهێرشێن تژى هوڤاتى كرن، ل سەردەڤەرێن كوردستى، يێن كو دكەڤن دەڤەرێن عەرەبشين كرى، بناڤێ(دەڤەرێن كوردستانێ يێن دەرڤەى هەرێمێ)، نەخاسم ل ناوچەيێن( شنگال، زومار، دەشتا ميسل، سعديە و جەلولا، دووزخورماتوو.....).

دڤان دەڤەراندا كوشتارگەهێن زور مەزن بريڤەبرن و نەخاسم ل شنگالێ بسەدەها هزرا خەلک دەربەدەر بوو، بهزارەها ژنێن ئێزدى گرتن و كرنە سەبايە، بدەهان هزر مێرگرتن و هندا كرن، كريارێن نامروڤايەتى و ل ديڤ هەمى بريڤەچوونێن نەمروڤايەتى دانە دووماندن، دئەگەرێ دا زێدەى ئێک مليون و نيڤ خەلک ئاوارەى كوردستانێ بوون و توشى هەمى رەنگێن ئێشاندنێن هزرى و جەستەيى بوون، ئەڤە هەمى هاتنە بريڤەبرن ل دەمەكى هەرێما

کوردستانێ لبن هرەشە و گڤاشتنێن هەرێمی و بنەخاسمەیە لبن گەفێن دەولەتا مەرکەزی دا کەڤتیە بن قەیرانەکا گران اداریی دا.
نهاژی ژبلی هەرەشە و قەیرانێن دەڤەرێ و نەخاسم دئالیێ ئابوری دا، هەرێماکوردستانێ و لباشور ئیدارەیێ دکەتن لبن گڤاشتن و تێک تەشقلینا بەرژەوەندیێن ناڤدەولەتی و بتایبەتی ژلایێ ئیران و تورکیا ڤە، تاکو وەسان دهێتن دیتن و شوبهاندن، هەروەچکی هەرێم هاتیە دابەش کرن، لبن سێبەر و سها تورکیا و ئیرانێ دا، لبن کارتێکرنا وانان ژیان و ئیدارەیێ دکەتن، لێ سەرەرای ڤێ هەمیێ ژی، دهەرێمێ دا یەکگرتنا رێزێن هێزوبزاڤێن کوردی و کوردستانی ناهێتن دیتن و دووبەرەکی و دووبەرەیێن هەڤدژ تێدا دیار و ئاشکرا دهێن دیتن و ئەڤەژی خەتەرەکە و نەئارامیێ ل دەڤ هەرتاکەکێ کوردی و کوردستانی دروست دکەتن...لەوما لڤێرە دهێت داخازکرن، هێزو لایەنێن کورد و کوردستانی بەرەیێن خودروست بکەن و یەکێتیا خو پێک بینن، تاکو بشێن هەمبەری ڤان خەتەرا راوەستن و بسەرکەڤتن دەستکەڤتێن مللەتێ خو بپارێزن.

2- رەوش و بارێ عێراقێ و رۆلێ بەغداد(ناوەندێ):

راستە دەڤەرا دوولا هەردووک رۆیبارا(عێراقا) نوکە، جهەکێ کەڤنار و گرنگە ژ هەمی لایەکێ ژیانێ چ وەک دێرۆک و شارستانیەت یان ژی وەکی مەلبەندەکێ ئابوری و زەنگین بسەرچاوەیێن خو یێن سروشتی، ژلایێ نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی هەمەرەنگی و هەمە دەنگی پێڤەدیارە و دگەل هنێ دا، خەلکێ دەڤەرێ لکەڤن و لنها دا ژیانەکا تژی زەمحەتی و هەڤرکی و تژی شەروپێکدادان و وێرانکاری بوراندیە و ئەڤ وەلاتە ل سەرخاست و حەزکرنێن خەلکێ دەڤەرێ نەهاتیە دروست کرن، هەردیسان ژی دسەدسالا بوری د هیچ رژێمێن دیموکراتی و دادپەروەری ژی تیدا دروست نەبوینە، لەومانێ دناڤا هەڤرکی و ژێبرنا ئولی و نەتەوەیی دا، خوینرێتن و تالان و وێرانکاری دبەردەوام بووینە لڤی وەلاتی...رژێمێن دکتاتووری و نفشیەرێسی ئێک ل دوویڤ ئێکی، بدەستەکێ ئاسنی دەستهەلاتا ڤی وەلاتی کریە و ماف و ئەرک بن پێ کرنە، ئازادی زەبت کرنە، ڤی وەلاتی تەناهی بخوڤە نەدیتیە تاکو خوشیێ بسراوەت و سامانێ خو ببەتن و تەناهییێ و ژیانەکا باش بو خەلکێ ڤی وەلاتی دروست و دابین بکەتن.
نها ژی ئەڤ وەلاتە دناڤا کاڤلکاری و وێرانکاریێ و جوودابوونێ دا ئیدارە و ژیانێ دکەتن، وەلاتی، سێ دەڤەری و سێ دەستەلاتی و سێ مللەتینی پێڤە دیار و ئاشکاریە(کوردی، عەرەبی سونی، عەرەبی شیعی) ژبلی نەتەوە و ئولێن دی یێن دهێنە دیتن... هەر ئەڤەژی ئەگەرێن دیار و بەرچاڤ بونا هەبونا شەروکاڤل کارییێن بەردەوام و کوشت و کوشتارگەهێن زور مەزن ل کەڤن و ل نها ژی.

ئەڤێ رەوشێ و ئەڤان هەڤرکاتیان کارتێکرن دروست کرن، ل سەر رەوش و ژیانا خەلکێ کوردستانێ ژی و نەخاسم لبن دەستهەلاتا جووت حزبی دا، دڤێ ئەگەرێ دا رەوشێن خوینا وی و رویدانێن بکاڤل کاری و دابەش بوو نێن ئیداری و هەرێمی دروست و دیار بوون، تاکو رەوش گەهشتیە وێ هندێ، دەڤەر دەڤەرکانێ پەیدا ببیتن و لایەک بکەڤیتن بن زوما ئیرانیزمێ و یادی بکەڤیتن بن زوما ترکیزمێ.



3- داعش و کاتێکرنا داعیشمێ:

ئەڤە رێکخراوەکا تیروزیزمیا ئیسلامیە و ژ کویراتیا رێخراوا قاعیدەیا دروست بویە بسەروکاتیا ئوسامە بن لادنێ سعودی ل عێراق و شامێ بسەروکاتیا ابوبەکرێ بەغدادی، ئەڤ رێکخراوە هاتە پشتەڤانی و دروست کرن بهاریکاری و پشتەڤانیا سعودیا، تورکیا، ئیمارات... پشتی خورتبونا بنەماییکێن دەولەتا ئیسلامیا شیعی ل عێراقێ ل سەردەمێ نوری المالکی و پشتی بلندبوونا دەنگێ دروست

بوونادەولەتا کوردی ل باشور، ئەڤ رێکخراوە برەنگەکێ ئاشکرا هاتە پشتەڤانی کرن بو بەرهنگاریا نفوزێ ئیرانی و خورت بونا بهێزبوون و ئاڤابوونا دەولەتا شیعەگەری ل عیراقێ د ئالەکی دا و دئالێ دا بونا بەرهنگاری و لێدانا دەستهەلات و بێ دەنگ کرنا دەنگێن دەنگویا ئاڤاکرنا دەولەتا کوردی.

لێ کوشتارگەهێن گشتی، چوول و هول کرنا دەڤەرێ، تیکدانا شوینوار و جهێن پیروز، گونەهبار و هەرفاندنێن ڤێ رێکخراوێ، دئالەکی دا هەماهەنگی و ل هەڤهاتن دروست کرنە ل کوردستانێ و ل ئالێ دی پشتەڤانی کومەکی بو هەرێمێ بدەستڤە ئینانه و وەرگەریانە و پێشداچوونەک ئێخستیە کێشەیا کوردی برەنگەکێ گشتی و تەڤایی و ئێدی کورد وەکی هێزەکا خورت و بوێرەکی ل هەردوونیایێ هاتە ناس کرن، ئەڤە ژی ژبلی هێز و خورتینە بو مللەت و بو کێشا کوردی، ساخکرنەک و ساخلەمیەکێ ددەن دیار کرن چ ل دەڤ کوردان و چ ژ ل دەڤ وان هێزێن کاریگەر و هەڤدژ دگەل تیروورزمێ دا، ئیدی کورد مللەتەکە و دشێتن ئیدارا خوبکەتن و هێزا پاراستنێ ل دەڤ هەیە و گەرەکە رێک بوب هێتن خوش کرن، تاکو کیانێ خوبخویی بخودانن و پاراستنا خو بکەن و بشتەڤانی و هاریکاریا هێزێن ناڤدەولەتی وەرگرن، لێ مخابن کورد تاکو نها ژی نایێتن دیتن ڤێ دەلیڤێ وەرگرن و ئەگەرێن ژ دەست چونێ هەنە!!!.

راستە هەر ئێک ژ تورکیا وئیران دەولەتێن کەڤن و مەزن و کاریگەرن و هەرئێکێ ژ وان کارتێکرن و کاریگەریا خو هەیە و هەرئێکێ ژ وان چاوان دەست هەیە دلڤاندن و ئاراستەکرنا هیزێن کوردی و کوردستانی دا، هەربوی رەنگی و بەلکی برەنگەکێ کاریگەرترژی رول هەبەیە دئاراستەکرن و خورت کرت کرنا هێزو رێکخستنێن تیرورستی دا، نەخاسم تیرۆرستێن داعش، دەستێ هەرئێکێ ژ ئیران و تورکیا هەیە دئاراستەکرن و پرچەک کرنا ڤێ هیزێ دا، ل گورەی بەرژەوەندی و ستراتیژیەتێن خو، بزاڤ پێ کرن و دانە شولی، تاکو ل گورەی حەزکرن و بەرژەوەندیا وان، دەڤەر بێتن میزان کرن و بەلەنزێ هێزان بهێتن دروست کرن و پەیادە کرن، دیسان دهێتن دیتن هەماهەنگی و هەڤکاریەکا ڤەشارتی هەبیتن لناڤبەرا ئیران و تورکیا دا، دناڤبەرا ڤێ دا، تورکیا بەرژەوەندییێن ئابوری هەنە و ئیران پاراستنا وانان پێکدئینیتن و دپارێزیتن و بەرامبەری وێ ئیرانێ بەرژەوەندیێن ئەمنی و پاراستنی هەنە و تورکیا ژبونا ڤێ رێکێ خوش دکەتن کویراتیا هیلالێ شیعی ل عێراق و سوریێ رێخوش کرن و پشتەڤانی لێ بهێتن کرن، ل سەر ڤێ چەندێ بلوک بەندی هەنە و دهێنە دیتن دبەرژەوەندییێن خو دناڤبەرا هێز و تەیاراتێن دەڤەرێ ژی دا دپارێزن.

> **دەڤەرێ دابەش بوون و بلووک سازی بخوڤە دیتینە، ژبەرکو شێست ژ سەدێ خەلکێ عێراقێ شیعە مەزهەبن و چل دەرسەدێ کورد و عەرەبێن سونینە**

### 4- رۆلێ هێزێن هەرێمی و ناڤدەولەتی:

وەکی لبەریا نها مەدایە دیار کرن، گرنگیا ڤێ دەڤەرێ ژ رویێ ئابوری و هەل ومەرجێن بابەتی و هەرێمی و نەخاسم دوارێ سیاسی دا، هەر زور ژ کەڤن دا شەرو هەڤرکیێن خویناوی لڤێ دەڤەرێ دهێنە دیتن و برێڤەبرن، دەڤەرێ دابەش بوون و بلووک سازی بخوڤە دیتینە، ژبەرکو شێست ژ سەدێ خەلکێ عێراقێ شیعە مەزهەبن و چل دەرسەدێ کورد و عەرەبێن سونینە، هەردیسانێ کێماتیەکا کاریگەرا شیعان هەیە ل هەرئێکێ ژ سوریێ و لوبنانێ و ئەڤ کێماستیا شیعی بخورتی هاتیە ئامادەکرن و تیژ کرن، بهزروبیرێن شیعەگەری و ئیران لوی هیلالی بالا دەستە و بخورتی و کریار، لوێرە بالا دەستە، هەردیسان تورکیا ژی هەست بڤێ چەندێ کریە و دەست دایە خوپاراستنێ، دناڤ عەرەبێن سونی و کەمینەیا تورکومانی دا، هەر ل سەرڤی بنیاتی تورکیا و سعودیا پشتەڤانی و هاریکاری دانە داعش، بمەرەما هندێ دلایەکی دا هەبون و کارتێکرنا شیعان کێم بکەتن و هەم ژی هەبەری پێشکەڤتن و پیشداچوونێن کوردان راوەستیتن، نەخاسم لباکور و بنەخاسمەیی ترێ

هەمبەری پێشکەڤتن و پێشداچوونێن کوما جڤاکێن کوردستانی(کەجەکە).

ئەڤ شەرێ تیرۆرا داعش دکەتن، ترازی و بلوک بەندیا دونیایێ گورین و یێ نوی دروست کرنە، پشتەڤانیا بەردەواما تورکیا ژ داعش، ئەمریکی و ئەورروپی تورە کرنە، دیسان ئاشکرابوونا ئیمپراتوریەت بوونا تورکیا گەفەکا دیە ل سەردەڤەرێ و ل سەربەرژەوەندیێن ئەمریکا و ئەورروپا، دئالێ سیان دا تورکیا بویە بارەکێ گران ل سەرئەورروپا و پێشەسازیا ئەورروپا ڤەگوهاستیە توریکیا و دەست بسەر بازارێن رۆژهەلاتا ناڤیندا گرتیە و ئەڤەژی دبنە تەنگاسی و دلساری بو ئەورروپیان، ژ بەرهندێ دهێتنە دیتن، ئەمریکا و ئەورروپا ئێدی دەست ژپشتەڤانیا تورکیا بەردەن و ل شوینا وێ پشتەڤانیا کوما جڤاکێن کوردستانی(کەجەکە) بکەن، چونکی کەجەکە بویە هێزەکا کاریگەر و دکاریتن دەڤەرێ بپارێزیتن و نەخاسم پشتی گرتنا تلبەراک و تلحەمیز و پاراستنا کەمینێن وێ دەڤەرێ و جهگرتنا وان ل ناڤ کانتونێن رۆژئاڤادا، نەخاسم پشتی هەلبژارتنێن بگەرم و گورێن بەلەدیان ل جزیرێ!! دیسان ئیران ژی بویە هێزەکا کاریگەر و ئێدی ئەمریکا خەریکە دان و ستاندنان دگەل دا دکەتن و رێک لبەر خوش کرنە دپاراستن و پاقژ کرنا عێراقێ دا.ئێدی دەم هات لێک گورین و پێک گورینا هێز و بەرژەوەندیا ل دەڤەرێ دروست ببیتن و پێگوریک تەمام ببن و ئیران جهێ تورکیا بگریتن، یان ژی بهەڤسەنگی سەردەریێ دگەل دا بێتن کرن.

**5- ئەردوغان وەکی هرچێ سواری کورسیکێ بویە و وەکی رویڤی سیاسەتێ دکەتن:**

ئەردوغان سیاسەتمەدارەکێ حیلەکەر و شارەزایە، هەردەم شکەستنێن خو یێن سیاسی دکەتن ستویێ خەلکێ دی و سەرکەڤتنێن خەلکێ دی بخو حسێب دکەتن، بمن وەرە ئەڤ رۆل و لەیزتنا وی، پیڤەرە بو حیلە و حەوالێن وی، کێش و پیڤانا وان قیاس دکەتن، ژبلی هندێ ئەڤە شەرمەک و فهێتیەکە بو وی، چونکی سیاسەتا بحیلە و حەوالە یادەم کورتە، دوماهیکا وێ دبیتن نوسیبەت و شکەستن بو خودانێ، ئەردوغان بتەریقە و سوفیگەرییا رێکا

# ئەردوغان سیاسەتمەدارەکێ حیلەکەر و شارەزایە

نورسی خوگەهاندە نەجمەدین ئەربەکان، تاکو جهێ پێن خو موکوم کری و نەخاسم پاش سەرەدانا نەجمەدین ئەربەکانی بو لیبیا، کێشە وەرگرت و کودەتایەکا سیی ل سەرنەجمەدین ئەربەکان کر، بو مریدێ فەتحولا گولەنی و برێک و هاریکاریا وی گەهشتە کورسیکا دەستهەلاتێ و پاش خورت کرنا دەستهەلاتا خو، کودەتایەکا رەشا نەبەرگرتی ل سەر تەیارێ فەتحولایی ژی کر، ئێدی پرۆژێ ئاشتیێ یێ کو عبدولا ئوجلانی داناندی، کرە پرۆژێ خو و لگورەی حەزکرن و ئاڤاکرنێن خو، بانگەشە بو کرن و هەول دا کەجەکە و عەبدولا ئوجەلانی ژێک جودا بکەتن، ئەڤە بخو سیاسەتەکا رەش و کرێتە ئەردوغان، پیادە دکەتن، جار هەول ددەتن هەدەپێ و بەدەپێ دگەل قەندیل ناکوک بکەتن و جاران ژی بزاڤێ دکەتن قەنیل و عبدولا ئوجەلانی ژێک جودا بکەتن، ئەڤە سیاسەتەکا شکەستی و قرێژیە، ئەو لبەرخودگریتن، بپشت راستی ژی دبێژم، ئەوا دهێتن دیتن دکریار و برێڤەچوونێن وی دا، ئەو نەخوشیێ کورسیکێیە و هەمی خەونێن وی ئەون، ئەو زەلامێ بەریا هەشتێ سالان نەخوش کەڤتی و مری ساخ بکەتن و بلاوی بینیتن مەیدانێ و ئیمپراتوریەتا عوسمانلی بدەتن ئاڤاکرن، بونا ڤێ یێ ئامادەیە هەرتشتەکی بکەتن، ئەو پشتەڤانیا چەندین سالە ئەمریکا و ئەورروپا بو کری، بکارئینانەدن بونا ئاڤاکرنا ڤان مەرەمان، تاکو نوکە مەرەما وی ژی ژ پرۆژێ ئاشتیێ تەنها بورینا دەمی و وەرگرتنا دەلیڤایە، دا کو ئەرمانجێن خو خورت کەتن و ل گورەی بەرنامە و پلانێن وی بو داناندین...لێ شارەزایی و هزرمەندیا کەجەکە و بسەروکاتیا عبدولا ئوجەلان بهوستاکاریا وان، شیان پلانێن وی سەر نوخین دکەن و مەرجێن خودهاڤێژن مەیدانێ و بساخلەمی گاڤادهاڤێژن، ئێدی دەرفەت ل سەردەرفەتێ ژێ دچن و دەم دبوریتن و ئەو حیلێن وی داناى بسەرێ وی دا دشکێن...لێ

یا جهێ حێبەتێ و مخابنیێ، دەستهەلاتا بادینان وەکی سێبەرا وان دهێتن دیتن و خەریکە یەکگرتوو و بزاڤا گوران و حزبا سوشیالست و شویعی ژی دێ کەڤن دەردە کوکینا وێ و بنە سێبەرا سیبەرێ و ئەڤە خەلەتیەک و شاشیەکا مەزنە و گەرەکە بهێتن راست کرن و بهشیاری گاڤ و حەرەکەت بهێتن برێڤە برن، د کوما ئیدارەکرن و پەیادەکرنا سیاسەتا ئاڤ پارتی و ئەردوغانی دا، دهێتن دیتن ئەردوغان وەکی هرچێ سواری کورسیکێ بویە و وەکی رویڤییەکی سیاسەتێ دکەتن. لەومانێ دڤێتن کورد و کوردستانی هەردەم دهشیاری و ئامادەباشیێ دابن، تاکو بشێن خوژ تلهە و خەفکێن وانان دەرباز بکەن و بشێن بهزر و شیانێن خو و بسەلامەتی و ساخلەمی گەمیا خو دەربازی کەنارێ تەناهیێ بکەن.

### 6- هێز و لایەنێن کوردستانی:

دابەش بوون و رێبەندییا ل دەڤەرێ دهێتن پەیادەکرن، کارتێکرنەکا نەگەتیڤ و دابەش بونەکا خراب ئێخستیە ناڤ رێزێن هێز و بزاڤێن کورد و کوردستانی، ئەو بلوک سازیا سەردەمێ شویعیەت و ئیمپریالیستی نها ژی سیبەرا وێ دهێتن دیتن، بسەروکاتیا ئەمریکا و روسیا و تورکیا دکەڤیتن ناڤ بەرەیێ ئەمریکی و ئیران دکەڤیتن ناڤ بەرەیێ رۆسی، ئەگەر ئەم هویر نێرین و کویر نێرینەکێ دهێز و قەوارەیێن کوردی دا بکەین، دێ بینین، هێزێن کوری بوینە سێ بلوک لناڤ خویی، پارتیا دیمورکراتی کوردستان و هەڤال بەندیێن خو دگەل بلوکێ تورکیادانە و خودان هێزەکا ئابوری خورتن، یەکێتی نیشتیمانی خودان هێزەکا مەزنا پەرش و بەلاڤ و بێ سەرگێری و خودبینیتن دگەل بلوکێ ئیرانێ و دگەل هەڤال بەندێن خودا، لێ ڤێ خەتێ خوگرتیە دگەل قەندیل و کەجەکێ و ئەو هێزا دوێ دا بەرزەبوی ژ کەجەکێ وەردگریتن و خو پێ ب هێز دکەتن...کەجەکە و قەندیل و هەڤال بەندێن خو ژی دبنە هێزەکا مەزن و خورت و وەکی هێزا سیان ل کوردستانێ و ناڤ کرینە ببلولکێ ئاپوجی، خودان بەرنامە و ستراتیژیک و تەکتیکێن سەرکەڤتینە و پێن خو ل سەرئەردێ موکم کرینە ل سەر پرۆژێ رێگەچارەیا نەتەوا دیموکراتیک، یێ کوژ ڤەرێژا هزروبیرێن سەروک عەبدولا ئوجەلانی هاتیە هونین

## کەجەکە و قەندیل و هەڤال بەندێن خو ژی دبنە هێزەکا مەزن و خورت

و ئاڤاکرن و کوژ ناڤا فەلسەفا عەبدولای سەرچاوە وەرگرتیە و دبیتن رێگەچارەیەکا ساخلەم، نەک بو خەلکێ کوردستانێ، بەلکی بو هەمی گەل و مللەتێن هەرێمێ و دونیایێ بگشتی و ئەڤە دبیتن بیا ڤەکێ ساخلەم بو گەلەک چارەسەرییێن دونیایێ نەخاسم دوارێ پێکڤەژیان و ساخلەمیا جڤاکی و نیشتیمانی دا. جونکی بیروهزرێن داناندنا ڤی پرۆژەی ژ کویراتیا تاقی کرنێن سەرکەڤتی و شرۆڤەکارییێن راست و ساخلەمێن دێرۆکێ سەرچاوە وەرگرتیە و ژن کریە ژیان و چارەسەری درۆلێ ژنێ و د دەستەبەرکرنا ماف و ئازادیان دا هاتیە دیتن، ل سەربنیاتێن خوگر و ساخلەم و برێداچوون ورۆهن و تەندروست رەئی و دەنگێ خەلکی ژی هاتیە وەرگرتن و کریە پێڤاژویەکا سەرکەڤتی.

لەومانێ لڤێرە هەمی هێزێن کورد و کوردستانی، داخاز کرینە دگەلک دا، کوم ببن و بکەڤن ناڤا مزاکرەت و بتێ گەهشتن شرۆڤەکاری و رێگەچارەیان بدانن و دروست بکەن، خوبکەن بەرەیەکێ موکم و یەکێتیاخو دروست بکەن، بساخ و ساخلەمی و برێگەچارەسەرییێن زانستی رێگەچارەسەریەکا موناسب بخودانن و سەربەخویا خو بپارێز و بریارا خو بتەندروستی بدەن و بکەڤن کار و خەباتێ، تاکو کوردستان یاپاراستی بیتن و چارەنوس یێ دیار و پاراستی بیتن و ئەم ببین خودان وەلاتەک و ڤی وەلاتی ماف و ئازادی تێدا دپاراستی بن و دەست هەلات ژ خەلکی و بو خەلکی بهێتن ئاڤاکرن.

### 7- پرسا دەولەت بوون و خوسەریا خەلکێ کوردستانێ:

کورد ل دەڤەرێ مللەتەکێ کەڤنار و خودان دەستهەلات و شارستانیەت بوینە، دئاڤاکرنا ئیمپراتوریەت و دەولەتێن هەرێمێ دا و نەخاسم ل دولا میزوبوتامیا کوردان، رۆلێ گرنگ و سەرەکی هەبویە، نها ژی

# کوردستان وەلاتەکێ زور زەنگینە بخەلک و سرۆشت و دێروک و سەرچاوەیێن خو یێن سروشتی، شیانێن هندێ هەنە دەولەتەک خورت تێد ابهێتن ئاڤاکرن

رۆلێ کوردان زورێ گرنگ و کاریگەرە، کوردبوونە هێزەک هەرێمی و دبیتن جهێ خو گرتبیتن ژی لناڤا پارسەنگێن ناڤدەولەتی ژی دا، ئەڤە بوو کوردان سەردەمەک و بیاڤەکێ زورباش و گرنگە، گەرەکە دەلیڤا وەربگرن و خودروست بکەن و بریارا خو ساخلەم کەن و بساخلەمی وەربگرن، کوردان ل درێژاهیا دێرۆکێ گەلەک دەلیڤە ژێ چووینە و دهێتن چاڤەرێ کرن، دەلیڤێن بهێن ژی ژ دەست بچن، چونکی یەکێتی و ساخلەمی ناهێتن دیتن، کوردا ئەگەر بەرهەمێن سەرهەلدانا سالا 1991ز بساخلەمی وەر بگرتبانە، دبیتن پاش دەربازبوونا چەند سالێن کێم شیابانە دەولەتا خویا سەربخو راگەهاندبایە، لێ مخابن شەرو هەڤرکیێن حزبی دەلیڤێن زێرین هندا کرن، ل پاش ئازادیا عێراقێ و ل سالا 2003ز دیسان کوردان ئەگەر یەکێتیا خو دروست کربایە و بساخلەمی رێگەچارەسەری دانابانە و پادەکربانە بساخلەمی دیسان نها ژمێژابایە کورد ببانە خودان دەولەتا خویا سەربخو ، لێ نها و لڤان کاودانان و بڤی دەست و داری راگەهاندنا دەولەتێ گەفە و ساخلەمی ناهێتن دیتن، راگەهاندنا دەولەتێ بگوتن بساناهیە، لێ شەرت و مەرجێن وێ هەنە و شەرت و مەرج ژی ل دەڤەرا رۆژهەلاتا ناڤین زۆرگران و بمەترسینە، ژ بەرهندێ هەر بەحس و شرۆڤەکارییێن بئاشکراهی ل سەر دەولەت بوونا کوردا بگەف و ئاستەنگی دهێنە پێشوازی کرن، بلا شەرت و مەرجێن دەولەت بوونێ حازروئامادەبن و راگەهاند نەئارێشە و ئەگەر کوردا شەرت و مەرج دروست کرن، ئەو بخو دەولەتن و بێ راگەهاندن و لهینگێ راگەهاندن ژی نابیتن دەردوئاستەنگ...بمن وەرە نهاشەرت و مەرج زۆر گران بوینە و دڤێتن بهێن پێکئینان‌دن، بەری راگەهاندنێ و ئەز بکورتی دناڤا ڤان خالان دا شەرت و مەرجان کوم دکەم:

1- **دروست بوونا یەکێتی یا کورد و کوردستانیا** و کوک بونا وان ل سەربەرنامە و پیادەکرنا بەرنامەیا بساخ و ساخلەمی و بێ گرێدان و خار و خاڤی... دبیتن یەک بگرن و بیەک گرتن دام و دەزگەهێن خوییێن موئەسەساتی ئاڤابکەن و دروست بکەن و ل سەربنیاتێن زانستی و بێ هیچ هەبونا تاریاتی و غەش و گەندەلیەکێ، گەل بەرنامە و پرۆژەیان دانن و گەل رێڤەبەری و سەرگێریێ لێ بکەتن و ساخلەمی و رونی و بەرچاڤی، دهەرگاڤەکێ دا هەبتن و ماف و ئازادی دپاراستی بن و دیموکراتیەت جهبگریتن.

2- **ئاڤا کرنا سازی و دام و دەزگەهێن ئیداری،** ئەمنی، لەشکەری، ئابوری، جەماوەری، مەدەنی، ل سەربنیاتەکێ ساخلەم و شەفاف و زانستی و شیانێن دەستەبەرکری، دهەروارەکی دا.

3- ئاڤاکرنا **پەیوەندیێن نیشتانی و ناڤدەولەتی و هەرێمی و دیسان ل** سەرپرەنسپێن راست و دروست و ساخلەم و ل دیڤ بەرژەوەندیێن بالاییێن نیشتیمانی.

4- داناندنا دستورەکێ ساخلەم و بنەجێ و ل سەربنیاتێ ئاڤاکرنا پێگەهوپرنسپێن گشتی و بپەیادەکرنا داد و دادوەریا جڤاکی و ئابوری و سیاسی...برەنگەکی ماف و ئازادی و ئەرک دپاراستی بن بوەک هەڤیەک گشتی.

5- سەروەریا یاسایێ، یاپاراستی بیتن و وەک یەکی هەبیتن و پیرۆزی بێنە کوم کرن د سەروەریان دا(ناسنامە، ئالا) کو دەربرینێ دکەن ژئاخ و هاولاتیی بوونێ و مەرجێن ژیان و پێکڤە ژیانێ تەمام دکەن.

6- هەمی دام و دەزگەهێن ل سەربنیاتێ حزبایەتی و سەربەتی و شەخصەنەکرنێ هاتین دروست کرن بهێنە هەرفاندن و سەرژنوی و ل سەربنیاتێ ساخلەمی و هەڤپشکیا نیشتیمان بێنە ئاڤەدان کرن.

7- جڤاکێ ساخلەم و ل سەربنیاتێ زانستی و ببەرچاڤ وەرگرتنا هەمی پرەنسپ و مەرجێن ژیان و پێکڤە ژیانێ بێنە دروست کرن و ئاڤاکرن.

8– راگەهاند وەکی دەستهەلاتا چارێ و بمەرج و پێوەرێ ناڤدەولەتی و ساخەلم بێت ئاڤەدان کرن و سستەم کرن.

9– پەیوەندیێن ناڤخویی و دەوروبەری و ناڤدەولەتی سەرژنوی بساخلەمی و شەفاف بێنە دروست کرن، ل سەربنیاتێ بەرژەوەندیێن نیشتیمانی و نەتەوایە، بێنە ئاڤاکرن.

10– رێگەچارەسەریێن دیموکراتی و ل سەر بنیاتێ دەستهەلاتا مللەتی ل سەرمللەتی و ل سەرئاخا نیشتیمانی بهەڤبەشی و بهەماهەنگی و بساخلەمی بێنە پەیادە و برێدابرن.

# ئارێشا هەری مەزن نها بویە مووچە و مووچەژی ناهێنە دان

راستە کوردستان وەلاتەکێ زور زەنگینە بخەلک و سرۆشت و دێروک و سەرچاوەیێن خو یێن سروشتی، شیانێن هندێ هەنە دەولەتەک خورت تێد ابهێتن ئاڤاکرن، خەلک ژی بونا برێڤەبرناوێ حازرو ئامادەباشی تێدا هەنە، لێ مخابن سەرکردایەتی و سیاسیان ئارێشە و ئاستەنگ کرنە، جوداکاری و دژایەتی لناڤ دزورن و پێک ناکەن و نەدبەرهەڤ دگەلک دا ئیدارەیێ بکەن، عەقلێ ژێبرنێ و قورغکاریێ هەیە و یێ بالا دەستە، بیاڤ و کاودان نەئامادەکرنە بو پێکڤەژیان و دگەلک ئیدارەکنێ، ناکوکي زێدەکرن و خالێن هەڤبەش بەرتەنگ کرنە.

ل ڤێرە پسیارا هەری گرنگ ئەوە ئەرێ ئەڤ مەرج و شەرتە دروست بووینە!! دوو ئیدارەیی یابەردەوامە، بپرەنسیپێن حزباتیا بەرتەنگ ئیدارە دهێتن کرن، دوو ئاسایشی هەرهەیە، دوو لەشکەری، دوو دارایی، پاراستن و دەزگەهێ زانیاری...هێشتا جووت سەری ل هەرجهەکی هەیە و خەریکە سێ جەمسەری و بەلکی زێدەتر ژی دروست ببیتن، نەیارێن مەژی ژ جاران زێدەتر و خورت ترن..ئارێشا هەری مەزن نها بویە مووچە و مووچەژی ناهێنە دان، لەومانێ ل کاودانەکێ هوسان پرسا دەولەت بوونێ پرسەکا گرانە و کورد و کوردستانێ دکێشیتن بوناڤ هەڤرکی و شەرێن گران و هەرێمی و ل دەمەکی مووچەناهێن داین و پرس بوویە موچە، ئەرێ چاووان کورد و کوردستانی دێ خو ل بەر شەر و هەڤرکیێن گران گرن، ل دەمەکی چ ئامادەباشی دگورێ دا نینن...لەومان ل ڤێرە دێ بێژم لناڤ کەڤلێ مهێ و ل بەردەڤێ رەڤدە گورگا، خەونێن حێشترێ جهناگرن و دبەتالان.


**بەرئەنجام و دوماهیک گووتن:**

درومالا رۆیدان و شرۆڤەکاریێن بوری دا، دیار و بەرچاڤ دبیتن، کوردستان وەلاتەکێ زەنگین و دێرینە و جهێ شارستانیەتایە، ژ کەڤن و نوی کەڤتیە ناڤا ناوەندێن ناڤدەولەتی یێن هەڤرک بەر، ناوەنێن دەرو جیرانان یان ژی لبن داگیر کرن و بسەرداگرتنێن ئیمپراتوریەت و دەولەتێن هێز مەزن، دبەرئەنجامی ڤێ هەمیێ دا کورد و کوردستانی توشی قەتل و عام و راگوهاستن و دەربەدەریەکا بێ ئەندازە مەزن بووینە، ژ بلی توشبوونا وان بئەنال و کیمیابارانێن مەزن و نەخاسم ل سەردەمێ رژێما بەعسا فاشت، ل سەدسالا بوری دا، بزاڤا ئازادیخوازیا کوردی بگەرم وگور و بدژواری شەرکریە و رابوویە سەر خو، لێ توشی شکەستن و کەڤتنێن مەزن بویە، بزاڤا ئازادیخوازیا کوردی دحەفتێ سالێن بوری دا، لباشور هاتیە برێڤەبرن دناڤا



# ل رۆژا ئەڤروکەژی پارتی بەدیل و جهگرێ خو و ژوێ باشترێ نەدیتیە و ناهێتن چاڤەرێ کرن ل دەمەکێ نێزیک ژی بهێتن دیتن

بەردەوامیەکا شەروهەڤرکانێن دوومدرێژوخویناوی دناڤخویا خودا، ژبلی هندێ شەرولێدانێن هەرێمی ژی دژی مە دبەردەوامیێ دابووینە، ژ سالا1946ز تاکو نها برەنگەکی ژ رەنگان پارتی دیموراتی کوردستان سەرکێشیا بزاڤا ئازادیخوازیا کوردی دکەتن، ب سەروکاتیا مەلامستەفایێ بارزانی و کورێ وی مەسعودبارزانی و تاکو نها ژی ئەو سەرکێشی و سەروکاتی یابەردەوامە، ژبلی گەلەک هەل و دەلیڤێن ژ دەست کوردا چووینە بسەروکاتیا وان، هەردیسانێ کورد توشی جوداکاری و شەرێن ناڤخویی و کاڤلکاری بوینە، لناڤا ڤێدا، گەندەلیەکا مەزن و جووداکاری و یاسا شکێنیەک مەزن دهێتن دیتن، دەستهەلات بەرەڤ دەستهەلاتا شەخصەنە و بنەمالک و عەشائیرگەری بوویە، مەحسوبیەت و مەنسوبیەت پشکەکا زور گرنگ و پەیادەکری بویە ژ دەستهەلاتێ، دەستهەلات بەرەڤ دکتاتوریەتی و تەکرەوی و ئیستغلالی بوویە، دناڤا ڤێد ا زور جوداکاری و دابەش بوون دروست بوینە دبەرەو بزاڤێن ئازادیخوازیا دا دروست بووینە، ئەڤ هەمی گەندەلی و شاشیێن هاتینە دیتن و پەیادەکرن، پشکا هەری زور دکەڤیتن سەرمللێن پارتی دیموکراتی کوردستان، لێ تاکو نها ژی وەسان دهێتن دیتن پارتی دهەلبژارتناندا براوێ ئێکێە و شادەمارێن دەستهەلاتێ لناڤ دەستێ وێ داینە، سەروکاتیا هەرێمێ، سەروکاتیا جڤاتا وەزیران، شێرەتکارێ ئاژانسا پاراستنێ، وەزیرێ نەفت و سەرچاوێن سروشتی. ووەزارەتا ناڤخویی...ددەستێ وان دانە، ئەڤ هەمی پارت و رێکخراو هێزێن ژێ جوودابوین و هەمبەری وان رابووین تاکو ڤێ دەمی نەشیانە نمونەیەکا باشترێ پەیادەبکەن و هەمبەری کار و خەباتا وان لاواز و بێ چارە دهێنە دیتن، لەومان دبێژم ل رۆژا ئەڤروکەژی پارتی بەدیل و جهگرێ خو و ژوێ باشترێ نەدیتیە و ناهێتن چاڤەرێ کرن ل دەمەکێ نێزیک ژی بهێتن دیتن، لەو دبێژم پارتی دیموکراتی کوردستان زور سەدەم و پرسێن خراب و بخرابی لناڤ دەستێ وەدا هاتن برێڤە برن و ل سەر ریا خو دبەردەوامن و بێ هەڤرکن، لەومان دبێژم دەستێن وەدخوش بن ئەگەر هوین بکارن خوبگورن وخزمەتەکا ساخلەم و بێ جووداکاری ژ نهوپاشدا بکەن و سەروەریا یاسایێ بپارێزن و ماف و ئازادیێن خەلکێ کوردستانێ ل سەربنگەهەکێ دیموکراتی پارڤەبکەتن و بپارێزن، ئێدی پرۆسێسا دەستهەلات ژ خەلکی و بو خەلکی بلا خوجهبیتن و بەردەوام بیتن، بەروڤاژی گورین بەردەوامن و برێڤەنە و ئێدی هێزنینە خو لبەر بگریتن و خویکامەزن دێ دەستهەلات دەتن.



# لەشکرکێشیەکانی دەوڵەتی تورک بۆ باشوری کوردستان لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە



د. سالار باسیرە

**هۆکار و دەرئەنجامەکانی**

لە جەنگی یەکەمی کەنداو (عێراق / ئێران) لەشکری تورکی چەندین جار هێرشی کردۆتە ناو باشوری کوردستان. ئەو لەشکرکێشیانەی تورکیا لەو کاتەدا بۆ ئەو ئامانجە بوو چونکە ڕژێمی بەغدا سەرقال بوو بە جەنگی دژ بە ئێران و نەیدەتوانی دژ بە بزوتنەوەی کورد لە باشوری کوردستان بە تەواوی بجەنگێت. بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی بەعس ڕێکەوتنامەیەکی لەگەڵ حکومەتی تورکیا واژۆ کرد کە تورکیا بۆی هەبێت دژ بە بزوتنەوەی کورد لە کوردستانی «عێراقدا» بجەنگێت.

**گرنگترین خاڵەکانی ڕێکەوتنامەی نێوان تورکیا و حکومەتی بەعس:**

1– سوپای هەردوو دەولەت ڕێگا پێبدرێت سنوربەزێن بکەن بۆ گەڕان بە شوێن ئۆپۆزیسیۆنی دژداو دژایەتی کردنی.

2– بۆ ئەم مەبەستە بڕیاری زانیاری گۆڕینەوەو پێکەوە هاوکاری کردن لەسەر ئاستی ئەمنیی.

3– بە پێی ڕێکەوتنامەکە دەبێت دیل و گیراوەکان تەسلیم بەیەکتر بکرێن.

4– حکومەتی عێراق دەبێت لێپرسینەوەی خەرجی و ئامادەکاری لۆجیستیکی بگرێتە ئەستۆ.

بۆ ئەم مەبەستەش ڕژێمی بەعس نرخی ئەم کارەی بە تورکیادا.

سەدام حسین بە شێوەی خۆی نرخی ئەم داگیرکردنەی هەر پێشەکی دا. «عێراق و تورکیا لە 1982/12/5 ڕێکەوتنێکیان سەبارەت بە ناردنی نەوت ئیمزا کرد. ئەو بۆری نەوتانەی کە بەناو کوردستاندا لە(کرکوک) ە وە بۆ دۆرتیۆل لە ئەسکەندەرونە دەڕوات، لە 650 هەزار بەرمیلەوە کرایە یەک ملیۆن بەرمیل» (Middle East Report ی 1983/1/15.

بەلام دوای جەنگی دوەمی کەنداو (عێراق / کوێت)، و دوای ڕاپەڕینی خەلکی کوردستان/ عێراق، تورکیا لەشکرکێشیەکانی بەناوی شەڕی دژ بە (پ.ک.ک) ئەنجامداو بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جار سنوربەزێنی باشوری کوردستانی کردوە. جگە لەوە لە شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتی و پارتی ، تورکیا ڕاستەوخۆ تەرەفگیری پارتی کرد دژ بە یەکێتی و هێزی هاوپەیمان.

> **دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام حسێن و دارمانی یەکێتی سۆڤیەت، گرنگیی تورکیا بۆ ڕۆژئاوا هاتە خوارەوە**

**بێدەنگیی بەرامبەر بە لەشکرکێشیەکانی تورکیا بۆ باشوری کوردستان**

دوای ڕووخانی شای ئێران و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بوونی یەکێتی سۆڤیەت وەک بلۆکیک بەرامبەر بە ڕۆژئاوا، تورکیا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ناوچەکانی قەفقاس بۆ ڕۆژئاوا، بە تایبەت بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ڕۆلێکی گرنگی دەبینی. ئەوە یەکێکە لەو هۆکارانە ، بۆچی ڕۆژئاوا ، بەتایبەت ئەمریکا چاوی لە سیاسەت و هێرشە سەربازیەکانی دەولەتی تورک دەپۆشی بۆ ناو باشوری کوردستان و هەروەها دژ بە باکوری کوردستان. تورکیا وەک ئەندامێکی هاوپەیمانی ئەتلەسی بێ ڕەزامەندی وگلۆپی سەوزی ئەمریکا و ڕۆژئاوا ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئاوها قورسی ئەنجام نەئەدا. تورکیا ولاتێکی عەرەبی نیەو بەشێکی ڕاستەوخۆش نیە لە نێو ئەو ململانێ ئالۆزەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل و ولاتێکی ئیسلامیشە. بەلام دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام حسێن و دارمانی یەکێتی سۆڤیەت ، گرنگیی تورکیا بۆ ڕۆژئاوا هاتە خوارەوە.

# «لەشکرکێشی تورک بۆ باشوری کوردستان لە جەنگی (عێراق / ئێران) و هەلوێستی هاوپەیمانی ئەتڵەسی»

لە نەخشەی تورکیادا هەبوو لە حالەتی ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس لە عێراق لەلایەن ئێرانەوە، بچێتە ناو باشوری کوردستانەوەو شارە نەوتیە کوردیەکانی وەک کەرکوک و هەروەها موسل داگیر بکات و مەسەلەی ولایەتی موسل زیندو بکاتەوە. تورکیا بەلگەی بۆ ئەم سیاسەتەی بەوە دەهێنایەوە، کە عێراق تا کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی / تورکی. دەولەتی تورک لە دروست بونیەوە ، دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی خەو بە فراوان کردنی ئەم ئیمپراتۆریەتەوە دەبینێت.» Altemur Kilik ی نوێنەری ڕۆژنامەی ئەستەمبولی ڕاسترەو Tercuman دەنوسێت: «ئێمە مافێکی قانونیمان هەیە بەرامبەر بە موسل و کرکوک و ئەم مەسەلەیە دەبێت لە کاتی بەستنی کۆنفرەنسی ئاشتی ڕەچاو بکرێت(گۆڤاری Spiegel ی ئەلمانی، 1991/9/17 ، لاپەرە 187.

تورکیا ئەم دەهۆڵەی لە کاتی جەنگی دووەمی کەنداویش زوو زوو لێ دەدایەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش، ئایا بۆ مەبەستی شەڕی ( پ.ک.ک) چ پێویست بووە هێزێکی ئاوها گەورە بە سەدان تانک و زرێپۆش و دەبابەو فڕۆکەی جەنگی و بە زیاتر لە دەیان هەزار سەربازەوە بێنە ناو باشوری کوردستانەوە، ئەگەر تورکیا نیاز و ئامانجی زیاتری نەبوبێت بۆ مەودای دوور جگە لە هیرش کردنە سەر پ.ک.ک. دیارە یەکێک لە ئامانجەکانی تورکیا ڕوخاندنی ئیدارەی کوردی و بنبڕکردنی بیروفکری دروست بوونی بووە. بە بیروڕای حکومەتی ئەنقەرە دروستبونی خۆبەڕێوەبەرێتیەک لە باشوری کوردستان مەترسی دروست دەکات بۆ یەکێتی تورکیا.

لە کاتی جەنگی نێوان عێراق و ئێران چالاکیە سەربازیەکانی پارتە سیاسیەکانی کوردستانی «عێراق» لە دژی سوپای عێراق ڕووی لە بەهێزی دەکرد. ناوچەی ڕزگارکراو دروستبوو، توانای هاتوچۆ زیادی دەکرد. ڕژێمی عێراقیی خۆی لە قەیراندا دەبینی و لە توانایدا نەبوو شەڕی تەواوی بزوتنەوەی کورد بکات. ئەم چالاکیە سەرکەوتوە سەربازیانەی کورد نەک هەر بە تەنیا حکومەتی بەعس بەلکو تورکیاشی هەژاندبوو، کە وای دەبینی سەرکەوتنی کوردەکانی «عێراق» بۆ باکوری کوردستانیش ئەنجامی خۆی دەبێت، بەلکو هاوپەیمانی ئەتلەسی شیان خستبوە پەرۆشیەوە. هەربۆیە تورکیا ڕۆلی دریژکەرەوەی دوژمنکارانەی ڕژیمی بەعسی دەبینی بەرامبەر بە کورد و بەرژەوەندی خۆشیانی بێگومان تێدا بووە.

ئەم بارودۆخە بوە هۆی ئەوەی حکومەتی سەدام حسێن ڕێکەوتنێک لەگەل حکومەتی ئەنقەرەدا واژۆ بکات (ڕێکەوتنێک کە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس شەرعیەتی نەماوە)، ڕیگا بە سوپای تورکی درا بۆ شەڕی دژ بە کورد لە کوردستانی «عێراقدا». بە پێی ڕێکەوتنەکە سوپای تورکیا بۆی هەبێت لەشکرکێشی بکاتە ناو خاکی عێراقەوە. تورکیا پێش هەموان ئارەزوی لەم چالاکیە سەربازیانەی دژ بە کورد هەبوە. بۆ ڕژێمی عێراقی بەعسیش ئەم ئۆپەڕاسیۆنە

## تورکیا ئەم دەهۆڵەی لە کاتی جەنگی دووەمی کەنداویش زوو زوو لێ دەدایەوە.

بە قازانجی بوو. ئەم چالاکیە سەربازیانە کە دەبێت بە داگیرکردن لە قەلەم بدرێت، چونکە مەسەلەی چالاکیەک نیە لە سنورێکی زۆر دیاری کراودا وەستابێت.

### گرفتی کەرکوک و موسل گرفتی ڕۆژئاواشە

شارەزای سی ئای ئەی Henze بۆ کاروباری تورکیا دەیووت: گرفتی کەرکوک و موسل هەر بە تەنیا گرفتی تورکیا نیە، بەلکو هی سەرجەم NATO – هاوپەیمانی ئەتلەسی) یە. گەر پێویست بێت هەموو پێکەوە بە هاوبەش هێرش دەکەینە

# «ئەم هێرشە بە ماوەیەکی کورت پێش دەست پێکردنی مناوەرەکەی (NATO – هاوپەیمانی ئەتلەسی) بوو»

سەر کەرکوک و موسل. ڕۆژئاوا بەرژەوەندیەکی بەهێزی لە کوردستان هەیە: کوردستان ناوچە و شوێنەوارێکی جیۆستراتیجی و جیۆپۆلەتیکی گرنگی هەیە لە ناوچەکەدا و، ولاتێکی دەولەمەندە لە ڕووی ئابوری و نەوتەوە. بۆ ئەوەی پەیوەندی بازرگانی لەگەل ولاتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق لە دەست نەدەن، مەسەلەی کوردیان پشت گوێ خست و یەکبوون لەوەی کورد ڕۆلێکی تایبەتی خۆی نەبینێت و کێشەی کورد گەورە نەبێت و گرفتی زۆر دروست نەکات.

«لە کاتی جەنگی نێوان عێراق و ئێران، کە عێراق مەترسی ژێرکەوتنی لێدەکرا، لە نێوان تورک و ئەمریکیەکان باسیان لەسەر سیناریۆیەک کردوە، کە لە کاتی هاتنە ژورەوەی ئێران بۆ عێراق، سەرچاوە نەوتیەکان لە لایەن سوپای تورکیەوە نەخشە کرابوو بۆ داگیر کردن. ئەو کاتە وا دەوترا ئەگەر عێراق دابەش بکرێت ئەوا دەبێت ئەم ناوچەیە بدرێت بە تورکیا» (گۆڤاری Spiegel ی ئەلمانی 1991/9/17 ، لاپەرە 187.

کەواتە تورکیا لە جەنگی یەکەمی کەنداودا (عێراق / ئێران) ڕۆلێکی گەورەی بینی سەبارەت بە شەڕ و دەورەدانی بزوتنەوەی کورد و لەبری عێراق ئەنجامی ئەدا. لە 1983/5/26 (قائد قوات) ی سوپای ئەمریکی جەنەرال John W. Vessey لە ئەنقەرە بوو، بۆ چاودیری کردنی ئەو مناورە سەربازیەی هاوپەیمانی ئەتلەسی کە لەدوای 1983/5/28 لە باکوری کوردستان بە بەشداری ئەمریکا و بەلجیکا و ئینگلتەرا و ئیتالیا و ئەلمانیای فیدرالی ئەنجامدرا کە بۆ یەکەم جار بوو کەرتێکی هێرشی خێراش تێیدا بەشدار بێت. لە چوارشەمەی 1983/5/25 چەند کەرتێکی سوپای تورکی بە پالپشتی هێزی ئاسمانی چونە ناو باشوری کوردستانەوە. ئەم هێرشە بە ماوەیەکی کورت پێش دەست پێکردنی مناوەرەکەی (NATO – هاوپەیمانی ئەتلەسی) بوو. لە ساڵی 1980 و لە سەرەتای مانگی 1982/11 لە نێوان ئەمریکاو تورکیا ڕێکەوتنێکی سەربازی ئیمزاکرا بۆ بەمۆدێرن کردن و پێکهێنانی بنکەی سەربازی نوێی هاوبەش نەک هەر لە ڕۆژئاوای تورکیا بەلکو باکوری کوردستانیشی گرتەوە (Washington Post ی 1982/11/7 وە British new Statesman ی 1983/5/13.

سیلۆپی بووە بنکەی هێزی هاوپەیمانەکان بۆ «پاراستنی» کورد لە سەروی هێلی 36 وە. کەچی ناوچەکانی باشوری کوردستان کەوتنە بەر هێرش و پەلاماری سوپای تورکی و فرۆکەی جەنگیی تورکی بێ هیچ بەرگریەک لەم «ناوچە ئارامە« کە بە بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دروستبوو. خەلکی مەدەنی و پەناهەندەی کورد کە لە ترسی کوشتن و سیاسەتی وێران کردنی ڕژێمی بەعس هەلاتبون



توشی زیانێکی زۆر بوون بە هۆی ئەم سیاسەتە عەسکەرتاریەتەی دەولەتی تورکەوە. گەورەترین ڕۆژنامەی تورکی (حوریەت) لە 1990/10/18 لە کاتی قەیرانەکەی کەنداودا نەخشەیەکی نوێی بە سنوری دەستکردەوە بلاوکردەوە کە بە کورتی سەبارەت بە مەسەلەی باشوری کوردستان ئەم تێبینیەی تێدا بوو: «مەلیک حەسەنی دووەم دەلێ: عێراق لێکدەترازێت، لە سەروی عێراق دەولەتێکی کوردی پێک دێت، بەلام موسل و کرکوک ئەدرێنە تورکیا. ولاتە زلهێزەکان هاوڕا دەبن سەبارەت بەو نەخشە نوێیە گۆڕدراوەی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکرێت.

تورکیا لە بارودۆخێکی خراپی ئابوریدا خەرجیەکی ئەوەندە زۆر ناکات، ئەگەر ستراتیجیەکی دوری لە

کوردستان و ناوچەکەدا نەکێشابێت، و بێ بەرامبەر نابێتە هاوپەیمانی ستراتیجی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. بەلام ئەو هاوپەیمانیەتەش دەکرێ بەهۆی فاکتەری جیاوازەوە لاواز ببێت، بۆنمونە تورکیا بەهۆی ڕێگا نەدان بەسوپای ئەمریکی بۆ پەڕینەوە لەتورکیاوە بۆ ناو عێراق بۆ دروستکردنی بەرەی باکور لە جەنگی دژ بە ڕژێمی بەعس و هەروەها بەهۆی پشتگیری کردنی داعش لە لایەن دەولەتی تورکەوە. ڕوخانی ڕژێمی سەدام و ڕمانی یەکیەتی سۆڤیەت لە گرنگیی تورکیای هێنایە خوارەوە بۆ ڕۆژئاوا.



(تورکیا بە بەزاندنی سنوری دەولی بۆ ناو عێراق بوە هێزێکی داگیرکەر)

تورکیا بە بەزاندنی سنوری دەولی بۆ ناو عێراق، لە ڕابوردوداو وە لە ئێستەشدا بوتە هێزێکی داگیرکەر و بە حوکمی هێز و زەبروزەنگ دەیەوێت ئامانجە دورونزیکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

**(لەشکرکێشیەکانی تورک بۆ کوردستان دوای جەنگی دوەمی کەنداو)**

سوپای تورکی لە 1991/8/4 بە پشتگیری فرۆکەو هەلیکۆپتەری جەنگیی و هێزی دەبابەوە دوبارە لەشکرکێشی کردەوە ناو باشوری کوردستان. ئەم داگیرکردنەی ئەم جارە بە بیانوی پێویستیی تێک و پێکشکاندنی بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) ئەنجامدا، بێگومان هێرش کردنە سەر (پ.ک.ک)ش بەشێکی ئەو بەرنامەیە بووە. لە کاتێکدا لە سیلۆپی بەبۆنەی دروستکردنی بنکەی هاوپەیمانەکان وەک یارمەتی مرۆیی بۆ پشتگیری کوردەکان لە باشوور ئاهەنگ دەگێردرا، تورکیا لە بەشێکی سنورەکەوە دەچوە سەروی عێراق (کوردستان) بۆ تیرۆرکردنی کورد بە زەبرو زەنگی سوپاو دوبارە ترس و تیرۆری ڕابوردووی بەیاد خەلکی ناوچەکە دەهێنایەوە. لە بری یارمەتی و پشتگیری، بۆمب و باروتی دەرژاند بەسەر خەلکی کوردا.

دوای سەرکوت کردنی خوێناوی راپەڕینی کورد لە لایەن سوپای عێراقەوەو دوای دانپێدانانی حکومەتی عێراق بە بریارەکانی هاوپەیمانەکان دوای ڕزگار کردنی کوێت، ئەوە بوو 2–3 ملیۆن کورد کۆڕەویان بۆ شاخەکانی کوردستان کرد، بۆ تورکیا و بۆ ئێرانیش، لە نیشتمانی خۆیەوە بۆ نیشتمانی خۆی، لە کوردستانەوە بۆ کوردستان.»ناوچە ئارامەکە« بۆ ئەوە بوو کە زەمینەی گەڕانەوەی پەناهەندە کوردەکان خۆش بکات و بپارێزرێن لە هێرشەکانی سوپای عێراقی. بۆ ئەم مەبەستەش (5000) سەربازی ئەمریکی و هۆلەندی و فەرەنسی و ئینگلیزی و ئیتالی بۆ پاراستنی کورد لەم ناوچەیە بنکەیان دامەزراند. سوپای دەولەتی تورک بێ هیچ ڕێگا گرتنێک لێی بە قولایی 60 – 70 کم چوە ناو خاکی باشوری کوردستانەوەو کەوتنە بۆمباباران کردنی بەشێکی گەورەی ناوچەکە، کە بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەک لە پەناهەندە کوردەکانی لەم ناوچەیە بۆ پاراستنی ژیانیان خۆیان دالدە دابوو ببنە قوربانی هێرشی لەشکری تورک و مال و شوێنی ژیانیان وێران بکرێت. ئامانجی تری تورکیا وەک ئاماژەم بۆ کرد ئەوەش بوو کە حکومەتی بەغدا و ئۆپۆزیسیۆنی کوردیش بچنە ژێر فەرمان و ویستی دەولەتی تورکەوە.

گەورەترین ڕۆژنامەی تورکی (حوریەت) لەو کاتەدا باسی ئەوەی دەکرد کە سوپای تورکی دەیویست لە سەروی عێراق ناوچەیەکی بێلایەن (حیاد) بە پانی 17 کم دروست بکات. دواتر بریاری دروستکردنی ناوچەیەکی بێلایەنی 15 کیلۆمەتریان بە فەرمی ڕاگەیاند.

خالێکی سەرەکی ئامانجی تورکیا لە سیاسەتی دروستکردنی ناوچەیەکی چۆلی 15 کم بە درێژایی سنوری عێراق و ئێران و سوریا لێکدابڕانی گەلی کورد و بە هێز نەبوونی هەستی نەتەوەیی و بزوتنەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانیەکەیەتی لەیەکتر و دابچڕانی پارت و ڕێکخراوە سیاسیە کوردیەکانە لە یەکتر و نەهێشتنی پەیوەندییان بە یەکترەوە. ڕۆژنامەی (حوریەت)ی تورکی لە ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەری

1997 لە دەم وەزیرێکی تورکیەوە بلاوی کردەوە کە سوپای تورکیا پشتێنێکی ئاسایشی سەربازی لە ناوچە سنوریەکان دروست دەکات بە هاوکاری ئەمەریکا و ئیسرائیل، سیستەمێکی ئەلیکترۆنی بۆ چاودێری کردنی سەربازیی دیوە سنوریەکەی عێراق داناوە و هەشت هەزار سەرباز لەو ناوچانەدا جێگیر کراون کە ئەم لەشکرە بریار بوو نەکشێتەوە. ڕوداوەکانی لوبنان و ئیسرائیل دەریان خست کە شریتە ئاسایشەکەی لوبنان دوای زیاتر لە دە (10) سال سەرکەوتو نەبوو. ئیسرائیل وازی لەو پشتێنی ئاسایشە هێناو لە خواروی لوبنان کشایەوە. تورکیا هەمیشە ترسی ئەوەی هەبوو ئەو بارودۆخە سیاسیەی لە باشوری کوردستان دوای ڕاپەرینەکە دروستبوو کاردانەوەیەکی خراپی هەبێ بۆ سەر باکوری کوردستان. بۆیە هەر لەو ساتەوە هەولی ئەوەی ئەدا نزیک بێتەوە لە حیزبە سەرەکیەکانی کوردستانی «عێراق» بۆ ئەوەی بیانخاتە بازنەی خۆی،

ئەوەش بۆ دوو مەبەستی سەرەکی:

## خۆ (پ.ک.ک) کاتی لەشکرکێشیەکانی تورکیا بۆ ناو کوردستان لە جەنگی نێوان عێراق – ئێران لە باشوری کوردستاندا بوونی نەبوو

یەکەم: بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەو حیزبانەوە دەست بخاتە ناو کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

دوەم: بۆ ئەوەی ببنە پاسەوان لەسەر ئەو پشتێنە ئەمنیەی کە دەولەتی تورک دەیەوێ دروستی بکات و بیانکات بە گژ (پ.ک.ک) دا. ئەو هەولانەی تورکیا ئەوکاتە سەرکەوتنی بە دەست هێناو توانی لە ڕێگای (پ.د.ک) هەروەک ئەمرۆکەش بەدی دەکرێت بە ئاشکرا خۆی هەلقورتێنێتە ناو کێشەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و ڕێکەوتننامەی پاریس بن بەست بکات و دواتریش خۆی بکاتە لایەنێک لە گفتوگۆی ئاشتی نێوان یەکێتی و پارتی بە ڕادەیەک لەو کۆبونەوانەدا هێندەی باسی ئاشتی نێوان (ی.ن.ک – پ.د.ک) دەکرا ئەوەندەش لەلایەن تورکیاوە باس لە ئاسایشی نێوان سنووری تورکیا و هەرێمی

## کورد دوژمنی زۆرە بەلام دەولەتی تورک دوژمنێکی سەرسەخت و مەترسیدارە بۆ تەواوی کوردستان

کوردستان دەکرا، ئەوەش ئەو ڕاستیە نیشان دەدات کە تورکیا چەندە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باکور دەترسێت. هەروەها لە ئازاری 1995 دا بۆ ئەو مەبەستە تورکیا هەر بە یارمەتی پارتی بارزانی توانی لەشکرکێشیەکانی خۆی بۆ ناو خاکی باشوری کوردستان ئەنجام بدات (کوردستانی نوێ، 1997/8/21، ژمارە 1452).

وەزیری دەرەوەی تورکی لە کۆنفەرەنسێکی ولاتە ئیسلامیەکان لە ئەستەنبول لە وتووێژێکدا لەگەل وەزیری ئەوکاتەی دەولی عێراقی سعید الشهاب داوای لێکردبوو دوور بکەونەوە لە پلانی ئاوتۆنۆمی لەگەل کوردەکان (ڕۆژنامەی TAZی ئەلمانی، بەرلین 1991/8/7 ، لاپەرە 8).

بۆ یەکەم جار نیە لەشکری تورکی بە ناوی شەڕی (پ.ک.ک) وە هێرش بەرێتە سەر کوردستانی «عێراق» و هەموو جارێکیش دەیانووت ئیتر مەسەلەی تیرۆریستمان بە تەواوی چارەسەر کرد و دوبارە دەکشێنەوە دواوە. خۆ (پ.ک.ک) کاتی لەشکرکێشیەکانی تورکیا بۆ ناو کوردستان لە جەنگی نێوان عێراق – ئێران لە باشوری کوردستاندا بوونی نەبوو، لێرەدا ئەو ڕاستیە دەبینرێت کە دەولەتی تورک دژی کوردە وەک گەلێک. کەچی وەزارەتی بەرگری ئەمریکی ئەم ڕەفتارانەی هاوپەیمانەکەی ئەتلەسی بە مەسەلەیەکی تورکیا خۆی لەقەلەم ئەدا (ڕۆژنامەی Frankfurter Rundschau ، 1991/8/12).

### وشەی کۆتایی

• دەولەتی تورک لە مێژووی خۆیدا سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەو فاشیستانەی بەرامبەر بە کۆی کورد بەکار هێناوە وەک گەلێک.

## ڕۆژهەلاتی ناوین لەبەردەم گۆڕانكاریدایە بە عێراق و سوریاشەوە هەربۆیە بە ڕێگای هێزی سوپاوە دەیەوێت ڕێگا لە دروستبوونی بیرۆكەی سەربەخۆیی بگرێت

• لە كاتی جەنگی عێراق / ئێران، سوپای توركی لەشكركێشی و هێرشی بردۆتە سەر باشوری كوردستان كە ئەو كاتە پ.ك.ك بوونی نەبووە لەوێدا، دەبوایە لایەنە سیاسیەكانی باشوری كوردستان لەم مێژووە سیاسیەو لە جۆری بیركردنەوەی دەولەتی تورك بگەیشتایە.

• دەسەلاتی سیاسی توركیا دەیەوێت هەرێمی كوردستان بكاتە قوبروسێكی ئابوری بۆ خۆی و كۆنترۆلی سیاسی هەرێمیش بكات بە تایبەت بە ریگای پارتی بارزانیەوە.

• سوپای توركی چوبێتە هەر ناوچەیەك لێی نەكشاوەتەوە، هەربۆیە دەبێت بوونی سوپای توركیا لە باشوری كوردستاندا وەك مەترسیەك ببینرێت.

• كورد دوژمنی زۆرە بەلام دەولەتی تورك دوژمنێكی سەرسەخت و مەترسیدارە بۆ تەواوی كوردستان، لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیە خەباتی هاوبەشی كوردستانیان بۆتە پێویستیەك دژ بە ڕژێمی تورك و هەروەها ئازاد بوونی باكوری كوردستان گرنگە بۆ باشوری كوردستانیش و دەبێتە دەست بەستنی ئەو هێزە كوردیانەش كە بوونەتە داردەستی ڕژێمی تورك و دەیانەوێ بۆ بەرژەوەندی تەسكی خۆیان هەرێم بكەنە ویلایەتێكی سەر بە توركیا.

• ئاماژەكان وا دەگەیەنن كە لەم جەنگە نوێیەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا نەخشەی جوگرافی و سیاسی بگۆڕدرێت و توركیاش كار لەسەر دەستكەوت و پشكی خۆی دەكات لە دارشتنەوەیەكی نوێی ڕێكەوتنامەی سایكس بیكۆدا و هێنانی هێزی سەربازی تورك بە ناو خاكی كوردستاندا بۆ نزیك موسلیش دەبێت لەم ڕوانگەیەشەوە ببینرێت، بەلام بە هاتنی ڕوسیا بۆ ناو هاوكێشەكە دەكرێ ئاڕاستەكان بگۆڕدرێن،

بەلام ئەوەی ڕژێمی توركیا پەیوەندی بە داهاتووی كوردیشەوە هەیە چونكە توركەكان ئەو ڕاستیە دەزانن كە ڕۆژهەلاتی ناوین لەبەردەم گۆڕانكاریدایە بە عێراق و سوریاشەوە هەربۆیە بە ڕێگای هێزی سوپاوە دەیەوێت ڕێگا لە دروستبوونی بیرۆكەی سەربەخۆیی بگرێت بۆ كورد ئیتر ئەوە لە عێراق، سوریاو توركیاش بێت و بە ئاشكرا نوێنەرایەتی ئەم هەلوێستەی كردوە ، ئەمەو باپەند كردنی هەرێم لە ڕووی سیاسی و ئابوری و بگرە كەلتوریشەوە بە توركیاوە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت كە ئیدعای ڕیفراندوم و دەولەتی كوردی لە لایەن بارزانیەوە درۆیەكی شاخدارە.








# خانەی زیندەوەر: مۆدێلی وڵاتێک بە سیستەمێکی تایبەت



د.شیلان عەتا تاڵەبانی

ئەم بابەتە درێژەی سیمینارێکە کە بەشێک بوو لە خولێکی هۆشیاری، کە ڕێکخراوی (هاوڵاتی ئازاد و یەکسان) بەڕێوەی برد لە هاوینی 2013 لە چەند شارێکی هەرێمی کوردستان.

لە بەشی یەکەمی بابەتەکە خانە، کە مرۆڤ و گشت زیندەوەرێک لێی پێکهاتوە، و پێکهاتەکانی وکارەکانی لە ئاستێکی زانستی سادە باس ئەکرێت، ولە بەشی دووەم چۆنیەتی تێگەشتن لە سیستەمی بەڕێوەچوونی خانە.

لەم سیستەمە ئەبینین کە خانە لەسەر بنەمای تایبەت و بە پەیمانی سروشتی کارەکانی خۆی ئەباتە ڕێوە و کە سیستەمەکەی هەرەمەکی نیە.

## بەشی یەکەم


### خانە چیە ؟

خانە، یەکە وبچوکترین شێوەی ژیانە. گشت زیندەوەرێک پێکهاتوە لە خانە، هەندێ لە یەک خانە (وەکو بەکتیریا)، و زۆربەی زیندەوەران پێک هاتونە لە ژمارەیەکی زۆر لە خانە.

بۆ نمونە مرۆڤ پێک هاتوە لە نزیکەی 100 تریلیۆن خانە.


کۆی چالاکی خانەکان ئەبێتە چالاکی زیندەوەرەکە، واتا زیندەوەر چالاکیەکانی ژیانی ئەنجامی چالاکی خانەکانێتی کە لێی پێکهاتوە.


لە زیندەوەرێ هەر خانەیەک سیستەمێکی تەواوی هەیە: وەکو تاکێکی سەربەخۆ بەڵام بەشێکیش لە کۆمەڵگایەک، کاری خۆی ئەنجام ئەدا.




خانە جۆری زۆرە، هەر خانەیەک لە زیندەوەرەکان تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەروەها، لە هەر زیندەوەرێک چەندها جۆری خانە هەیە. لە مرۆڤ، بۆ نمونە، خانەکانی مێشک جیاوازن لە خانەکانی دڵ، و ئەوانەش جیان لە خانەی ماسولکە، جگەر، هتد. شانەکان پێکهاتونە لە ژمارەیەکی زۆر لە هەمان جۆر خانە. ئەندامەکان وەکو( دڵ، مێشک، جگەر، هتد) پێکهاتونە لە ژمارەیەک لە شانەکان.

وێنەی ڕاست: وێنەکێشی خانەیە و بەشەکانی، هەر یەکیان بە ڕەنگێ. وێنەی چەپ: وێنەیەکی ڕاستی خانەیەکی مرۆڤە کە بە مایکرۆسکۆپی ئەلیکترۆنی بینراوە.




هەرچەنە جیاوازی هەیە لە جۆرەکانی خانە لە زیندەوەرکان، بەڵام بە یەک سیستم کار ئەکەن. و ئەو سیستمە زۆر تایبەتمەندی هەیە.

بەشەکانی خانە

خانەی مرۆڤ پێک هاتوە لە چەند بەشێک کە هەر یەکێ وەکو ژووری ماڵێک یان دەزگای وڵاتێک کاری تایبەت ئەکات.

پەردەی خانە: پێک هاتووە لە چەوری و وەکو

سنورێکە تاکێتی و سەربەخۆیی خانەکە ئەپارێزێ.
لەو پەردەیە چەنەها کەناڵ یان دەروازە هەن کە

## ناووک: پایتەخت یان پەرلەمان یان حکومەت

لێیان هەندێ لە گەردەکان هاتوچۆی خانە ئەکەن، بۆ پەیوەندی کردن لەگەل دەرەوەی خانە و خانەکانی تر. لەسەر هەر یەک لەو دەروازانە پێشواز هەن (کە پرۆتینن) و وەکو کەسانێکن کە کۆنترۆڵی هاتوچۆی ناوو و دەرەوەی خانە ئەکەن و هەروەها پێشوازی ئەکەن لەو مادە کیمیاویانە کە خانەکانی تر ئەینێرن وەکو نامە و پەیامی نێوان خانەکان. ئەو نامانە گرنگن بۆ بەڕێوەبردنی کاری خانەکان (بۆ نمونە، خانەی ماسولکە کە نامەی خانە دەماریەکان وەرئەگرێ ئەبێتە هۆکاری جوڵاندنی).

ناوک: گەورەترین بەشی خانە و گرنترین کاری ئەوەیە کە مادەی بۆماوەیی دنا (DNA) ئەپارێزێت. تێکچونی ناوک و ئەو (دنا) کە ئەیپارێزێ، سەختترین جۆری تێکچونی خانەیە.

سایتۆپلازم (شلەی خانە): ئەو بەشەی خانەیە کە گشت بەشەکانی تر کاری خۆیان لێ ئەکەن.
تۆڕی ئیندۆپلازمی نەرم: لێرەدا چەوری دروست ئەکرێت و هەروەها لادانی مادە ژەهراویەکان.
تۆڕی ئیندۆپلازمی زبر: لێرەدا پرۆتینەکان دروست ئەکرێت.

ئامێری گۆڵجی: لێرەدا پرۆتینەکان بە تەواوی کارا ئەبن وئامادە ئەکرێن بۆ ئەنجامدانی گشت کارەکانی خانە.
لایسۆسۆم: لێرەدا مادە ژەهراویەکان لائەدرێن لە خانە، و مادە بەکارەکان کە تێکچونە جارێکی تر بەکارئەهێنرێن ( ریسایکڵ).

مایتۆکۆندریا و پلاستید: کاریان دروستکردنی ووزەیە.
سایتۆسکێلیتۆن: ژمارەیەک لە تیرۆکەن وەکو هەیکەلی خانەن، و هەروەها وەکو سیستەمی هاتوچۆ و رێگاوبان کار ئەکەن.

لەسەر ئاستێکی بچوکتر گەردەکان هەن.
گەردەکان: وەکو چۆن لەماڵێک کەسانی ئەو ماڵە هەن، ولە هەر یەک لە ژوورەکانی ماڵەکە و لە نێوان ژوورەکان کەلوپەلی ناو ماڵ هەیە، گەردەکان وەکو ئەو بەشانەن لە خانە. کاریان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
ئاو: گشت کارەکان لە ناوەندی ئاو ئەکرێت.
د ن ا (DNA): مادەی بۆماوەیی خانەیە کە تیایا گشت زانیاریەکان دەربارەی ئەو زیندەوەرە هەیە.
پرۆتین: ئەو مادانەی کە کارەکانی خانە جێبەجێ ئەکەن، و کە لەسەر کۆدی (دنا) دروست ئەکرێن.
شەکرەکان: سەرچاوەی ووزەی بەردەستی لە خانە.
چەوریەکان: سەرچاوەی ووزەیە، و چەند کارێکی تر.
گەردە بچوکەکان: یەکەی دروستبونی گەردە گەورەکانن و چەند کارێکی تریان هەیە.

### خانە چۆن کار ئەکا؟

کارەکانی خانە ونێوان خانەکان بە بەردەوامی و لە هەمان کاتا ئەکرێن ولە ئەنجامدانی هەر کارێ بە هەزاران تاک بەشدارن. هەموو کارەکان پێکەوە بەستراون. لە (دناDNA ) گشت زانیاریەکان دەربارەی بەڕێوەچونی خانە هەیە، ئەو زانیاریانە دەربارەی دروستکردنی پرۆتینەکانن کە کارەکانی خانە ئەنجام ئەدەن. هەندێ لە کارەکان پێویستیان بە ووزەیە و ئەویش بە شکاندنی چەوری و شەکرەکان دروست ئەکرێت.

بە بەردەوامی بەشەکان و ئەندامەکان لە ناو خانە (هەروەها لە نێوانی خانەکان) پەیوەندیان هەیە. خانەکان پێویستیان بەوەیە بە بەردەوامی پەیوەندی بە یەک بکەن ونامە بۆ یەک بنێرن بۆ رێکخستنی کارەکانیان. واتا هەر خانەیەک پێویستی بەوەیە کە ئاگای لە دەوروبەری بێت و لەگەڵی پەیوەندی

چالاکانەی هەبێت. ئەم پەیوەندیە یان ڕاستەوخۆیە، یان بە ناردنی نامە (مادەی کیمیاوی وەکو هۆرمۆن یان نامەی دەماری). ئەگەر خانە ئەو نامانەی پێ نەگا توشی گرفت ئەبێت.

کە خانە تووشی گرفت بو و کە گرفتەکە گەیشتە ئاستی مادەی بۆماوەیی DNA) )، هەولی چارەسەری ئەدات بە چەند میکانیزمی تایبەت. کە کێشەکە لە ئاستی چارەسەر گەورەتر بو، بۆ ئەوەی زیان نەدا لە خانەکانی تر، بە پلانی تایبەت خۆی ئەکوژێ. ئەگەر خانە نەیتوانی هەڵەکانی مادەی بۆماوەیی (DNA) چاک بکاتەوە و لە پرۆگرامی خۆ– لەناودان سەرکەوتو نەبو، ئەوە ئەگەری زۆری هەیە ببێتە خانەی شێرپەنجەیی. خانەی شێرپەنجە خانەیەکە کە لە یاساکانی شانەکەی (خانەکانی تر) دەرچوە.

بەشی دووەم

تێگەیشتن لە خانە و سیستەمەکەی نزیکترمان ئەکاتەوە لە تێگەیشتنی ژیان، چونکە ئێمەی مرۆڤ (و گشت زیندەوەرێ) پێک هاتوینە لە ژمارەیەکی زۆر لەو خانانە. ئەکرێ بوترێ کە سیستمی خانە باشترە لە پێشکەوتوترین وڵات.

شێوەی کارکردنی خانە ئەتوانین بە چەند ووشەیەک دیاری بکەین: پەیمانی سروشتی، ڕێکەوتن، بەشی کارا لە کۆمەلگا، دادپەروەری، یاسا، یەکسانی لە کار، دەستور، کارگێڕی، هاوسەنگی و بەشکردنی کار.

ئەگەر وەک وڵاتێ سەیری خانە کەین، بەشەکانی و کارەکانی بەم شیوەیەن:

پەردەی خانە: سنووری وڵات

ناووک: پایتەخت یان پەرلەمان یان حکومەت

سایتۆپلازم: خاک

تۆڕی زبر: ماڵ

ئامێری گۆڵجی: قوتاپخانە یان زانکۆ (یان هەردوکیان)

تۆڕی نەرم: کارگەکان

مایتۆکۆندریا و پلاستید: کشتوکاڵ یان هەر کارگەیەکی خۆراک

لایسۆسۆم: شارەوانی، بەشی پاککردنەوەی شار.

پێشوازەکان: کۆنترۆلی سنورەکان و شارەکان، و بەشی دیبلۆماسی

دنا (DNA): دەستوور

پرۆتین: مرۆڤەکانی ئەو وڵاتەن.

چەوری و شەکرەکان: خۆراک یان هەر سەرچاوەیەکی ووزە.



لێرە خانە وەکو وڵاتێ وێنەکراوە، کە دەستووری وڵاتەکە لە پایتەخت یان پەرلەمان پاریزراوە، کە بە شەکانی خانە وەکو دەزگای وڵاتێ یان بەشی کۆمەڵگا کاری خۆیان ئەکەن، پرۆتینەکان وەکو کەسانی ئەو وڵاتەن.

## چی تێئەگەین لەم سیستمە؟

خانە سیستمی تایبەتی خۆی هەیە و بەبێ ئەو ڕێکخستنە زیندوو نابێت، و هیچ زیندەوەرێک بوونی نیە. هەروەها جۆرەکانی خانە بۆ جێبەجێکردنی کاری تایبەتی خۆیان هەندێ جیاوازی نێوانیان هەیە. گشت ئەندامێک لە خانە کاری خۆی هەیە وهیچی بێ کار نیە. هیچ بەشێک ناتوانێ بێ بەشەکانی تر کاری خۆی بکا. پەیوەندی کردن لە نێوان بەشەکان و گەردەکانی خانە، و هەروەها لە نێوان خانە جیاکان، ئەوپەڕی گرنگە و ئەبێت لەسەر بنەمایەکی ڕاست و روون بێت. بەبێ ئەوە خانە لە ناوئەچێ یان ئەبێتە کێشە بۆ خانەکانی تر (کۆمەڵگا). بەڵام هەرچەنە پێویستە لەگەڵ خانەکانی تر پەیوەندی هەبێت، خانە ناتوانێ کاری خۆی بکات و پەیوەندی تەندروستی هەبێت لەگەڵ خانەکانی تر، ئەگەر ئاستێکی سەربەخۆیی نەبێت.

پەیوەندیکردنی راستی لە نێوان تاکەکان زۆر گرنگە بۆ تەندروستی دەروونی، هەروەها بۆ دروستبونی

**لە نێوان خانە جیاکان، ئەوپەڕی گرنگە و ئەبێت لەسەر بنەمایەکی ڕاست و روون بێت. بەبێ ئەوە خانە لە ناوئەچێ یان ئەبێتە کێشە بۆ خانەکانی تر (کۆمەڵگا)**

کۆمەڵگایەکی تەندروست. ئەمە ڕاستە لە ئاستی وڵاتانیش، ئەو پەیوەندیە ئەبێ لەسەر بنەمای یەکسانی بێت. گفتوگۆکردن و قسەکردنی ڕاستی نابێت لە یەک لابێت چونکە بێ سوودە.

## سیستەمی خانە تشتێک نیە وەکو دەسەڵات بێت، بەڵکو سیستمێکی هاوپەیمانی هەیە

وەکو چۆن گفتوگۆکردن لە خانە تەنها ڕێیە کە خانە بپارێزێ لە شێرپەنجە و لە گرفتی تر، هەروەها ئەمە ڕاستە لە ئاستی مرۆڤ و لە ئاستی وڵاتان. هەر سیستمێ کە بەڕێوەبردنی و گفتوگۆکردنی بە شێوەیەکی بازنەیی نەبێ، یان هاوکاری نەبێ، یان هیچ بەشێکی دیکتاتۆر بێ، ئەو سیستمە خانە تێک ئەدا. سیستمی خانە دیکتاتۆری نیە، وهەروها لە سیستەمی خانە تشتێک نیە وەکو دەسەڵات بێت، بەڵکو سیستمێکی هاوپەیمانی هەیە.

ئەنجامدانی کار پرۆتین ئەیکا، بەڵام بەبێ زانیاری، کە لە چەند لایەکەوە دێت، و بەبێ ووزە ناتوانێ ئەوە بکات، و پرۆتین بەپێی نوسراوی دنا دروست ئەکرێت.
لە هەمان کاتا لە خانە فێرئەبین کە پاراستنی سەربەخۆیی و تاکێتی گرنگە. هیچ ئەندامێک وەکو قالب بیرکردنەوەی ئەندامی تر بەکار ناهێنێ، هەر یەک لە پرۆتینەکان ئەبێ جیا بن و تایبەت بن. بەبێ ئەو تاکێتیە کارەکان ئەنجام نادرێن، و بەبێ جیاوازی کارەکان ناکرێن. هەر خانەیە و هەر ئەندامێک لەو خانەوە ئەبێ بگاتە لوتکەی دەرخستنی تواناکانی خۆی.
تاکێتی و سەربەخۆیی، و لە هەمان کاتا کارکردن وەکو بەشێک لە کۆمەڵگە، هەردوکی گرنگە بۆ خانە لە سەر هەردوو ئاستی بەڕێوەچونی خانەکە خۆی و پەیوەندی خانەکە لەگەل خانەکانی تری ئەو زیندەوەرە. لە ناو خانەکە هەر پرۆتینێ ئەبێ بتوانێ کاری خۆی بە تاکی بکات، بەڵام کاری ئەوانی تر تەواو ئەکات و لەسەر پرۆگرامێ کارەکە ئەکات. ئەمە ڕاستە لەسەر ئاستی کۆمەلگایش و وڵاتانیش، هەر وڵاتێ نەتوانێ سەربەخۆیی ڕاستی خۆی هەبێ ناتوانی بە شێوەیەکی تەندروست پەیوەندی هەبێ لەگەل وڵاتانی تر.

لەسەر ئاستی تاک و کۆمەلگا ئەمە زۆر ڕاستە، تاک بۆ ئەوەی کارا بێت لە کۆمەلگاکەی ئەبێ بتوانێ بە سەربەخۆیی بیر بکاتەوە.
لەم سیستمە ئەزانین کە گرفتی گەورەی خانە کاتێکە کە دەستووری (دنا) تێک ئەچێت. شێرپەنجە و چەند نەخۆشی تر تێکچوونە لە ئاستی (دنا)، وڤایرۆس هەتاکو هێرش نەکاتە سەر دەستوری خانە، هیچ ناتوانێ بکات.

لە پێکهاتەی بنەمایی خۆمان، و لە سروشت ئەتوانین زیاتر تێبگەین لە کێشەکانمان. دوورکەوتنەوەمان لەو سیستەمانەی کە بنەمای ژیان لەسەری بەڕێوەئەچن، ناسروشتیە.
سیستەمی وڵات و خێزان وخوێندنگا تێک ئەچن ئەگەر سیستەمی لە سیستەمی خانەی سروشتی نەکا، لە ئەنجامدا خۆی خۆی تەواو ئەکات.



# شەڕی دژە تیرۆر و عەقڵی سیاسی کوردستانی



کـــاوە نادر

هێزە کوردستانییەکان ئەکتیڤترین و جەربەزەترین هێزی زەمینی دەرچوون لەشەڕی دژە داعشدا و گورزی کەمەرشکێن و جەرگبڕیان لە جەستەی سەربازی داعش وەشاند، کە زۆر لە سوپای وڵاتانی ناوچەکە بەو هەموو چەکە پێشکەوتووە و تواناو شارەزاییە سەربازی و دارییەی هەیان بوو، نەک نەیان توانی هەر خۆڕاگربن و گورز بوەشێنن بەڵکوو لەبەرامبەریاندا خراپ بەزین!، کەچی شەڕڤانان و پێشمەرگە بەو چەکە کلاسیکییەو نانە رەقییە، توانیان تەقڵە بە داعش لێبدەن و هەیبەتیان بشکێنن!، ئیتر چیتر دروشمی «داعش دەمێنێ و فروان دەبێ» بەگەرمی بەرز نەکەنەوە و هەڵوەستەی لەسەر بکەن!، بۆیە بە پێی دەرئەنجامەکانی مەیدانی لە گۆڕەپانی سەربازی و بەرژەوەندیی زلهێزییەکان و گۆڕانکارییە چاوانڕوانەکانی ناوچەکە، کوردستان لەناو جەرگەی ئەو گۆڕانکارییانەدایە و واش مەزەندە دەکرێ ئاکامی باش و دەسکەوتی گەورەی لێ بکەوێتەوە کە لە پرۆژە نەتەوەییەکەی کوردستانی نزیک بێتەوە!، بەڵام فاکتەرە ناوخۆییەکانی کوردستانی دواکەوتوون و لە ئاستی فاکتەرە دەرەکیی و بابەتییەکانی کە بۆی فەراهام بوون نین و بگرە زۆر جار ڕێگری بۆ ئەو خواستە دەکەن و لە ڕێچکە ئاسایی خۆی دووری دەخەنەوە.

### عەقڵی سیاسی کلاسیکی کارەساتی لێدەکەوێتەوە

سەرهەڵدان و قەبەبوونی جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانی لەدوای هەرێنامەی لۆزان، ئەو جولانەوەیە بە حوکمی کۆمەڵێک فاکتەر، نەیتوانییوە لە چوارچێوە ئاساییەکەی خۆی خەبات بکات و تەنیا هێندە ڕێگەی پێدراوە و دەرفەتی دراوەتێ لە کەلەن و پەراوێزی ڕووداوە گەرمەکانی کە لە ناوچەکە دەگوزەران گەمە بکا و جولە بکات و داخوازییەکانی بەرزکاتەوە، لەلای دیکە زۆر جار گەلەکۆمەکییەکانی سەر جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانی یەکجار گەورە بوون هۆکاری هەندێک لە گەلەکۆمەکییەکان و پێکهاتە و توخمەکانی ئەو گەلەکۆمەکییە لەلایەن رابەرانی ئەو جولانەوەیە نەدەزانراو شرۆڤەیان پێ نەدەکرا و زۆربەی جاریش نەیاندەتوانی لەبەردەم ئەو هەموو پاشقوولگرتن و سەنگەرگرتنانەی لە ختو خۆڕای کە هەندێکیان خۆیان بەدۆست لەقەڵەم دەدا، زەفەریان پێ ببەن و توشی بێ ئومێدی و هەرەس دەهاتن!!!.

**دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستانی ئێستاش وا دەزانن کە رۆڵی ئەقلیمی هەمان رۆڵی دەورانی شەڕی ساردی هەیە**

هەر بۆیە «شکست و هەڵسانەو شکست» وەک دیاردەیەکی ئەو جولانەوە تا دوای ڕاپەڕین دەبینرێ لە باشووری کوردستاندا، ئەوجا هەرەسە لەپڕەکەی شۆڕشی ئەیلول وپاشقوڵگرتنی ئەمریکا و ئیسرائیل لە مستەفا بارزانیی ساڵی ١٩٧٥دا، ترسی دووبارە بوونەوەی ئەو کارەساتە لە ناخی ئەو رابەرانەدا بوونی هەیە، وای کردوە و پاڵی پێوەناون، بەردەوام پشت بە هاوکێشە ئەقلیمی و نێودەوڵەتییەکان ببەستن و ببنە بەشێک لە ئەجینداکانیان و پشت لە پێگەیاندن و رۆڵی فاکتەرە ناوخۆییەکان بکەن!، ئەم ریتمەی کە عەقڵی سیاسی بە شێوەی ڕێژەیی بەڕێوەی دەبەن لێرەو لەوێ تا ئێستاش پەیرەوی دەکەن و وایان لێهاتووە بەبێ بەرنامەیی و بۆ بەرژەوەندی حزبایەتی و شەخسی، سەنگەر لە هەندێک بگرن و بچنە نێو ئەجندای هەندێکی دیکە، لە کاتێکدا هاوکێشە ئەقلیمییەکان دژ بە کوردستانیان و نێودەوڵەتییەکانیش دیماگۆگی

و پراگمتیکیانە مامەڵە لەگەڵ دۆزی کوردستانی دەکەن و وەک دۆزی نیشتمانێکی داگیرو دابەشکراو هەڵسوکەوتی لەگەڵدا ناکەن!!.

بۆیە لەدەورانێکدا کە وەک لەسەرەوە باسمان کرد ئەکتیڤترین هێز لەناوچەکە بێ و چاڵە نەوتییەکان لەژێر خاکی بێ، کە مەرامی سەرەکی دەستبەسەراگرتنی زلهێزەکانی کەپیتالیزمە لە ناوچەکە!؟ کەچی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستانی ئیستاش وا دەزانن کە رۆڵی ئەقلیمی هەمان رۆڵی دەورانی شەڕی ساردی هەیە و بە هەمان مەنهەجیەتی دەورانی شەڕی ساردا هەڵسوکەوت لەگەڵ وڵاتانی ئەقلیمدا دەکەن، پێگەو بەژمارەبوونی کوردستان لەبەرچاو ناگرێ و بەهەردوو پێ دەکەوێتە نێو خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هەندێ وڵاتانی ناوچە کە دووشەشیان لەدەست تۆپییوە و لەهەموو دونیا گرووو و بێزەوەرن!!، کەچی کاکی دەسەڵاتی کوردستانی تاکە گرەو لەسەر ئەو وڵاتە دەکات!!؟.

## پەیڕەوکردنی سیاسەتی سەرکێشیکردن

سیاسەتی سەرکێشیکردن کە بەکوردییە پەتییەکەی سیاسەتی سەرشێتانەشی پێ دەگوترێ، پێویستە لە هەندێ کات و سات و هەل و مەرجدا ئەنجام بدرێ، ئەوەش دانایی و لێهاتووی سەرکردە دەتوانێ دەستنیشانی بکاو ئەنجامی بدات، ئەوەتا «ماو» لە چین و «هۆشی منە» لە ڤیتنام و «تیتۆ» لە

## جاڕدانی دەوڵەتی کوردستانی رەتدانەوەیەکی سیاسی و تۆڵەکردنەوەی گەورەی ئەو هێرش و پەلامارە بوو

یۆگسلافیا، لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی وڵاتەکانیان و «جەلال تالەبانی» لە شۆڕشی نوێی باشووری کوردستان و « عەبدوڵلا ئۆج ئالان» لە تەباخی ١٩٨٤دا جاڕدانی شەڕی چەکداری لە باکووری کوردستان، ئەو سیاسەتەیان پەیڕەو کرد و جۆرێک لە موجازەفەیان ئەنجامداو تیادا سەرکەوتووش بوون!، ئەو جۆرە سیاسەتە لەهەندێ کات و هەلومەرجدا نەکرێ و مل لە تیخ نزیک نەبێتەوە، ئەوا ناتوانرێ هەنگاو بەرەو ئاسۆی نوێ هەڵنبرێ، لەدەورانی شەڕی دژە تیرۆری داعشیشدا، ئەگەر چی بەرەی دژە کوردستانیان کەم نیین و بەشی زۆری هێرشەکانی داعش بۆ سەر خاکی کوردستان بوو، لەگەڵ ئەوەش جاڕدانی دەوڵەتی کوردستانی رەتدانەوەیەکی سیاسی و تۆڵەکردنەوەی گەورەی ئەو هێرش و پەلامارە بوو، بەڵام بەداخەوە لەبری ئەوەی ئەو سیاسەتە سەرکێشییە بۆ بەرەی دوژمنان ئەنجام بدرێ، ئەوا سەرکردایەتی کوردستانی دوو دڵی و لەرزۆکیان لەبەردەم ئەو داخوازییە جەماوەرییە نیشان دا و بوێریان تیا بەدی نەکرا و خۆیان شاردەوە لەو خواستەو کات و هەل و مەرجی ئەو جاڕدانەیان لەدەست دا!!، بەم شێوەیە جارێکی دیکە عەقلی سیاسی کوردستانی بێ توانایی و سەرلێشێواوی خۆی بۆ هەموو لایەک نیشان داو پتر هەڵپەی باوەشی بە عێراقبوونەوە دەدا لە دوای ئەو شکستە سیاسیانەی کە بەسەر خۆیدا داهینا، کە لەناوەڕکدا قوڵکردنەوەی قەیرانەکانە کە رووبەروویان بۆتەوە.

## بارگرانی سەرکردەکان بەسەر دۆزی کوردستاندا

ئەگەرچی وا باوە کە سیاسەت هونەری مومکیناتە بۆ بەرژەوەندی گشتی و یەکخستنی میللەت، بەڵام ٢٤ ساڵە پێچەوانەکەی پراکتیزە دەکرێ لە باشووری کوردستان بۆ بەرژەوەندی تەسک و تایبەت کە «ململانێی بۆ نفوز و پەرتەوازەیی میللەت، لە پێناو دەسکەوتی مادی و مەعنەوی»، ئەمەش بەندە بە کەسانی هەڵسوڕاوانی سیاسی نەک سروشتی




سیاسەت، کۆمەڵێکی خۆسەپێنەر بەسەر دەسەڵات، بازرگانی بە سیاسەت و سوککردن و سوکایەتی بە

سیاسەت لە لایەن دەسەڵاتەوە لێکەوتۆتەوە، کە لە ڕاستی ئەو زانستە دوورەو ئەو دوورکەوتنەوەش لە زەرەر بەولاوە هیچ قازانجێکی دیکەی بە دۆزی کوردستانی نەگەیاندووە، ئەوەی لێی بەرپرسن لەبەردەم ئەو دوورکەوتنەوە لە ناوەڕۆکی سیاسەت و زەمینەی سەرمایەی سیاسی بۆ سەرمایەی

**«هەموو دەم فکر دەورەی دراوە بە واقیع»**

دارایی خۆشکردوە، گەندەلی و دەست بەسەراگرتن و خۆپەرستی سەرکردایەتی سیاسی باشووری کوردستانە لەو نێوەندەدا، کە لە لایەک دەرفەتی نەدا دۆزی کوردستان پڕ بە پێستی خۆی پێی خۆی ڕاکێشێ لە ناوچەکە و لەلای دیکەوە خۆسەپاندن و دەست بەسەرداگرتنی مەرکەزی ئەو بڕیار دان و توانا ئابووری و سیاسییانە بوو بۆ ئەو مەبەستە، بۆیە ئەگەر دەست گرتن و زەوتکردنی ئەو مافە لەلایەن ئەو سەرکردانە نەبوایە ڕەنگە دۆخی دۆزەکەی کوردستان بەلایەکیدا دەشکایەوە کە باشتر خزمەتی بکردایە بۆ ئەو مەبەستە، تەنانەت هەندێکی لە کورتبینی سەرکردایەتی و هەندێکی لە درک پێ نەکردنی دەبینرێتەوەو هەندێکی لە پەلەکردنی ڕاگەیاندنی و هەندێکی دیکەی لەساتەوەختی نەگونجاو پێشوەخدا دۆزەکەی شێواندوەو وەک لینین گۆتەنی « ئەورۆ زووەو و سبەی درەنگە « ڕەچاو نەکرا بێ و لێ نەهاتوویی خۆیان نیشان داوە، بۆ ئەو مەبەستەیە، کە لەکۆتاییدا بە نەرێنی بەسەر تەواوی دۆزەکەدا شکاوەتەوە!!.

چالدێران و ئیدریسی بەتلیسی خۆی نوێدەکاتەوە عەقلی سیاسی کوردستانی پارچەگەرییە و پشت بە ڕەهەندە نەتەوەییەکانی کوردستانی نابەستێ و دۆزی کوردستان وەک یەک مەسەلە سەیر ناکەن و بەڵکوو وەک چەند مەسەلەیەک سەیری هەر پارچەیەکی کوردستان دەکەن و لە نێو ئەو وڵاتانەی بەسەریان دابەشکراوە دەنۆڕن!!، بۆیە داڕسان بۆ خەبات لە باشووری کوردستان لە چوارچێوەی دەسکەوت بە تەنیا بۆ خۆی هەوڵ دەدات، ئەوەش پاڵی پێوە دەنێ کە پشت بە هەندێ وڵاتانی ئەقلیمی ببەستێ کە ئیستا لە ململانێدان لەگەڵ یەکداو هەردوو تەوەربەندیش نەک هەر هیچیان بۆ دۆزی کوردستان پێ نییە، بەڵکوو تەوەربەندییەکەیان بۆ دژایەتی کوردستانیان پێکهێناوە، ئەم ڕەوشە وا دەکات مێژووی شەڕی چالدێران و ڕۆڵی ئیدریسی بەتلیسی بە بەرگێکی دیکە نوێبێتەوە لە دەورانێک کە زروفی بابەتی یەکجار لەبارە بۆ سەربەخۆیی کوردستان!؟، کە تیادا عوسمانییەکان کوردیان خافلاندو دوای تەواو بوونی شەڕەکە، هەرچی دەسکەوت هەبوو لە میرنشینە کوردییەکانیان ستاندەوە، ڕەفتاری ئێستای دەسەڵاتی باشووری کوردستان لە بری پشت بەستن بە قوڵایی ڕەهەندی نەتەوەیی و جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانی، ئەوە بۆ جارێکی دیکە گرەو لە تورکیای ئەردۆگان دەکەن، کە لە ناوەڕۆکدا بۆ بەرژەوەندی حزبی و تایبەتە نەک دۆزی کوردستان.

### دامودەزگاکان هێمای دیموکراسیەتە

لەوەتەی ئەمریکا هاتۆتە ناوچەکە، هەوڵی داوە ئارامی ناوچەکە بپارێزێ و برەو بە چەمکەکانی دیموکراسی بداو لە واقیعی ناوچەکەدا بەرجەستەی بکات، بە داخەوە لەم دواییانەدا دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان بە تایبەتی پارتی دەستی بۆ هەردووکیان برد! بە بڕیارێکی تاکەکەسی هەردوو حاڵەتی خستە ژێر پرسیارەوە، کە مسۆگەر ئەمریکا و ئەوروپییەکان لێی ڕازی نابن و ئەوان ڕێز لە بوونی ڕای گشتی و پاراستنی مافی مرۆڤ و ماف و ڕۆڵی ژنان و کۆڵگەکانی دیکەی مەدەنیەت دەگرن، کەچی پارتی بە بڕیارێکی نایاسایی، بە تایبەتی ڕۆڵی ئەو دەزگایانەی کە خەڵک دەنگی پێداون لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا، لە ڕێگەی هێز و بڕیاری تاکە کەسی پووچی کردەوە، وەک زانای بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەلمانی (هابرماس) دەڵێ « هەموو دەم فکر دەورەی دراوە بە واقیع»، ئەو قسەیەی لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان بەرجەستە بوو، هێز دەتوانێ فتی دیموکراسیەت بکات!!، ئەوا ڕێک لە باشوور ئەو کارە ئەنجام درا. بەڵام نائاسودەیی مرۆڤی کوردستانی لە بازرگانی کردن بە کوردایەتی و پێگەیشتنی نەوەی دوای ڕاپەڕین کە لەوەتەی چاوی کردۆتەوە

له نایەکسانی و نادادوەری ژیان دەگوزەرێنێ و تووشبوونیان بە بتی تازە!! و فاروق رەفیق گۆتەنی «شکاندنی بت تەنیا بە فەیلەسوفە کلاسیکییەکان دەکرێ» و هیگلیش گۆتەنی «عەقلانیەت ئامانجە بۆ ئازادی و نوێخوازی» هابرماسیش هێوە تر دەڕواو دەڵێ»عەقلانیەت کلیلی هەموو ئازادیەک نییە، بەڵکوو تەنیا زەمینە بۆ ئازادییەکان خۆش دەکات»، ئەگەر هابرماس بانگەشەی ئەوە دەکا « عەقل بە دیفاکتۆ دەوردراوە»، بەڵام بۆ وەڵامدانەوەیدا، دووبارەی قسە جوانەکەی هیگل دەکەمەوە کە دەڵێ «ئیرادەی سەربەخۆ(رادیکال)دەتوانێ سنووری دیفاکتۆییەکان ببەزێنێ» و دەسەڵاتێک کە رێز لە راو ئیرادەی زۆرینە و عەقلانیەت و نوێخوازی نەگرێ ناتوانێ دەسەڵاتێکی مۆدێرن و دیموکراسی بێت و بەردەوام بارگرانی دەبێ بەسەر خواستی خەڵک.

## رێگەی سێیەم چارەسەرە

فەشەلی عەقلی سیاسی باشووری کوردستان لە رووی ئیداری و سیاسی و دیبلۆماسیی و ئابووری و نقوم بوونی دەسەڵات لە گەندەلی و نا یەکسانی و نادادوەری لە دوای راپەڕین تا ئیستاکەیدا نارەزایی دروست کرد، بەڵام وەک کانتی ئەلمانی گۆتەنی « فکر تەنیا هێز لە راستییەکەی وەرناگرێ بەڵکوو ئەوکاتە دەبێتە هێز کە کەرامەت و داخوازییەکانی مرۆڤ بپارێزێ» و کاتێ ئەو فکرە دەبێتە ئیرادە بۆ پرۆژەی نوێخوازی، هەوڵدەدا پیرۆزییەکانی کۆمەڵگەی دواکەوتوو بشکێنێ و نیچە گۆتەنێ « ئیرادە هێزی جەربەزەیە کە دەتوانێ سنوری دیفاکتۆ ببەزێنێ»، دیکارتی فەرەنسیش دەڵێ « نوێخوازی دەبێتە هێڵی دەسپێکی شکاندنی کۆنەپارێزی و دەسەڵاتی سیوکراتی بۆ مەیینی مۆرکی پرۆژەی نوێخوازی «، بۆیە دۆراندی ئۆپۆزسیونی لە باشووری کوردستان، لەبەرامبەر ئەو دروشمانەی کە بەرزیان کردبویەوە لە کاتی هەڵبژاردن و دەرەوەی دەسەڵات، کاتێ بوونەتە بەشێک لە دەسەڵات یاخود چوونە نێو جغزی دەسەڵات، خۆیان لێ دزییەوە، ئەو هەڵوێستەی ئۆپۆزسیون، بێ ئومێدی لەلای جەماوەر دروستکرد، کوردستان، کە یەکێ لەمەکۆکانی ئەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەییە لە ناوچەکەدا، وای کردوە کێرڤی نارەزایی خەڵک لە زیادبووندا بێ و تەبەلور بکات و قسە و گوزارشت تێپەڕێنێ، رێچکەی سێیەم بگرنە بەر بۆ خواستی خەڵک لە دابینکردنی کارە خزمەتگوزارییەکان و هەم خواستە نەتەوەییەکاندا، ئەگەر چی هێشتا بە تەواوی لەسەر پێی خۆی نەوەستاوە و مۆرکی خۆی نیشان نەداوە بە تەواوی، بەڵام هێڵە گشتییەکانی خۆی مەیاندووە و هەڵپەی ئەوە دەکات کە لەدەرگای مەزنتر بدات بۆ خۆسەلماندن، لە رێگەی هەڵبژاردنێکی پێشوەختەی سەرتانسەری لە باشووری کوردستان، کە ناکرێت !!، بۆ سنووردانانی ئەو قەیرانە فرە لایانەی کە رووی لە باشووری کوردستان کردووە، جەماوەر ناچارە دەست بۆ خەباتی مەدەنی ببات!.

---



**سەرچاوەکان:**

د. عصام سليمان/مدخل الى علم السياسة /الطبعة الثانية/١٩٨٩ ص٩_١٥

ابن داود عبدالنور/ المدخل الفلسفي للحداثة/ ٢٠٠٩ الطبعة الاولى/ ص ١٢_٤٦

فاروق رەفیق/ بت سازی و بت شکاندن / بەشی دووەم / رۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ١٥٢

# ئەقلیەتی ناوەندگەرای دەسەڵاتدار، وڵات بەرەو دیکتاتۆریەت دەبات



سەردار ستار

قەیرانی دەسەڵاتداریەتی و خۆسەپاندن و دیکتاتۆریەت یەکێکن لەو نەخۆشیە کوشندانەی کە زۆربەی گەل و میللەتان ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەتایبەت ئەوانەی داماڵدراون لە دیموکراتی و نرخ و مافە سەرەتایەکانی مرۆڤ، بێگومان هیچ یەکێک لەو دەسەڵات و دەوڵەتانە خۆیان نەیان گوتوە کە بوونەتە بارێکی گران بەسەر کۆمەڵگاوە، بەڵکو خۆیان لەئاستی باڵا بەپارێزەر و نوێنەری بەرژەوەندیە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان دەزانن و ئەگەر ئەوان نەبن ئەوا وڵات تووشی ماڵوێرانی دەبێت.

بێگومان ئەوەی باس دەکرێ سەبارەت بە قەیرانەکانی دەسەڵاتداریەتی و ئەو گێژاوەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگە بۆتەوە بۆیە دەسەڵاتداریەتی وەک نەخۆشی سەیردەکرێت، چونکە پرسی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و پرسی دەسەڵاتداریەتی دوو پرسی جیاوازن، بۆیە دەبێ کاتێک باسی دەسەڵات دەکەین دەبێ وەک نەخۆشی باسی بکەین نەک وەک ئیمتیاز، چونکە ئەمرۆشی لەگەڵ دابێ پۆست و پلە و پایە وەک ئیمتیاز بۆ کەسێک و بۆ کۆمەڵگەیەک ئەژمێردرێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانە سێ نەخۆشی بۆماوەین کە لە نەخۆشی دەسەڵاتداریەتی و کۆمەڵگەی پلەداری بۆ ئەمڕۆی مرۆڤایەتی ماوەتەوە« وەک شێرپەنجەی کۆمەڵگاش بەناو دەکرێت». ئەوەی ئەمڕۆ لەکۆمەڵگەی ئێمە بۆ دەسەڵات باسدەکرێت وەک ئیمتیازێک پەسند دەکرێ، ئەمەش وایکردوە کە هەرکەسە و هەڵپەی دەسەڵات و پۆست و پلەو پایەیی بێ، زۆرترین ناکۆکیش لە کۆمەڵگەی ئێمە لەسەر ئەوەیە کە کەمترین پلە یان پۆست یان پایەیی بەدەست کەوتوە، واتا ئەگەر دەستی بگات بە پلە و پۆست و پایە، ئەوکات دەنگ ناکا و لەبەرامبەر هەموو تاوان و کردوە ناشیاوە نادیموکراتیەکانی دەسەڵات خۆی لێ نەبان دەکا و وای نیشاندەدات وەک ئەوەی لەو وڵاتدانییە.

دەسەڵاتداریەتی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش دروست بوونی دەوڵەت، بۆیە کاریگەریکەی تائاستێکە نەتەنها لەسەر بەڕێوەبەران و ئەوانەی حکومیان لەدەستدایە هەیە، بەڵکو کاریگەری لەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە، ئەوەش وایکردوە کە سازشبکرێ لەسەر نەخۆشیەکانی دەسەڵاتداریەتی و هەرکەسە و ئەوەی بەرامبەر تاونباردەکا، بەڵام لەبنەمادا تاکەکانیش وەک دەسەڵاتداران لە نەخۆشیەکە بەدەرنین. بێگومان کاتێک سیستەمی دەوڵەتگەرای بونیادی خۆی لە دەوڵەتە شاری سومەر و بابل دانان، دەسەڵاتداریەتی لەناو قوڵایی دەوڵەتدا خۆی گوزارە کرد، بۆیە کاتێک خوێندنەوە بۆ دەسەڵاتداریەتی دەکەین بێگومان دابڕاونییە لە دەوڵەت، بۆیە دەبێ دەسەڵات و دەوڵەت پێکەوە پێناسە بکرێ. دەسەڵات و دەوڵەت سیمایەکی پیاو سالاری پێوەیە بۆیەش ئەڵێن تەمەنی دەسەڵاتداریەتی و پیاو سالاری 5000 ساڵە، ئەمە پێوانەیە بۆ تەمەنی دەوڵەت، هەمانکات بۆ تەمەنی پیاو سالاریش، بێگومان هەردووکیشیان دوو نەخۆشین کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تا ئەمڕۆ بەدەستیانەوە دەناڵێنێت.

## لەبنەمادا تاکەکانیش وەک دەسەڵاتداران لە نەخۆشیەکە بەدەرنین

لە 5000 ساڵی تەمەنی دەوڵەتدا بەقەد ئەو دووسەد ساڵەی ڕابردوو کۆمەڵگە نە چەوساوەتەوەو نە کۆمەڵکوژ کراوە، هەمانکات لەماوەی ئەو 200 ساڵەشدا سەدەی بیست زۆرترین دەوڵەتی تیا دروست کراوە، هەمانکات هەردوو شەڕی جیهانیش هەر لەو سەدەیەدا کراوە، بەڵام ئەم جارە بە

**شەڕی جیهانی یەکەم ئەو دابەشکاریەیی لە پەیمانی سایکس بیکۆ و ئەنقەرەو لۆزان کران پێوانەی سەرەکیان بەگوێرەی دەوڵەت – نەتەوەی سیستەمی سەرمایەداریدانران**

مۆدێلێکی جیاوازتر لەژێر سیستەمێکی جیاوازتر، سیستەمی سەرمایەداری لەو 200 ساڵەی رابردوو شێوەیەکی تری دا بەدەوڵەت بەناوی دەوڵەت – نەتەوە، هەمانکات وەک ئەلتەرناتیفێکی دانا بەرامبەر سیستەمی دەربەگایەتی کە مۆدێلەکەی ئیمپراتۆریەت بوو، بۆچی دەوڵەت – نەتەوە پێشخرا؟ چونکە پرسی نەتەوەکان وەک کێشەیەکی سەردەمیانە دەرکەوتە پێش، ئەمەش وایکرد لە چارەسەریەک بگەڕێن، بەڵام چارەسەریەک لەسەر بنەمای چینایەتی و بەگوێرەی پێشکەوتنی ئابووری بەتایبەت پێشکەوتنی پیشەسازی، لەسەر ئەو بنەمایە لە شەڕی جیهانی یەکەم ئەو دابەشکاریەیی لە پەیمانی سایکس بیکۆ و ئەنقەرەو لۆزان کران پێوانەی سەرەکیان بەگوێرەی دەوڵەت – نەتەوەی سیستەمی سەرمایەداریدانران.

لەبەر ئەوەشە سەیردەکەین بەدەیان دەوڵەت لە دەوروبەری ئێمە دانران، نەتەوەی عەرەب باشترین نمونەیە کە کراوەتە 22 دەوڵەتۆچکەی پارچەپارچە و دژبەیەکتر، بێگومان پارچەکردنی کوردستانیش بۆ چواربەش و ئەوەی تا رۆژی ئەمڕۆ بەدەستیوە دەناڵێنین؛ ئەویش دەوڵەت – نەتەوەی تورک، فارس و عەرەبە، هەمانکات ئەوەی نەشیهێشتوە تێکۆشانی نەتەویی کوردستانی سەرکەوێ ئەویش سوڕانەوەیە لەناو بازنەیی داخراوی دەوڵەت – نەتەوەیی سیستەمی سەرمایەداری.

تۆماس هۆبز گەورە فەیلسوفی سەرمایەداری دەوڵەت بە لیڤی ئاتان بەناو دەکات، ئەو دەستەواژەیەیی لە پەرتوکی پیرۆز تەورات وەرگرتوەو و بۆ دەوڵەتی بەکارهێناوە« لیڤی ئەتانیش وەک دێوی ناو دەریا بەناو دەکرێت»، پرسیارە گەورەکە ئەوەیە بنەمای سیستەمی سەرمایەداری بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەکان لە دەوڵەتدا چڕ کردۆتەوە، دەوڵەتیش مۆدێلێکی 5000 ساڵەیە، کێشەی کۆمەڵگاش تەنها کێشەی نەتەوەیی نییە، بەڵکو سەدان بگرە هەزار کێشەی جۆراو جۆری هەیە کە سەرچاوەی هەموو کێشەکانیش ئەگەڕێتەوە بۆ چەمکی دەسەڵات و دەوڵەت. بێگومان کاتێک باسی دەوڵەت دەکەین ئەوە ناکرێ هیگلیش لەبیربکەین.

لەگەڵ دەرکەوتنی شۆرشی بەلشەفیک و دەرکەوتنی مۆدێلی سیستەمی سۆسیالیستی، بەناوی خاوەن دەرکەوتن لە چینی هەژار و گەلانی بندەست و دروستکردنی دەوڵەتی پرۆلیتاری وانیشاندرا کە سەردەمێکی تر بۆ ئازادی گەل و نەتەوەکان دەستی پێکردوەو ئیتر گەلانی بن دەست و نەتەوە چەوساوەو بەشبەش بووەکان لەژێر ئالای سیستەمی سۆسیالیستی سەردەکەون، بەڵام کۆتاییەکەی وادەرنەکەوت، هیچ نەبێ بۆ نەتەوەیی کورد وادەرنەکەوت، چونکە دەوڵەتی سۆسیالیستی سۆڤیەت پەیوەندی لەگەڵ هەموو داگیرکەران و هێزەکانی کوردستانیان دابەش کردوە هەبوو بە لینینیشەوە، بەڵام هیچ رۆژێک نەبوونە کارئاسان بۆ ئازادی و رزگاری گەلی کوردستان.

## «دەوڵەتی سۆسیالیستی ئاوی بەئاشی دەوڵەتی سەرمایەداری داکرد»

ئەوەی ئەمڕۆ لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە دەکرێت بەتایبەت رێبەر ئۆج ئالان زۆر بەبوێرانە پەنجەی لەسەر داناوە ئەویش دەڵێت «دەوڵەتی سۆسیالیستی ئاوی بەئاشی دەوڵەتی سەرمایەداری داکرد» هەروەها دەڵێت جیاوازی چیە لەنێوان دیکتاتۆریەت جا ئەوە بەناوی سەرمایەداری و ئابووریەوەبێت یان بەناوی سۆسیالیزم و پرۆلیتاریاوەبێت» بەمانایەکیتر چەوسانەوەو نەکۆڵیکردن بەهەر ناوێک ئەبێ کێشە نییە، کێشە ناوەڕۆک و سیستەمی بەڕێوەچوونی کۆمەڵگایە. ئەوە هۆکارێکی سەرەکی بوو کە لە سەدەی بیستەم زۆربەی بزووتنەوە سیاسی و

چەکداریەکانی کوردستان و گەلانی بندەست دەکەوتنە بەرەی سۆڤیەت و دەوڵەتی سۆسیالیستیان بۆ ئازادی و رزگاری دەکردە ئامانجی تێکۆشانیانن، بەڵام سەیرکەین ئەوانەی گەیشتن بە ئامانج و دەوڵەتیان دروست کرد، لەکۆتایدا بوونەوە دیکتاتۆر و رژێمی ملهور، ئەوانەی دەوڵەتیشیان پێ دروست نەبوو بەنائومێدی سەریان نایەوە. لێرە دەبێ خاڵێک ئاماژە بکەین کە دەکا خاڵی هاوبەش لەنێوان هەردوو شێوەی دەوڵەت چ وەک سەرمایەداری چ وەک سۆسیالیستی، ئەویش دیاری کردنی پێوانەی نەتەوەبوونە، لای هەردووکیان کورد وەک نەتەوە دیاری نەکراو کوردستانیش وەک

## پرسی تێکۆشان لەپێناو ئازادی و سەربەخۆی کوردستان بچوکرایەوە

نیشتمان، بۆیە سەرئەنجام هەردووکیان بەهەمان پێوانەی کورد لەسەر خاکی خۆی میوان ئەبینرا، هەروەها ئەو ئاماژەو ناو لێنانانەی داگیرکەران و نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان لە کوردیان دەنا ئەوانیش هەمان پێناسەیان پەسندبوو، نمونەی تورکی کێوی یان شاخاوی لای تورکیا و تێکدەرو یاخی بوو لە عێراق و لە سوریاش وەک پەناهەندە و بێ ناسنامە دەناسران، لە ئێرانیش کورد هەیە، بەڵام بێ مافی خۆبەڕێوەبردن و زمان و کلتور و بێ مێژوو.

دوای شەڕی جیهانی دووەم مۆدێلی دەوڵەت – نەتەوە زیاتر خۆی سەپاند، مۆدێرینیتەی سەرمایەداری لە لیبرالیزمدا گۆڕانکاری کرد و زیاتر پەرەی بەخۆیدا، سۆسیالیزمیش لە بلۆکێکدا بووە یەکێک لە زلهێزە جیهانیەکان، مرۆڤایەتی پارچە و دابەشکرا. بۆیە پرسی تێکۆشان لەپێناو ئازادی و سەربەخۆی کوردستان بچوکرابویەوە لە چورچێوەی ئۆتۆنۆمی یان ئۆتۆنۆمی راستەقینە، تا ساڵی 1991 بەدەر لەوە شتێکیتر نابینین، پەسندکردنی ئۆتۆنۆمی واتا پەسند کردنی هەمان چوارچێوەیە کە دەوڵەت – نەتەوە بۆ ئێمەی دیاری کردوە، بەهەمانشێوە لە دوای ساڵی 1991ش بەدواوەو فیدرالی بووە ستراتیژی بزووتنەوی سیاسی باشوری کوردستان، بەڵام فیدرالیەتیش لە ئۆتۆنۆمی زۆر جیاوازتر نییە، هەمان چەمک و نزیک بوونە، بەڵام بە چوارچێوەیەکی تۆزێک فرەوانتر، بۆیە لەدوای رووخانی رژێمی بەعس پرسی چارەسەری نەتەوەیی کورد کەوتۆتە رۆژەڤەوە لە دوو چوارچێوە، چوارچێوەیەیی رەسمی لەگەڵ بەغدا چارەسەری لە فۆرمی فیدرالی و مانەوە لەگەڵ عێراقدا» چوارچێوەی دووەم بەشێوەیەکی نافەرمی ئەویش هەرێمی کوردستان ببێتە دەوڵەت – نەتەوەیەکی سەربەخۆ.

لایەنە سیاسیەکانی باشوری کوردستان تا ئێستا خوێندنەوەیەکی واقعیان بۆ پرسی هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت نەکرد، هەمان ئەو حیساب و کتابەی سەدام کردبووی زیاتر بەدواداچوونیان بۆ نەکردوە، چونکە تائێستاش سۆسیالیزم و پرسی چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی سەردەمی جیهانی دوو جەمسەریەوە سەیر دەکرێت، بۆیە پرسەکانی کۆمەڵگە بوونەتە بەشی کۆتای یان بەهیچ ئەژمێردرێن و تەنها فۆرم و کەرەستەکانی دەوڵەت قسەیان لەبارەوە دەکرێت. چونکە دەوڵەت – نەتەوە پەردە دەخاتە سەر پرسەکانی جڤاک و بەتەنها پرسی نەتەوە زەق دەکاتەوە، ئەمەش لە ئەوروپا بەناوی ناسیۆنالیزم بەناوکرا، دەبێ بۆ ئەوروپا ناسیۆنالیزم بەواتای نەتەوە پەرستی بێ و بەشێکیشە لە شۆڤینزمی نەتەوەیی، بەڵام دەبێ ئێمە دوو شرۆڤە بکەین، پرسی وڵاتپارێزی و نەتەوە پەروەری» هەروەها نەتەوەپەرستی و کۆنەپەرستی و خۆسەپێنی بەسەر کۆمەڵگەدا.

### • کێشەی دەوڵەت و پرسی دیموکراسی:

ئەو 50 ساڵەی رابردوو زۆرترین باسی پرسی دەوڵەت کراوە، تا شوێنێکیش پرسی دەوڵەتی کوردستان و ئازادی خاک و ئاو و کۆمەڵگەی کوردستان تێکەڵ یەکتری کراوە. لەلایەکیتریش پرسی دەسەڵاتداریەتی و ناوەندگەرایی، تێکەڵ کراوە لەگەڵ خۆبەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و پرسی دەستروویشتوی«صلاحیە« لەناو کۆمەڵگەدا. دەوڵەت – نەتەوەی عەرەب لە عێراق کە لە چوارچێوەی حیزبی بەعس باشترین رەنگ و شێوازی خۆی پێناسەکرد، چونکە 35 ساڵ لە

دەسەڵات مایەوە، ڕاستە سەردەمی پاشایەتی کاتێکی زیاترە بۆ مانەوە لەدەسەڵات، بەڵام ئەوە دەزانرێت کە ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق خاوەنی ئەو ئیرادە نەبوو بۆ بونیادنانی دەوڵەت – نەتەوەی عەرەبی لەعێراق، ئەگەر تەمەنی قاسم درێژی بکردبوایە، بەڵکو فۆرمی دەوڵەت – نەتەوەیی عەرەبی باشتر دەرکەوتبوایە، بەڵام وەک ئەنجام لە دەرخستنە ڕووی دەوڵەت – نەتەوەدا جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان دەوڵەتەکەی قاسم و عارفەکان و بەعس بەگشتیەوە نییە، وەک چۆن جیاوازی لەنێوان دەوڵەتی کۆماری، ئۆلیگارشی، مۆنارشی، ئۆتۆکراتی و تیۆکراتی نییە.

بۆیە کاتێک باسی نەخۆشی و قەیران و گێژاوی

## وادیارە ڕەگ و ڕیشەی دیکتاتۆریەت ڕۆچووتە ناو زەوی باشوری کوردستان و عێراق و بەئاسانی لەناو ناچێت

باشوری کوردستان و عێراق دەکەین دەبێ جارێک خوێندنەوە بۆ پرسی دەسەڵاتگەراو زهنیەتی ناوەندگەرا و دیکتاتۆر بکەین، دەبێ بزانین هۆکارەکانی بەرهەم هێنانی دیکتاتۆرێک چین؟؟ لەگەڵ ئەوەی زیاتر لە 35 ساڵ بەدەستی دیکتاتۆریەتمان ناڵاند و زۆرترین قوربانیمان لەپێناو ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی ناوەندگەرایی دیکتاتۆر دا، بەڵام وادیارە ڕەگ و ڕیشەی دیکتاتۆریەت ڕۆچووتە ناو زەوی باشوری کوردستان و عێراق و بەئاسانی لەناو ناچێت!!!.

بۆیە گرنگە لەسەر ئەو بنەمایانەش هەڵسەنگاندنێک بۆ ڕاستینەی سیاسی و دەسەڵاتداریەتی بکەین، شیکارێکی وا دەمانگێنێتە کۆمەڵێک ڕاستی بنەڕەتی کە دەتوانین لە گۆڕانکاری و وەرچەرخانی کۆمەڵگا پشتی پێببەستین، ئەگەرنا لە دووبارە بوونەوە ڕزگارمان نابێ، یان دەکرێ هەندێک سەروچاو بگۆڕین، بەڵام بەهەمان ناوەڕۆک خۆی دووبارە دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەش ئەو پرسانەی دەرگایان لە ڕوودا داخراوە، نمونەی بۆچی شەڕی ناوخۆ، بۆچی هێنانی سوپای داگیرکەر بۆ یەکلاکردنەوەی دەسەڵات، لە ڕاستیدا باشترین نمونە کاتێک دەڵێین دەسەڵات نەخۆشیە ئەویش هێنانی سوپای داگیرکەر و دەوڵەت – نەتەوەیی سەردەستە بەناوی یەکلاکردنەوەی دەسەڵات و ڕەوایەتی پێدانی، هەمانکات بەناوی پێکهێنانی ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی لە ساڵانی 60، 70، 80 کان، بەڵام ئەمڕۆ بەشێکی زۆری ئەوانی ئەو ئەرکەیان لە پێشمەرگایەتی وکاری سیاسی و حیزبی جێبەجێکردوە ئەمڕۆ بوونەتە مشەخۆر و بارگرانیەکی زۆر، ئەوەش بەدەسەڵاتی شۆڕشگێڕی بەناوەدەکردێت، لە ڕاستیدا هیچ پەیوەندی بەدەسەڵاتی شۆڕشگێڕیەوە نییە، چونکە شۆڕشگێڕان شۆڕش بۆ دەسەڵاتداریەتی داپلۆسێنەر و تاڵانکاری ناکەن، هەمانکات شۆڕشگێڕان نابنە فەرهود و فیرعەون و زاڵم و کوژەری ڕۆژنامەنوس و هاوڕێیەکانی سەردەمی شۆڕش، بۆیە دەبێ ئەو جۆرە دەستەواژانەش ڕاستبکرێنەوە.

چەقبەستبوونی قەیرانەکانی هەرێم لەیەک حیزبدا و

## ڕەخنە لەسەر بنەمای بونیادنان و شەڕی ئایدیۆلۆژیا پێشنەکەوتوە

خۆسەپاندنی لایەنێک بەسەر دامودەزگاو حکومەت و پەرلەمان و هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگەدا، هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ پێوانەکانی دەسەڵاتداریەتی ناوەندگەرا، چونکە ئەو شێوازە بەڕێوەبەرایەتیەیە ناوەندگەرایەیە بەرەو دیکتاتۆریەت دەچێت، لە باشوری کوردستان هەرێمێک لەژێر دەسەڵاتداریەتی سیاسی کوردی دایە، بەڵام لە تەمەنی 24 ساڵیدا کامترین یەکتر قەبوڵ کردن هەبووە، لە تەمەنی 70 ساڵەی خەباتی سیاسی و چەکداریشدا بەهەمانشێوە کەمترین یەکتری قەبوڵکردن، زۆرترین شەڕی ناوخۆ و یەکتری سڕینەوە بووە، کاتێک سازش هەبووە ئەوکاتش هەموو توانستەکان بۆ پێشکەوتن و گۆڕانکاری و ڕەخنە کردن وەستاون، چونکە لایەنە دەسەڵاتدار و ناوەندگەرایی لە هەرێمی باشور ڕەخنە بەدوژمنایەتی دەزانێ، چونکە ڕەخنە لەسەر بنەمای بونیادنان و شەڕی ئایدیۆلۆژیا پێشنەکەوتوە،

بەڵکو ڕەخنە بۆیەکتری سڕینەوەو کۆتای بە ئەوەی تر بەکارهاتووە، ئەمەش وایکردوە نەفەسی دیموکراتی زۆر تەنگ بێ، بەردەوام هەڕەشەی شەڕی ناوخۆ و دووپارچەکردنی هەرێم کراوەتە دروشم و کردار، بێگومان ئەوە قەدەرنیەو هیچ دەسەڵاتێکی ناوەندگەرای خۆسەپێنیش نەی توانیوە تاسەر بەردەوامبێ.

دیموکراتیەت و پرسی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیانە، هەروەها ئەلتەرناتیفی دەوڵەت – نەتەوە لە نەتەوەیی دیموکراتدا، بێگومان گفتوگۆیەکی زۆری دروست کردوە، چونکە ئەو دەستەواژانە لە ئێستادا لە ڕۆژئاوای کوردستان کەوتونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە باکوریش شەڕی جێبەجێکردنیان دەکرێت، لەباشوریش دەڤەری شەنگال دەیەوێت تاقی بکاتەوە، هەرێمی کوردستانیش دوای 24 ساڵ لە دەسەڵاتی خۆماڵی ئێستا ترسی دیکتاتۆربوون و دووبارە بوونەوەی دێوەزمێکی گەورەی لێ دەکرێت، چونکە مل بۆ دیموکراسی پێکەوە ژیان و پێکەوە کارکردن نادات. پرسی کورد پێویست بەوە دەکات لە زیاتر لە یەک بژار بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە، هەمانکات ئەزمونی هەرێم لەزۆر بوارەوە ئیدی بەرەو هەرەس و داڕماندەچێ. بۆیە پێویست دەکات چ وەک کورد و چ وەک گەلانی تر لە ڕێگا چارەو بژاری تر بۆ بەڕێوەبردن و چارەسەری پرسی نەتەوەیی بگەڕێین کە مەرج نییە لە بازنەیی بێ چارەی دەسەڵاتی ناوەندگەرایی بەناو دەوڵەت – نەتەوەیی سەرمایەداریدا بسوڕێنەوە.

ئازادی کوردستان و پرسی بەدەوڵەت بوونیش تێکەڵ یەکتری کراوە، هەبوونی قەوارەیەکی ئازاد بۆ هەرنەتەوەو گەلێک مافێکی سروشتیە، هیچ گەل و نەتەوەیەک ناچەرنییە لەژێر دەسەڵات و جەورو ستەمی هیچ نەتەوەیەکی تر بچەوسێتەوە، ئەوە سیستەمی دەوڵەت – نەتەوەیە کە وادەکا نەتەوەیەک بخاتە ژێر دەسەڵاتی نەتەوەیەکی تر لەژێر ناوی نەبوونی کاراکتەری نەتەوەیی، واتا نەتەوە سەردەستەکان کاراکتەری نەتەوەنەبوون بۆ نەتەوەیی ژێردەست دادەنێن، ئێمە لەباشور دەریایەک خوێنمان ڕژاند بۆ ئۆتۆنۆمی، کە فلسێکی سوتاوی نەهێنا، 25 ساڵیشە هەموو جۆرە چەوسانەوەو گەندەڵی و نادادپەروەری و شەڕێکی ناوخۆمان پێ دەکەن و وڵاتیان کردۆتە هەزارپارچە بۆ فیدراڵی، دیارنیە بۆ بوونە دەوڵەتیش چیمان بەسەر بێنن؟؟.

هەڵبەت شتێکیتریش تێکەڵی یەکتری کراوە؛ ئەویش پرسی وڵات و دەوڵەت، کوردستان وڵاتێکی هەرەکۆنی سەر ڕووی زەویە، چونکە کەوتۆتە میزۆپۆتامیا کە بەلانکەی مرۆڤایەتی دادەنرێت، بەهەمانشێوەش گەلی کوردیش کۆنترین گەلی سەر ڕووی زەویە، بۆیە نە نەتەوە سەر دەست و داگیرکەرەکان، نە زلهێزە جیهانیەکان و نە چینی سەردەست و دەسەڵاتداری کوردستان ناتوانێ ئازادی کوردستانمان لە هەبوون و نەبوونی دەوڵەت و دەسەڵاتداریەتی ناوەندگەرایی دیکتاتۆر تەسک بکاتەوە.



# خۆسەری: تێزێکی ستراتیژی و هەنگاوی کردەیی



نەجیبە قەرەداخی

پرس و قەیرانەکانی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بە هێندەی ڕۆژانەیی دیارن لەوە زیاتر پرسی کەڵەکەبووی مێژوویین. ڕێسایەکی مێژوویش هەیە دەڵێ» هەر پرسێک لە کاتی خۆی دا چارەسەر نەکرا دەگوازرێتەوە بۆ دوای خۆی «. لە نێو کۆمەڵگەدا هەمیشە قسەگەلێک هەیە کە زۆر دووبارە دەبنەوە» ئەم دەسەڵاتەش لەوەی پێش خۆی باشتر نابێ» یان « تۆ بڵێی ئەمانەش وەک ئەوانەی پێشوو نەبن» یان هەمیشە چاوەڕوانی چارەسەری پرسەکان لەناوەندەوە دەکەن، بەتایبەتیش لەو وڵاتانەی کە هەمیشە کێشەی ماف و ئازادی یان کێشە لە نێوان گرووپێک، ئەتنیک و کەلتورێک لەگەڵ ناوەند دا هەبووبێ یان لەنێو خۆی دا پرسی دیموکراسی هەبێ.

لە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوین چەمکەکانی دەسەڵات و دەوڵەت – نەتەوە هێندە پیرۆزکراوە توێژێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی توێژێک سڵ لەوە ناکاتەوە گەورەترین کۆمەڵکوژی لە سەر کۆمەڵگە بەڕێوەبەرێ. سەدەی ٢٠ پڕیتی لە نمونە کۆمەڵکوژیەکانی وەک گەلانی وەک ئەرمەنی، ئاسوری، کورد و مەزهەب و ئاینەکانی وەک عەلەوی، ئێزیدی کە چەمکی نەتەوەپەرستی لە پیرۆزکردنی سنور و سەمبولەکان دا تۆخ و زەق دەکاتەوە و هەموو ناسنامە، زمان، کەلتور، ئاین و ئاینزاکانی تری کۆمەڵگە لەناودەبات.

باشترین و بەرچاوترین نمونەی هەموو قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەو وڵاتانەیە کە کوردستانی بەسەر دا دابەش کراوە، لە کارکردن بە چەمکی ناوەندیێتی ناکرێ مۆدێلی حکومڕانی ٢٤ ساڵی باشوری کوردستان دا لەو چەمکە ناوەندگەراییە جیابکەینەوە کە کاری پێکراوە، تا ئێستا بەتایبەت لە کێشە کەڵەکەبووەکانی دا لە سێ تەوەرەی « دیموکراسی ناوخۆیی، پەیوەندی لەگەڵ ناوەند و پەیوەندی دەرەکی». پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەتایبەتی و پرسی نەبوونی سیستەمی دیموکراتی لە ناوچەکە چەند دەرهاویشتەکانی ڕۆژانەیی ببینرێ، بەڵام سەرچاوەکانی مێژوویی و بونیادییە، سەرچاوەی سەرەکی دوونیابینی»پارادایم»ی دەوڵەت و پلەدارییە کە لە ڕووی زهنیەوە قەیرانێکی قوڵی بەرهەمهێناوە و بە چاکسازی چارەسەر ناکرێ.

**لە مێژووی کوردستان دا جیاواز لەو میتۆد و ڕێبازانە ڕێبەری گەلی کورد ع.ئۆج ئالان تێزی شارستانی دیموکراتی**
**وەک تێزێکی ئەلتەرناتیڤ لەبەرامبەر شارستانی چینایەتی « سیستەمی دەوڵەت - نەتەوە» خستە ڕوو**

پێویستی بە هەڵوەستەی شۆرشگێرانە هەیە نە بەو واتایەی کە لە سەردەمی ڕزگاری نیشتمانی ساڵانی ٦٠–٧٠کان کە ئامانج ڕوخانی دەوڵەت و دامەزراندنی دەوڵەتێکی تر، بەڵکو پێویستی بە شۆرشی دیموکراتیانە هەیە، بۆ ئەوەش مامەڵە کردن لەگەڵ پرسی کورد و ڕێبازی چارەسەری نە دەکرا بە میتۆدی داگیرکەران، نە پارتی سیاسی ڕیفۆرمخواز و نە بە ڕێی ڕێکخراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی بێ، چونکە پرسی کورد تەنیا پرسێکی سیاسی و نەتەوەیی نیە، بەڵکو پرسێکی مێژوویی کۆمەڵگەیەکە کە لە دەرەوەی مێژوو هێلرابۆوە، بە تایبەتی لە ٢٠٠ ساڵی دوایی هێندەی بەکارهێنراوە ئەوەندە نەبۆتە خود و لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵاتیەوە، ناسنامە، کەسایەتی و هەبوونەکەی و تەنانەت جوگرافیاکەی ڕووبەڕووی قڕکردنی جەستەیی، مەعنەوی و کەلتوری کرایەوە و دەکرێتەوە کە داگیرکەرانی کوردستان و هەم خودی بزوتنەوەکانی کورد بە هەمان چەمک و زهنیەتی شارستانی چینایەتی مامەڵەی لەگەل چارەسەری پرسەکە کرد.

بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کوردستان دا جیاواز

لەو میتۆد و ڕێبازانە ڕێبەری گەلی کورد ع.ئۆج ئالان تێزی شارستانی دیموکراتی

## « سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی»

وەک تێزێکی ئەلتەرناتیڤ لەبەرامبەر شارستانی چینایەتی « سیستەمی دەوڵەت – نەتەوە» خستە ڕوو و خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ سەرچاوەی قەیران و چارەسەریەکان خستەڕوو. ئەو بە زیاتر لە ١٠ کتێبی بەرگرینامە و بە گشتی نوسینی نزیکەی ١٠ هەزارلاپەڕە لە زیندانە تاکەکەسیەکەوە لە ئیمرالی، وەک خۆی لە یەکێک لە دیدارەکانی لەگەڵ پارێزەرانی دا دەڵێ « نەدەکرا لە کەشی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوین و بە دواداچوونی ڕۆژانەدا دەرفەتی ئەو قوڵبونەوەیەم بۆ بڕەخسێ وەک ئەوەی لە دورگەی ئیمرالی بۆم ڕەخسا»، وەهاش پێویستی هەنگاوی کردەیی جیهانبینیەکی ئەلتەرناتیڤی داڕشت کە وەک پارادایمی شارستانی دیموکراتی پێناسەی دەکات، بە سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی بەناوی دەکات و مۆدێلەی حکومڕانیەکەشی خۆبەڕێوەبەری گەلە « خۆسەری دیموکراتیە «. لە نەورۆزی ٢٠٠٥ دا بەرێز ئۆج ئالان باسی لە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی کرد و ئەو سیستەمی خستە ڕۆژەڤی گەلی کوردەوە، دواتر بۆ یەکەم جار لەکۆنگرەی جڤاکی دیموکراتی KCD لە ساڵی ٢٠١١ کەوتە بەرنامەی کۆنگرەوە کە دواتر باسی ئەو پێکهاتەیە دەکەم.

ئەوەی لە فەرهەنگی سیاسی جیهان وەک ئۆتۆنۆمی– دەسەڵاتی خۆجێی دەناسرێ نوێ نیە، جۆرێکە لە شل بوونەوەی پەیوەندی لەگەڵ ناوەند. لە زانستی سیاسی باودا خۆبەڕێوەبەری لە فۆڕمی فیدرالی، کۆنفیدرالی یان نیمچە فیدرالی دەبینرێ، ئەو مۆدێلانە بە زهنیەتێکی دەوڵەت – نەتەوە بەڕێوەدەبرێ. خۆبەڕێوەبەری یان خۆسەری مۆدێل و چەمکێکی جیاوازە، مۆدێلێکی نوێی خۆبەڕێوەبەری و هزراندنێکی نوێیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا، جیاواز لەو شێوازە ژیانەی کە دەوڵەت لەنێو کۆمەڵگەدا وەک خویەک پەرەی پێداوە و تەمەنی هەزاران ساڵە. ئەوەی لە خۆسەری دا باس دەکرێ زیندووکردنەوە و نوێ کردنەوەی تەواوی ئەو بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئابوریانەیە کە دەوڵەت زەوتی کردووە و تەنیا بۆ بەرژەوەندی گروپێک بەکاری هێناوە و گەڕاندنەوەی ئەو بەهایانەیە بۆ کۆمەڵگە و بە دەزگاکردنێتی لەسەر بنەمای دیموکراسی ڕاستەوخۆ.

خۆسەری لە ڕووی تیۆریەوە مێژوو، کۆمەڵگە، دیموکراسی، دەوڵەت، ژن و زۆرێک لە چەمک و دیاردەکان سەرلەنوێ دادەڕێژێتەوە، خاوەنداریێتی لە لایەنە مەعنەوی و پۆزەتیڤی هەموو سەرهەڵدانە مێژووییەکان دەکات لە پێناوی ئازادی و ماف دا، بە بایەخەوە لە ڕۆڵی ئاین لە ژیانی گەلان دا دەبینێ و لە میکانیزمی خۆبەڕێوەبەری ئاین لە




کۆت و بەندی دەسەڵات دووردەخاتەوە و پەرە بە چەمکی کەلتوری، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکەی ئاین دەدات نەک وەک دەوڵەت – نەتەوە کە لە ئاین وەک ئامرازێک بەکاردێنێ بۆ پیرۆزکردنی دەسەڵات و سەرکوتکردن و توندوتیژی بەرامبەر کۆمەڵگە. بۆ ئەوەشە بەئاینداارانی کوردستان دەڵێ « وەک سەردەمی یەکەمی سەرهەڵدانی ئاینەکان پەرستگاکان بکەنە جێی کۆبوونەوەی چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە» و پێویستی دیموکراتیزەکردنی دەخاتە ڕوو. لە خۆسەری دا گرنگی و پێگەی ژن لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە و خێزان و ڕۆڵی لە چەسپاندنی ئەو سیستەمەدا سەرلەنوێ پێناسە دەکاتەوە، کێشەی ژن وەک کێشەی سیستەم و دەرهاویشتە و بەرهەمی زهنیەتی داگیرکاری و زەوتکردنی ڕەنجی ژن لە کۆمەڵگەی پلەداری دەبینێ و پێی وایە کە ژن لە ڕێی هەڵسەنگاندنێکی نوێ بۆ مێژوو بە دیدی شارستانی دیموکراتیانە، بەشداری

لە بونیادنانی سیاسەتی دیموکراتیانە، بەشداری و بونیادنانی ئابوری کۆمینالّ» هەروەزەیانە» و بەکورتی پێگەی ژن لە کردەوە بۆ خودێک دەگۆڕێ. ئەوەش لە دۆخی هەنوکەیی باکوری کوردستان بزووتنەوەیەکی دەیان ساڵە لە ئەنجامی تیکۆشانی ئازادی لێکەوتۆتە کە لە بەهاری ٢٠١٥ دا خۆی گەیاندە ئاستی کۆنگرە کە بە کۆنگرەی ژنانی ئازاد نەسراوە و سەدان بزووتنەوە، دەزگا و دامەزراوەی ژنان لە ژێر چەتری دا کۆدەکاتەوە و خۆسەریانە خۆی ڕێکخستن کردووە.

## خۆسەری ئەو ئۆتۆریتە ناوەندیە بەلاوە دەنێ لە سەر بنەمای دەوڵەت+ دیموکراسی مامەڵەی لەگەڵ دەکات

داخۆ گەلی کورد کە دەستیان بەبونیادنی سیستەمی خۆسەری کردووە، وەک ئەوەی بانگەشە دەکرێ نەیانتوانی دەوڵەت دامەزرێنن یان دەستیان لە ستراتیژی دەوڵەتسازی بەرداوە؟، سازمانکاری و دارێژەری سەرەکی تێزی خۆسەری کە خودی بەڕێز ئۆج ئالانە لە ڕووی ئایدیۆلۆژیەوە پێی وایە کە کۆمەڵگەکان پێویستیان بە دەوڵەت نیە بە پێچەوانەوە دەوڵەت پێویستی بە کۆمەڵگە هەیە بۆ ئەوەی ڕەوایی خۆی پێ بدات و دەوڵەت هەمیشە بۆ توێژێکی باڵادەست بەسەرکۆمەڵگەوە بووە، بەڵام خۆسەری ئەو ئۆتۆریتە ناوەندیە بەلاوە دەنێ لە سەر بنەمای دەوڵەت+ دیموکراسی مامەڵەی لەگەڵ دەکات. لە کاتێکدا کە لەسەر بنەمای بونیادنانی سیستەمی خۆی پەرە بە سیستەمێکی دیموکراتیانە دەدات تا ئەو جێیەی دەوڵەت قەبوڵی بکات وەک خۆی لەگەڵی دا لە پەیوەندیەکی سستکراودا دەبێ، ئەگەرنا ئەوە خۆی لێی دادەبڕینێ بێ ئەوەی کە تێکدانی سنورەکانی دەوڵەتی ناوەندی بکاتە ئامانج. ئەگەر ئەمڕۆ گەلی کورد و پێشەنگانی بونیادنانی ئەو سیستەمە کوردن؛ نایەتە واتای ئەوەی کە ئەو سیستەمە تەنیا بە گەلی کوردەوە سنوردار دەبێ. هەندێ نمونەی بەرچاو دەکرێ ئامانجەکە باشتر ڕوون بکاتەوە. کوردستان جوگرافیایەک نیە کە تەنیا کوردی لێ بژی پێدەچێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهان دا فرەڕەنگترین جوگرافیا بێ، بیربکەرەوە ئەگەر هەرکام لەو کۆمەڵگە، نەتەوە، ئاین ئاینزا و ڕەنگە جیاوازانە بیەوێ لەسەر بنەمای دەوڵەت – نەتەوەی ئەتنیکی بێ یان مەزهەبی دەوڵەت دامەزرێنێ، چی ڕوودەدات ؟ وا نمونەکانی لە وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەبینین کە گەورەترین قەیران وگێژاوی سەردەمەکەمانە. لەو جێیانەی دەسەڵاتدارەکان کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە لاوازە دەبێ بزانین لەوێ دا کۆمەڵگە ڕێکخراوەیە، وشیارە و چالاکە یان لانی کەم میکانیزمەیەکی جلەوکردنی دەسەڵات هەیە چ بە یاسا بێ یان بە ئەخلاقی کۆمەڵگەیی. ئامانجی سەرەکی خۆبەڕێوەبەری گەل یان خۆسەری دیموکراتی خۆبەڕێوەبردنی گەلە لەو جوگرافیایەی لێی دەژی دوور لە چەمکی ناوەندێتی و بێ گەڕانەوە بۆ ناوەند لە هەموو کاروبارێک و ئالوگۆڕێک دا، خۆبەڕێوەبردن بە ئیرادەی خۆیی و بە کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەت، وزە مرۆیی و سروشتیانەی هەیە بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی کۆمەڵگە و، لەسەر بنەمای دیموکراتی، ئازادی ژێندەری و ژینگەپارێزی کار دەکات.

## گەلی کورد لەو جێیانەی کە زیاترین دەنگیان لە هەڵبژاردن دا هێنا، لە ڕێی ئەنجومەنەکانی گەل دەستیان بە ڕاگەیاندنی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کرد

لە هەر جێیەکی پەرە بە سیستەمی خۆسەری بدرێ گەل پێویستی بە هیچ هێز و دەوڵەتێک نابێ، خۆی بە ئیرادەیی خۆیی، خۆی بەڕێوەدەبات و خۆی دەپارێزێ و بڕیاردەری سەرەکیش گەلە لە ڕێی ئەنجومەکانیانەوە کە سیستەمێکی ژێر بۆ ژوورە، پێویستیەکانی کۆمەڵگە لە کۆمینەکان دەست نیشان دەکرێ، لە ئەنجومەنەکان گەلاڵە دەکرێ و بڕیاری لەسەردەدرێ. لە مەسەلە ستراتیژیەکان دا و وەڵامدانەوەی پێویستی هەمەلایەنەی گەل دا، کۆنگرەی جڤاتی دیموکراتی ئۆرگانی بڕیاردانە. گەل ڕەنگ، ئاین، ئەتنیک، ڕەگەز، زمان بۆ هەمووان کراوەیە. لە باکوری کوردستان دوای دەستپێکردنی هێرشە فراوانەکانی سوپای تورکیا بە فەرمانی حکومەتی پارتی داد وگەشەپێدان و خودی ئەردۆغان لە ٢٤ تەموزی ٢٠١٥ دوە، گەلی کورد لەو جێیانەی

کە زیاترین دەنگیان لە هەڵبژاردن دا هێنا، لە ڕێی ئەنجومەنەکانی گەل دەستیان بە ڕاگەیاندنی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کرد.



بۆچی ئەم جۆرە مۆدێلە لە چارەسەری کەوتە ڕۆژەڤی گەلی کوردەوە بە تایبەتی کورد و ئەوانەی دیکەی کە باوەڕیان بە سیستەمی خۆسەری و هزری ئۆج ئالان هەیە؟. کاتێ لە دەوڵەتە ناوەندیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەتابیەتی ئەو وڵاتانەی کوردستانی بە سەردا دابەشکراوە بڕوانین کە بە پێی پەیماننامەی سایکس – بیکۆ و ڕێکەوتنامەی لۆزانەوە چەمکی ناوەندێتی ڕەها سەردەستە، یەک لەوانەش تورکیا ئەوە مێژووی سەدەیەک سەلماندویەتی کە هەموو حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان دواییینیان پارتی دادو گەشەپێدان تاکتیکیانە و لە ڕووی ئاسایشیەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی کورد کردووە، سەرۆک کۆماری ئێستای تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەسەروبەندی هاتنە سەردەسەڵاتداری پارتەکەی تا ئێستا هەموو ڕێبازەکانی توند و نەرمی بۆ شکاندنی بزووتنەوەی ئازادی گەلی کورد پەیڕەو کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ دا کاتێ ئەردۆغان چووە ئامەد و وتی» ئەم پرسە پرسی منە چارەسەری دەکەم». هەموو دانوسانەکان ئیمرالی بۆ چارەسەری لەگەل بەرێز ئۆج ئالان و دەوڵەت وێڕای ئەوەی کە بە گەڵاڵەنامەی دۆلمەباخچە « ئەو گەڵاڵەنامە دە خاڵیەی کە لە کۆشکی دۆڵمەباخچەی ئەنکەرە لە ٢٨ی شوبات–٢٠١٥» بە گرنگترین گەڵاڵەنامە لەقەڵەمدرا لە نێوان کورد و دەوڵەت، بەڵام پاشان ئەردۆغان نکۆڵی لێکرد، لە دوای دە ساڵ و لەمانگی تەموزی ٢٠١٥ دا وتی» پرسی کورد نیە، مێزی گفتوگۆ نیە، دانوسان نیە، تیرۆر هەیە و تا یەک کەسیان بمێنێ ئەو شەڕە بەردەوام دەبێ». گەلی کورد لە باکوری کوردستان لە کاتێکدا کە هیچ ئاماژەیەکی ئەرێنێ»ئیجابی» بۆ چارەسەری نابینن، کاتێ زیاتر لە ١٠ هەزار سیاسی و ئەندامی ڕێکخراوە مەدەنیان لە زیندان ئاخنرابن، لە کاتێکدا بە توند و تیژی شەڕ مامەڵە لەگەڵ داواکانیان بکرێ و هەست بکەن کە لە ژێر ناوی دانوسان دا هەڵدەخەڵەتێنرێن ئەوە تاکە ڕێگایەکی کە بمێنێتەوە، خۆیان لە چارەسەری بگەڕێن.

بێگومان بۆ باکوری کوردستان بە تایبەتی نمونەیەکی زیندوو و ئەزمونکراو لە تەنیشتیانەوە لە ڕۆژاڤا بینی، تەنانەت سەدان لە ڕۆڵەکانیان لەو بەری سنورەدەستکردەکانەوە لەو بەشەی کوردستان گیانیان بەختکرد لە شەڕی دژی داعش ئیتر بۆ ئەوانێکی کە سەرچاوەی تێکۆشانەکەن ئیتر چەسپاندنی سیستەمی خۆسەری نەک تەنیا بابەتی باسە بەڵکو بابەتی هەنگاوی کردەیی بوو. لە زەمینەی ئاشکرای خەباتی سیاسی دا باکور خاوەن گەورەترین و فراوانترین دەزگای ڕێکخراوەن کە کۆنگرەی جڤاتی دیموکراتی KCD یە کە بە سیستەمی هاوسەرۆکی بەڕێوەدەبرێ، لە ژێر چەتری نزیکەی ٨٠٠ پارت، ڕێکخراو، بزووتنەوە خۆجێیەکان، دەزگا و دامەزراوەی سیاسی، ئابوری، پەروەردە، شارەوانی، تەندروستی، زمان، کەلتور، هونەر، ژنان، منداڵان، بەساڵاچوان، وەرزش، گەنجان، ئایندارن، کەمینەکان و ...هتد، هەن. هەموو ئەو دەزگایانەش بە سیستەمی هاوسەرۆکی لەسەر بنەمای هزری بەڕێز ئۆج ئالان وە بەڕێوەدەچن. لە گەڕەکەکانی شار و ناوچە وتەنانەنەت گوندەکان بە مۆدێلی کۆمینەکان و ئەنجومەنەکانی گەل لە ئاستی سەرەوەدا، لە بونیادی ئەوانەش دا بە ڕێی کۆمیتە و کۆمسیۆنەکان کاروبارەکانیان بەڕێوەدەبەن. باس لەوە دەکرێ لە جێیەکی وەک گەڤەر و گوندەکانی سەدان کۆمین لە هەموو بوارەکان دا دامەزراوە، کۆمین هەم وەک ئۆرگانێک و هەم وەک شێوازێکی ژیانە، دژ بەو شێوازی ژیانی تاکرەوێتی، خۆپەرستی و پاوانخوازیە.

کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتی لە دوا کۆبونەوەی خۆی دا لە ڕۆژانی ٢٦–٢٧ی دیسەمبەر ٢٠١٥ لە وەڵامی

هێرشە بەردەوامەکانی دەوڵەوت و ئاکەپە بۆ سەر گەلی کورد لە باکور کە بانگەشە دەکات کە ئەو سیستەمە تەنیا پرۆژەیەکی پەکەکەیە و لە ڕێی گروپێکی بچوکەوە و بە چەک دەسەپێنرێ، داکۆکی لە سیستەمی خۆسەری کرد، دەرگاکانی بە کراوەیی بۆ دەوڵەت هێشتەوە کە دەکرێ بە دەستورێکی دیموکراتی دان بە خۆسەری دا بنرێ.

## «ئیتر ناکرێ ئەنکەرە لە ناوەندێکەوە ٧١ ملیۆن بەڕێوەبەرێ»

خۆسەری لەباکور کۆڵەیەکی سەرەکی دیموکراتیزەبوونی تورکیایە، هەروەها هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان سەلاحەدین دەمیرتاش دەڵێ «ئیتر ناکرێ ئەنکەرە لە ناوەندێکەوە ٧١ ملیۆن بەڕێوەبەرێ»، خۆ بەخۆ لە بەیاننامەی هەردوو هەڵبژاردنی ٧ حوزەیرانی و ١ ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥ دا بە ڕوونی باس لە ناناوەندکردن « لامەرکەزی کردن»ی دەوڵەتی تورکیا و بە ڕوونی داکۆکی لە خۆبەڕێوەبەری دەکات نەک تەنیا بۆ گەلی کورد، بەڵکو بۆ هەر جێیەک کە گەل بڕیار بدات لە چوارچێوەی سنوری تورکیادا.

بێگومان هەم کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتی و پارتی دیموکراتی گەلان، پارتی هەرێمە دیموکراتیەکان بەردەوام دووپاتی دەکەنەوە کە داوای خۆبەڕێوەبردنی گەلی کورد داوایەکی نوێ نیە و داوای سەد ساڵەیە و ئەو دەسەڵاتە خۆجێیە پێشتر لەسەردەمی ئیپراتۆری عوسمانی دا هەبووە، گەلی کورد و میرە کورد و عەشیرەتەکان تەنیا بە باج و ناردنی سەرباز» تەنیا لە کاتی شەڕدا» بە ناوەندەوە بەسترابونەوە، ئیدی خێرە لە سەدەی ٢١ و ساڵی ٢٠١٥ دا و لەنێو ئەو هەموو پێشکەوتنە گەورەیەی جیهان دا گەلێک مافی نەبێ بە زمانی خۆی منداڵەکانی پەروەردەبن، مافی لە دەستوردا مسۆگەر نەبێ، وەک گەلێک دان بە بوونی دا نەنرێ؟.

سیستەمی خۆسەری داوایەکی گەلە، دەنگدانی گەل لە هەڵبژاردنەکان دا بەو پارتانەی کە زۆرینەی دەنگدەرەکانیان کوردن و بە درێژایی ٢٥ ساڵی رابردوو لە هەڵکشاندان تا دواییینیان هەدەپە بوو لە دوو هەڵبژاردن لە کوردستان سەرکەوتنی گەورەی تۆمار کردو داکۆکیش لەو سیستەمە دەکات. ئەگەر چاوێک لەو بەندانە بڕوانین کە کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتی داکۆکی لێدەکات و بۆ یەکەم جار پارتی ئاشتی و دیموکراتی لە کۆنگرەکەی خۆی دا دایڕشت دەبینین کە گەلی کورد مەبەستی چیە لە خۆسەری و پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەت دا:

یەکەم: تورکیا پێویستی بەچاکسازیەکی ڕیشەیی هەیە بۆ زەمینەسازی دیموکراتیزەکردنی لە ڕووی سیاسی و ئیدارەیەوە.

دووەم : تەنیا بە گۆڕینی سیستەم دەوڵەت، پرسەکان چارەسەر نابن ،بەڵکو خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵگە بە بنەما بگیرێ.

سێیەم: دەبێ بە فەلسەفەی گەڕانەوەی بڕیار و ئیرادە بۆ گەل، بەهێز کردنی خۆجێی، پەرە بە چارەسەری کێشەکان بدرێ.

چوارەم: داکۆکی لە بەشداری دیموکراتیانەی گەل دەکات لە پرۆسەی بڕیاردان دا و هەموو یەکە خۆجێیەکانی نێو ئەنجومەکان بە بنەما دەگرێ.

پێنجەم : نەک تەنیا لە سەر بنەمای ئەتنیک و خاک، بەڵکو داکۆکی لە پێکهاتەی خۆجێی وهەرێمی لەسەر بنەمای فرەڕەنگی کەلتوری دەکات.

شەشەم : لەگەڵ ئەوەی کە « ئاڵا» و زمانی فەرمی» بۆ هەموو « نەتەوەی تورکیا» دەبینێ، بەڵام داکۆکی لەوە دەکات کە هەر هەرێم و یەکەیەکی خۆسەر، دانانی ڕەنگ و سەمبولی خۆسەری دیموکراتیان هەبێ.

حەوت: بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی بەشێوەی ئەنجومەنی هەرێمەکان خۆی ڕێک دەخات و ئەو کەسانەی لەو هەرێمانەدان نوێنەرایەتیان لەو ئەنجومەنانەدا دەبێ.

هەشتەم : هەرێمەکان یان ناوی تایبەت بە خۆیان یان لەلایەن ئەنجومەنی گەورەترین ناوچەوە ناوەکەی لێ دەنرێ.

زۆر خاڵی دیکە کە داکۆکی لەوە دەکات کە لە هەموو بوارە ئیداری و ژیانیەکان دا دەستڕۆیی بە گەل دەدات، خۆبەخۆ ئەو خاڵانەش لە گەڵاڵەنامەی دۆڵمەباخچەدا هەبوو کە دواتر ئەرۆدغان ڕەتی کردەوە و مێزی دانوسانی هەڵگێڕایەوە، تاکە شتێکی کە سەپاندی «بێ چەک کردن»وەک مەرجی یەکەم و سەرەکی بوو، کە ئەوە لە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوین دا و نەبوونی مسۆگەری یاساییانە بۆ چارەسەری

و دیموکراتیزەنەبوونی تورکیا نەک هەر ڕیسکە، بەڵکو کارەسات و کۆمەڵکوژی لێدەکەوتەوە و تاکە ئامانجیش بێ مەرج ڕادەستبوون بوو.

## وادیارە رەگ و ریشەی دیکتاتۆریەت رۆچووتە ناو زەوی باشوری کوردستان و عێراق و بەئاسانی لەناو ناچێت

س.دەمیرتاش پێی وایە کە « بونیادنانی خۆبەڕێوەبەری لە هەریمەکان دا، بەهێز کردنی بەڕێوەبەری خۆجێیی، لە ڕووی ئابوریەوە چارەسەرکردنی بێ کاری و پەرەدان بە ئابوری، گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانیان لەڕووی سیاسیەوە و بە گواستنەوەی دەستڕۆیی بۆ بەڕێوەبەریە خۆجێیەکان تا دوا ڕادە مافێکی ڕەوایە، لە ڕووی مێژوویەوە و پێداگری گەلی کورد لەو داواییان زۆرگرنگە.

لە هەندێ جێگە و لە ناو شارەکان دەوڵەت زۆر هەڵوێستی توند نیشان دەدات و زێدەڕۆییانە هێز بەکاردێنێ، هەر لە کوشتنەوە بگرە تا گرتنی هاوسەرۆکان، لە بۆمباباران کردنی گەڕەکەکانی شار تا دەگاتە ڕووخاندنی ماڵەکان بە رۆکێت، قەدەغەی هاتنە دەرەوە و بە راگەیاندنی باری نائاسایی دەیەوێ ڕێ و شوێنی گوشار هێنان بۆ گەل ببنە ڕێگر، بەڵام ئەو مافە سیاسیەی گەل لە ئاستی جیهان دا گونجاو دەبینرێ، بۆ ئەوەش ناتوانن ببنە تەگەرە لە بەردەم گەیشتن بەو مافانە.

دەوڵەت، قایمقام، پارێزگار، پۆلیس و دادوەر، تەنانەت مامۆستای خوێندنگەکان لەناوەندەوە بڕیاری لەسەر دەدرێ کە لە سیستەمی خۆسەری دا گەلی کورد لە دژی ئەو بڕیار و حوکمڕانیەی دەوڵەتە. بەڵام گەل لە ریێ ئەنجومەنەکانی گەل پێویستیەکانی خۆی لە پەروەردە، تەندروستی، کشتوکاڵ تەنانەت بواری حقوقی پەرە پێدەدات لە زۆر جێی کوردستان، ئیتر سەر لە دادگاکانی دەوڵەت نادەن بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان، بەڵکو سەر لە ئەنجومەکان دەدەن، بەهۆی خەڵەتاندنی گەل لە مزگەوتەکانی دەوڵەت لە ساڵی ٢٠١١ ەوە گەل لە جێی تر پێویستیە ئاینیەکانیان جێبەجێ دەکات، تەنانەت ناویان لێنابوو « هەینی سڤیل و هەینی بێ دەوڵەت» و خەڵک لەسەر شەقامەکان بە کۆمەڵ نوێژیان دەکرد و وتاری هەینی دەدا.

سیستەمی خۆسەری بێ پاراستن نابێ، چەمکی خۆپاراستن هەمەلایەنەیە تەنیا سەربازی نیە و وەلێ ئەو بوارە بە مشتومڕترین لایەنێتی هەم بۆ دەوڵەت و هەم بۆ گەل، گەل بۆ خۆپاراستن لە هێرشەکانی دەوڵەت خەندەقی هەڵکەند و بەربەستیان دانا، بەڵام ئاکەپە و دەوڵەت لەم ماوەی پێنج مانگی کۆتایی ٢٠١٥ دا ئەوەیان کردە بیانوو بۆ هەرچی هێرشی زیاتر، وێڕای ئەوەی کە لە دۆخی ئاسایشی دا گەل پێویستی بە میکانیزمایەکی خۆپاراستن هەیە چ لە ئاست ئەو هەموو هێرشەی کە دەوڵەت دەیکاتە سەر هەرێمەکانی خۆسەری.
چەمک و سیستەمی خۆسەری نوێیە و کەمترین قسەی لەسەر کراوە بۆ ئەوەش بە دەر لە گەلی کورد دژبەرانی هەن و دەوڵەت ومیدکانی و هاوکارە تەنانەت کوردەکانی دەوڵەت بەئاگاییەوە مەسەلەی خۆسەری چەواشەدەکات و هەڵمەتیکی ڕەشکردنیان لەبەرامبەری وەگەڕخستووە و وەک پارچەکردنی وڵات بانگەشەی لەدژ دەکەن و بە ئاگاییەوە شەپۆلی نەژاپەرستی بەرامبەر تاودەدەن، ئەوەش دیارە ئاکەپە دەیەوێ بە کەڵکی خۆی وەگەڕی بخات لە کاتێکدا سەرقاڵی ڕیفراندۆمە لەسەر چەسپاندنی سیستەمی سەرۆکایەتی کە تەنانەت هەڵبژاردنی ٧ حوزەیرانی لە پێناودا خستە زبڵەوە و پشتی لە ئەنجامەکانی کرد.



# پەیوەندی هێزەکان... دەوڵەت و خێزان



**نازان ئوستونداغ**
له ئینگلیزییەوە : ڤیان مەجید فەرەج

یەکێ لە هەرە ئیلیمێنتە گرنگەکانی گفتوگۆکەی ئۆج ئالان سەبارەت بە مۆدێرنەتەی سەرمایەداری و مەدەنیەت، ئەو شرۆڤە رەخنەییەیە کە بۆ خێزانی مۆدێرن و پەیوەندیەکانی بە کاپیتالیزم و دەوڵەتی نەتەوەییەوە ئەنجامی داوە. ئامانجم لەم باسە:

یەکەم؛ پوختەکردنی وتارەکەی ئۆج ئالان و فکرەکەیەتی دەربارەی خێزان.

دووەمیش؛ قسەکردنە دەرحەق بە پراکتیزەکردنی بزووتنەوەی ئازادی کوردان و کاریگەرێتی ئەمانە لەسەر دامەزراوەی خێزان.

لە کۆتایشدا؛ جێهێشتنی پرسیارگەلێک بەکراوەی دەرهەق بە حاڵی خێزانەکان لەو جڤاکە مۆراڵیە سیاسیەدا کە لاویستە گەشەبکات شانبەشانی بونیادنانی مۆدێرنەتەی دیموکراتیک. بەشێکی زۆری ئەم پرسیارانە بەدڵنیایەوە بە کردار وەڵام دراونەتەوە، گەرچی من لام وایە دەبێ لەڕووی زانستیشەوە لەسەریان بووەستین تا بەشداریان لا بکەین لەو دیبەیتە نێونەتەوەییانەی بەردەوامن لەشێوەی رێکخراوی بەرهەمهێنانەوەی خۆشەویستی و گرنگیلادانو هەمووو ئەوشتانەی لەنزیکەوە پەیوەندیان بە خێزانەوە هەیە.

باوکسالاری دەوڵەتی مۆدێرن، ئامانجی دیبەیتێکی چڕی ئەدەبیاتی فێمێنستیە. ئەو ئایدیایەی کە نایەکسانی بەرهەم دەهێنێ لاکهاتەی هاوڵاتی مۆدێرن و کۆمیۆنەی نیشتمانیەو کاپیتالیزمی سەرەتای و کۆتایەکەشی بوونەتە زەمینەیەکی هاوبەشی سۆسیالیست، رادیکاڵ و پۆست کۆلۆنیال فێمێنستەکان کە لە چوارچێوەی جودای کێبەرکێو دیالۆگدا دەریدەبڕن. لەکاتێکدا دۆکیومێنتە مێژوویەکان دەریدەخەن مۆدێرنەتە، لەجێگای ئەوەی ئەو ئازادیەی ژنان ئاکتیڤ بکات، بەلاچەوانەوە زۆر دەگمەن واتای راستەقینەی شوناسی زایەندەیی و پۆلێنی هەرەمی گواستۆتەوە، لێکۆڵینەوەکانی سۆسیۆلۆژی و رەگەزناسی ئەو پۆلێنە هەرەمیەیان بە بنەمایەکی بنچینەیی سنورکێشانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی لە هەردوو باری سیمبۆلی و ماتریاڵەوە داناوە. لێکۆڵینەوەکانی بواری ژنانیش لەولاوە ئەوەیان بەبەڵگەوە دەرخستوە کە نیشاندان و نوێنەرایەتیکردن، لەڕووی ناوەخۆی و دەرەکی، گرنگیدان، توندوتیژی و دیسپلینکردنیی جەستەی ژن ئەمانە هەمووو لاکهاتەی هێزی مۆدێرنەتەو شکۆیی دەوڵەتن.

ئۆج ئالان لە نوسینەکانیدا هەمان تێڕوانینی خستۆتە ڕوو. بەگوێرەی ئۆج ئالان، ژن کۆنترین داگیرکراوە کە سنورێکی دیاریکراوی نیە، لەمەش زیاتر، جەخت دەکاتەوە لەوەی مێژوی داگیرکردنی ژنان لەوکاتەوە دەستی لاکرد کە ماتریارکی گۆڕدرا بۆ پاتریارکی و پیاوسالاری. ئەمەش لەسەردەمی کاپیتاڵیزمی مۆدێرندا بەتەواوی گەشەی کرد. دامەزراوەی خێزان سەرەکیترین رۆڵی لەم پرۆسەیەدا هەیە؛ خێزان ئەو جێگایەیە کە تیایدا کارکردنی ژنان بەکاردەهێنرێ و لەژێر زاراوەی خۆشەویستی و دایکایەتی و ژنایەتی و نزیکایەتیدا دەشاردرێنەوە. هەروەک لەرێگای ئەو لاکهاتە فشارکارانەی خێزان کە دەوڵەت و کاپیتاڵیزم جار دوای جار دروستیدەکەنەوە. کاتێ باسی رۆڵی خێزان دەکەین لە داگیرکردنی ژندا، ئۆج ئالان سێ رێگا دەستنیشاندەکا کە بەهۆیانەوە خێزان بەستراوەتەوە بە دەوڵەت و خڕبوونەوەو قۆرخکاری سەرمایەوە.

یەکەم؛ خێزان دەوڵەتێکی بچوککراوەیە، کە پیاو حوکمڕانی ژن دەکا تیایدا، پیاویش ئامرازەکانی توندویژی و دەرکردنی بڕیاری قۆرخکردوە. بەواتایەکی تر، خێزان ئەو شوێنەیە کە دەوڵەت بەهۆیەوە خۆی لە جڤاکدا جێگیر دەکا.

دوەم؛ خێزان ئەو جێگایەیە کە تواناکانی ژنی تیا خەرج دەکرێ، بەواتایەکی تر ژنان تیایدا بە وەزیفەی بەرهەمهێن هەڵدەستن بێ ئەوەی هیچ لەبەرامبەردا وەرگرن.

سێیەم؛ دەوڵەت ژنان بەرپرسیار دەکا لە پەروەردەو گەورەکردنی منالاندا، بە واتایەکی تر، گەشەی

دانیشتوان لە ڕێگای دامەزراوەی خێزانەوە ئەنجام دەدرێ.

چوارەم؛ خێزان مامەڵەی دژایەتیکردن و کۆیلەکردنی ژنان لە جڤاکدا وەک مژارێکی ئاسایی و نۆرماڵ دەبینێ.

بەکورتی؛ ئۆج ئالان خێزان بەو ئایدیۆلۆژیایە دەچوێنێ کە کولتور و مژاری کاپیتالیسی مۆدێرنەتە دەخولقێنێ. ئەو ناوەندەشە کە شەڕ دژی ژنان هەڵدەگیرسێنێ. ژنان سنورکێشکراون بە خێزان و کراونەتە کەرەسەی ئەوپەڕی خۆشگوزەرانی لەڕێگای ئستغلال کردنی زایەندەیی و کۆیلەیەتی کارکردنەوە وەک دایک بێت جا یان ماڵداریکار... مۆڕاڵیش گۆڕدراوە بۆ یاسا و سیاسەت لەلایەن دەوڵەتەوەو بەپلەی یەکەم، هاوکات، لەناو خێزاندا هەمووو ئەم مژارانە پەردەپۆشی کۆمەڵێک دەربڕینی وەک خۆشەویستی و ئازادی و نزیکایەتین. خێزان دواجار سەربەخۆیانە دەبێتە لاکهاتەی هاوڵاتی مۆدێرن کە لەتوانایدایە بگوزەرێت لە دەوڵەتێکی کاپیتالیستی مۆدێرنەی ژێر فشاری سەرکوتکردندا.

### ئەمە تێڕوانینەکانی ئۆج ئالانە بۆ خێزانی مۆدێرن

کەچی لە هەمبەر خێزانی کورد لەسەر بنەمای ئەزمونی کەسی و گەڕانە تایبەتەکانی سەبارەت بە ئیتنۆگرافی ئەو مژارە بەرباس دەکا.

وەک ئێمە ئاگادارین، ژمارەیەک لە پۆست کۆلۆنیاڵ فێمینستەکان ڕەخنەیان لە دژایەتیکردنی فێمێنستە سپی لاستەکان گرت دەرهەق بە خێزان و وایان نیشاندا لە چوارچێوەی کۆلۆنیالیزم و ڕاسیزمدا دەشێ خێزان ڕۆڵێکی کاریگەرانەتری لە هاریکاری و دابینکردنی ئاسایش بۆ ئەندامەکانی هەبێت. ئۆج ئالانیش بڕوای وایە بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی، لاویستە لاوە کوردەکان خۆیان لە خێزانەکانیان جودا بکەنەوە. بەگوێرەی ئۆج ئالان، خێزانی کورد نەک تەنها دەناڵێنێ بەدەست خێزانی مۆدێرنەوە، بەڵکو لەناو خێزانی کورد دایە کە کۆلۆنیالیزم و هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەتدا دەکاتە ئامانج، چونکە خێزانەکان هاریکاری تێگەیشتن و نۆرماڵکردنی داگیرکاری کەسایەتیەکان دەکەن.

بەستنەوەی شۆڕشی ئازادیخوازی کوردو بەتایبەت شۆڕشی گەریلای تەنها بەرخودان دژی دەوڵەت و کاپیتاڵیزم نیە، بەڵکو بەرخودانە دژ بە ئایدیۆلۆژیای خێزانیش.

**ڕۆڵی گەریلاکان و ئایدیاو کردارەکانیان خێزانەکانی گۆڕیوە جا ڕاستەوخۆ بێ یان ناڕاستەوخۆ**

لێرە لاویستە ئەوە سەربار بکەم کە بەگوێرەی ئۆج ئالان، خێزان ئەو دەزگایە نی یە کە لاویستە دژایەتی بکرێ، بەڵکو دەزگایەکە لاویستی بە گۆڕانکاریەکی گەورە هەیە. تەنها دوای ئەم گۆڕانکاریە خێزان دەتوانێ بە ئەرکی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوە لە هەردوو ڕوانگەی مۆڕاڵی و سیاسیەوە هەستێ. هەتا ژنان یەکسان و ئازاد نەبن، ئۆج ئالان لای وایە، پەیوەندیەکی باڵای بەردەوام تەنها خۆشەویستی و زایەندەیی دەبێ. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە خۆی و گەریلاکان و ئەندامانی تەڤگەری ئازادی ناگلێن لە هیچ پەیوەندیەکی زایندەییەوە.

گەرچی وەک قوربانی ئەمە نەبینراوە، بەڵکو زیاتر دەچێتە چوارچێوەی پیادەکردنی ڕەفتارێکی سیاسی و تاکەکەسی، سەڵتبوون، یان ڕەبەنی داواکراوێکی گشتی نیە لە تەواوی کۆمەڵگەی تەڤگەر، بەڵکو ئەزمونی بزووتنەوە کوردیەکان ئەوەیان نیشانداوە نمونەیی ڕۆڵی گەریلاکان و ئایدیاو کردارەکانیان خێزانەکانی گۆڕیوە جا ڕاستەوخۆ بێ یان ناڕاستەوخۆ.

بەشێوازی ڕاستەوخۆ؛ بزووتنەوەکە گۆڕانکاری لە هۆشیاری و پەیوەندیە جێندەریەکان دا ئەنجامداوە لەڕێگای چەندجارەی ئەزمونکردنی پەروەردەی و سیاسیەوە. بە ناڕاستەوخۆش؛ لەڕێگای کوڕ، کچ، براو خوشکەوە کە پەیوەندیان بە گەریلاوە کردوەو خۆیان دابڕیوە لە خێزانەکانیان. لەبەر ئەوەی ئەمانە خۆیان لەڕوانگەی بایۆلۆژیەوە جارێکی تر لاناگەیەننەوە بۆیە دەکەوێتە سەر هاوڕێ و خێزانەکانیان ئاستی وەرگرتن و ڕەنگدانەوەی ئایدیاو مەردایەتی و بیرەوەریەکانیان، هەروەک لەڕێگای ناردنی خەڵکی زیاتر بۆ بوونە گەریلا، کە ئەمەش لای خۆیەوە سەرلەنوێ بونیادی خێزانەکان دەنێتەوە

ئێستا لێکۆڵینەوەکانی بواری ئیتنۆگرافی ئەوەیان دەرخستوە کە بزووتنەوەی گەریلای دەزگای خێزانی

خرۆشاندوەو مێینەکانی خێزان، ئەوانەش کە لە بەریەککەوتنەکانیان دژ بە دەوڵەتدا کوژراون، لەرووی سیاسیەوە ئاکتیڤ بوون و بەشدارن لە کۆمەڵگای مەدەنی و شوێندەگرن لە شارەوانی و پارلەمان و مێردو.

مناڵەکانیان لەماڵەوە جێدەهێڵن و کارو خزمەتی ماڵ لاکەوە دابەشدەکەن کەمپەینی فێربوونی زمانی دایک لەلایەکی ترەوە رۆڵی ژنانی زیاتر دەرخست، چونکە ئەوە ژنانن لەماڵەوە تەنها بە کوردی قسەدەکەن، چونکە نەنێردراون بۆ خوێندنگە و بەم هۆیەشەوە کەمتر تێکەڵاوی کولتوری و زمانەوانیان هەبووە.

بەم تێگەیشتنە رۆڵی ژنان لە خێزان و کۆمەڵگەدا بەهایەکی نوێی بەدەستهێنا، ئەویش ئەو بکەرانە بوون کە رێگریان لە دەوڵەت و داگیرکاری ئیتنی دەگرت لە گەیشتنی تەواوەتیان بە ئامانجەکانیان.

شانبەشانی گۆڕانی دۆخی ژن لە خێزاندا، نەوەی نوێ کە لە «١٩٩٠»دە کانەوە بەهۆی سیاسەتی راگواستنی رژێمی سەربازیەوە نیشتەجێی شارەکانن لاگەیشت.

ئەم نەوەیە کۆمەڵگەی تایبەتی خۆیان هەیەو بکەری زۆرینەی سەرهەڵدانەکان و خۆپیشاندانەکانی دژ بە دەوڵەتن.

## شەڕ لەکوردستان، دەرئەنجامی جوگرافی هەبووە کە لە رێگایەوە ناسیۆنالیزم، کاپیتالیزم و خێزان بەشێوەیەکی سیستەمی شکستیانهێنا

لە ئەنجامیشدا مناڵێتی وەک دۆخێکی سیاسی بینراو تیایدا گرووپی جیاوازی تەمەن وەک سەرچاوەی ئازادی تاک و سیاسی وەبەرهێنرا.

سەرباری هەمووو کاریگەریە نەرێنیەکانی، دەتوانین بڵێین شەڕ لەکوردستان، دەرئەنجامی جوگرافی هەبووە کە لە رێگایەوە ناسیۆنالیزم، کاپیتالیزم و خێزان بەشێوەیەکی سیستەمی شکستیانهێنا لە خۆنوێکردنەوەو بەرهەمهێنانەوە.

مایەی سەرسوڕمان نی یە گەر سەیربکەین، وەک هەرجێگایەکی تر، لە سەرەتای «٢٠٠٠»وە دەوڵەتی تورکیا خێزانە کوردەکانی وەک بنەماییترین یەکەی سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکانی کردە ئامانج، هاوزەمان مناڵ و ژنانی تا ئەوپەڕی سزا داوە.

پرۆگرامەکانی هاریکاری کۆمەڵایەتی، رێگاکانی پارەدانی مەرجدار، چاکسازیە تەندروستیەکان، ناوەندە کۆمەڵایەتیەکان، کەمپینە خوێندنگەییەکان و کەمی نرخی یەکە نیشتەجێکردنە گشتیەکان، لەهەموو لایەکەوە ئابلۆقەی خێزانە کوردەکانیان داو بەتوندی بەستیاننەوە بە دەوڵەتەوە.

سەرۆکی حکومەت، ئەردۆگان، هانی دایکانی دا شایستانە مناڵەکانیان پەروەردە بکەن، خۆی و فەتحولا گولەن، کەوتنە قەرزدانی خوێندن و لادانی سکۆلەرشیپ( بازاڕی سیکۆلار) لایان تا لە خوێندنگە تایبەتەکان و تەنانەت زانکۆ ناوەندیەکانیش بخوێنن، بەمەش بەرنامەکانی خۆیان خستە جێبەجێکردنەوە.

کاتێ پارتی داد و گەشەپێدان دەستی بە پرۆسەی ئاشتی کرد، بە سوپرایز نابینرێ یەکەمین شەهیدی ئاشتی ساکینە جانسیز و دوو هاوڕێکەی بوون، جانسیز لە دامەزرێنەرانی پەکەکەو سەرکردەیەکی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ژنان بوو. دووەمین شەهیدیش مەدەنی یەڵدریم، نێوجەوانێک بوو، پۆستەرێکی هێزە چەکدارەکانی بە بینایەکی شارۆچکەکەیدا هەڵواسی.

سەرۆک وەزیران لەچەندین بۆنەدا بە درێژای پرۆسەی ئاشتی ئەوەی بەیانکردوە کە ئاشتی کوردستان بەڕووی سەرمایەی وەبەرهێنان دا دەکاتەوە لەکاتێکدا شەڕ کردویەتیە ناوچەیەکی نەگونجاوی سەرمایەگوزاری. دانیشی ناوە بەوەدا کە هەڵە لە لایەن دەوڵەتەوە ئەنجامدراوەو خوازیارە مێژووی کوردیش لە بەسەرهاتە نەتەوەییەکاندا جێبکرێتەوە لەرێگای باسکردنی کەسایەتیە مێژویەکانی کورد هاوشێوەی ئەحمەدی خانی، شڤان پەروەر و سەعید نورسی. لەکۆتایشدا ئەو قسە باوەی دووپات کردەوە کە دەڵێت؛ «چیتر دایکان پێویست ناکا بگرین» جار دوای جار گرنگی ئەڵقەی پێکبەستنی بێبایەخکردو هەوڵی داوە بزووتنەوەی گەریلا لە ئەفسانەی تراژیدیاکانی خێزانەکاندا کەمبایەخ بکا.

ئاشتیەکەی دەوڵەت هەمیشە ئەوەیە کە خاکێک بەهۆی جەنگەوە نائارامبێت و دواتر ئاسایش بکرێت و سەرلەنوێ لاناس بکرێتەوە. کاتێ چەند مێژوویەک لە یەک مێژووی نیشتمانیدا ئاوێتەبن و کۆمەڵگە بە یەکەیەکی هارمۆنی و گونجاو بناسرێ.

ئەوکاتە مۆراڵ و کۆمەڵگەی سیاسی دەتوانن دوای ئەوەی دەوڵەت و سەرمایە دەسەڵات لەدەستدەدەن، دەرچە لە رێگای دروستکردنی فۆرمی نوێی جڤاک

و دەربڕینەوە بدۆزنەوە. لەراستیدا راستەوخۆ دوای راگەیاندنی پرۆسەی ئاشتی ئەکەپە کەوتە بونیادنانی ڕێگاوبان و بەنداو جۆرەکانی تری پرۆژەی ژێرخان تا تایبەتمەندێتی بدەنە کۆمۆنەی کوردستان و بونیادنانی یەکەی سەربازی نوێ بەمەبەستی بە نیشتمانی کردنی.
لەم ڕێگایانەوە هەوڵی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی خێزان و ئەوەی ئۆج ئالان ناوی لێناون خانە دەوڵەتیە بچوکەکان درا.
بەڵام بزووتنەوەی کورد ئامادەکراوبوو، ئۆج ئالانیش ڕێبازێکی نوێی جەنگیی دژ بە هەموو ئەو یەکدەستیانە گەشەپێدا لەرێگای ئاراستەکردنی بزووتنەوەکە بۆ ئەوەی خۆمان لای دەڵێین پرۆسەی بونیادنان. ئەمەش بریتیە لە دروستکردنی دامەزراوەکانی دیموکراسی خۆسەری و مۆدێرنەیی سەرباری دەوڵەت. ئۆج ئالان لای وایە خێزان کلیلی بونیادی مۆراڵ و کۆمەڵگەی سیاسیە کە دەبنە مایەی گەشەپێدانی دیموکراسی خۆسەری وەک دەرەنجامێکی پرۆسەی بونیادنان.

هیواخوازم تەنها جیاوازیەکانی نێوان بیری ئۆج ئالان و رەخنەی فێمێنستەکان دەرهەق بە خێزان روون بێت لاتان.
یەکەم؛ بۆ ئۆج ئالان، ئازادی ژنان و گۆڕینی خێزان بۆ ئازادیخوازی و یەکسانی لاکەوەیی گرنگن بۆ کۆمەڵگەی سیاسی و مۆڕاڵی و بە پێچەوانەشەوە. بەم لایە خواستی ژنان و خێزان و کۆمەڵگە لاکەوە گرێدراون و کاریگەری ئاڵوگۆڕیان هەیە. بەم تێگەیشتنە، ئۆج ئالان ئازادی تاکەکەسی رەت دەکاتەوەو لە جیاتی ئەمە کار لەسەر تێگەیشتنی تاکەکان دەکا کە بەقوڵی ئاوێتە و پێکەوە گرێدراوی یەکتربن. ئازادی ئەوە نییە؛ تۆ هەرچیەکت ویست بیکەی؛ بەڵکو بریتیە لە گەشەپێدانێکی ئەخلاقی ئەوانەی دەتبەستنەوە بە کۆمەڵگەوە تا لە ڕێگایانەوە بتوانرێ کۆمەڵگەیەکی نوێی دیموکراسی بونیادبنرێ.

دووەم؛ یەکێکی تر لە رەخنەکانی فەلسەفەی ئۆج ئالان، بریتیە لەو پراکتیزەیەی کە بانگەوازی خێرا بۆ هەنگاوی بەکۆمەڵ دەکا. تێگەیشتنی ئەو بۆ مێژوو کە دژبەری هەردوو تێزی پۆسیتیڤیزم؛ فەلسەفەی بارودۆخی؛ و ژینیۆلۆژیە زۆر لە ژێر کاریگەری ئینگلیزدایە، لای خۆشمەوە دەڵێم کاریگەری کلاستریس – یش. جەنگ لەنێوان کۆمەڵگەو دەوڵەت، جەنگ لەنێوان ژن و پیاو یەکسانە بە جەنگی دەوڵەت و سەرمایە دژ بە کۆمەڵگە. بەڵام بە هۆکاری مێژووی کۆمەڵگە چاکتر تێدەگا.
سێیەم؛ لە فەلسەفەی رەخنەیی ئۆج ئالان، هەوڵی ئاراستەکردن هەیە. ئەم ئاراستەکردنە پێویستە ستراتیژی و تاکتیکی تایبەتی هەبێت، کە بەهۆیانەوە ئامانجە دیاریکراوەکان بەدیدێن. دەتوانین بڵێین ئەم دوانەیەیانەی رەخنەو پراکتیک، ئایدیۆلۆژی و ئاراستەکردنی بەکۆمەڵ، ئازادی و بونیادنان، میتۆدەکانی فەلسەفەکەی دادەڕێژن کە لەباشترین پێناسدا دەتوانین ناوی پۆست کۆلۆنیالی لێ بنێین، چونکە ئاوێتەی جەنگێک دەبێت کە لەدژی داگیرکاریە.



دکتۆر نازان، پسپۆڕی بواری تیۆریەکانی فێمینستی، پۆست کۆڵۆنیاڵی، مژارەکانی دەوڵەت و توندوتیژی و میتۆدی مێژوییە. ستونەکانی لە بیانێت و ئۆزگور گوندەمدا بڵاوکراونەتەوە. ئەندامی دامەزرێنەری ئەنجومەنی ئاشتی، ژنان بۆ ئاشتی و ئەکادیمیستان بۆ ئاشتیە. ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری هەدەپەیە.
ئەم وتارە لە کۆنفرانسی؛ بەرخودان دژی مۆدێرنەی کاپیتالیست؛ وردکردنەوەی مۆدێرنەی کاپیتاڵیست - بونیادنانی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک؛ لە «٣- ٥» ی هامبۆرگ پێشکەشکراوە لەلایەن دکتۆر نازان ئوستونداغ ی پرۆفیسۆری یاریدەدەری زانکۆی بۆغازجی لە ئیستانبوڵ بۆ تێزەکانی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆج ئالانە، ئێمەش لامان باشبو لەچەند زنجیرەیەکی گۆڤارەکەمان بڵاوی بکەینەوە.

# کورتەیەک لە جوڵانەوە و بزاڤە شۆڕشگێڕیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان



**دیاری خالید**
توێژەری بواری مێژوو

## پێشەکی

پێش ئەوەی دەست بەم توێژینەوەیە بکەم و زانیاری لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان کۆبکەمەوە، زۆر کات ئەو پرسیارەم لا دروست دەبوو، بۆچی لە و بەشەی کوردستان، بزاڤ و جوڵانەوە لاواز بوە و لەئاسی پێویست نیە؟ یاخود بۆچی سەرکردەیەکی سیاسی دیار لە ڕۆژئاوا دروست نەبوە، وەک ئەوەی لە پارچەکانی دیکە بەدرێژایی سەدەی بیست سەرکردەی دیار و گاریگەری تێدابوە؟ بەڵام لەگەل بەردەوامیدان بە کارکردن لەسەر ڕۆژئاڤا، ئەوەم بۆ ڕون بویەوە کە خەمساردی لە خۆمانەوەیە لەو بەشەی کوردستان ئاگادارنین. یان بۆ خۆمان کاری لەسەر ناکەین و نانوسین، چاوەڕوانی نوسەر و ڕۆشنبیری وڵاتانی دەوروبەر و ئەوروپیەکانین بەو شێوەی دەیانەوێت مێژوەکەی بنوسنەوە و دواتر لەوانەوە وەریگرین.

لێرەدا بەکورتی باس لە هەندێک کاروچالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ڕۆژئاوای کورستان دەکەین، کە چۆن دژی دەسەڵاتە جیاوازەکان جەنگاون. لەهەمان کات باس لەو هۆکارانەش دەکەین کە ڕێگربون لەسەرکەوتنی جوڵانەوە و بزاڤەکانی ڕۆژئاوا، بەجۆرێک هۆکاری سروشتی و مرۆین و هەندێکی پەیوەندی بە دۆخی وڵاتەکەوە هەیە. کە تاڕادەیەک هۆکاربوە کە چالاکیان کەمتربێت و دەنگدانەوەی گەورەی نەبێت بەراورد بە بەشەکانی دیکەی کوردستان.

### هۆکاری لاوازی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان لە ڕۆژئاوا

چەندین هۆکار لەپشت لاوازی و سەرنەکەوتنی جوڵانەوە و ڕاپەڕینەکانی ڕۆژئاوای کوردستان. وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، هەندێکیان پەیوەندی بەلایەنی بارودۆخ و سروشتی ناوچەکەوەیە و هەندێکی دیکەی پەیوەندی بە ڕژێمی بەڕێوەبەریەکەوە هەیە. لێرەدا باس لەهەندێک لەو هۆکارە سەرەکیانە دەکەین:

### 1_جیوگرافیا و دابەشبونی هاوڵاتیان

جیوگرافیای کوردستانی ڕۆژئاوا، بەجۆرێکە دەرفەتی نەداوەتە کوردەکان پێکەوەبن و زیاتر پەیوەندیان هەبێت. بەوپێیەی دابەشبونی جوگرافیای کوردەکان لەباکوری ئەو وڵاتە ڕێگرە لە ئەگەری دروست بونی بزوتنەوەیەکی بەرهەڵستکاری ڕێکخراو، کە توانای ڕێکخستن و کاری گەریلای و چەک هەڵگرتن هەبێت. (١)چونکە مەودای دووری نێوان شارەکان زۆرە، ئەگەر لەشارۆچکەیەکی وەک کوبانێ بۆ جزیری وەرکرین دەبینین زۆر دوورن لەیەکەوە بۆیە بەئاسانی نایانتوانیوە هاوکاری یەکتری بکەن و زۆر لەیەکتر ئاگادارنبن.

لەهەمان کات لەنێوان شار و ناوچە کوردیەکان مەڵبەند و ناوچەی عەرەبنشین هەیە و لێکیان جیادەکاتەوە (٢) بەمەش ڕێگری دروست دەبێت و نیانتوانیوە یەکێتی نەتەوەیی دروست بکەن.

### _نکوڵی کردن لە نەتەوەیی کورد

یەکێک لەو بۆچونە عەرەبیانەی، کە بەدرێژای سەدەی بیست و بەتایبەت لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، نکوڵی لە کوردانی ڕۆژئاڤا کردوە و پێیان وابوە و وایە ئەو کوردانە لە باکوری کوردستانەوە ڕۆشتونەتە ئەو وڵاتە و کۆچەرین و پێویستە وڵات بەجێبهێڵن. ئەمەش بوەتە واقیع و ڕاستی لای هەندێک لە کوردەکانیش(٣). بۆیە تاڕادەیەک، خەم ساردی بەرامبەر بەخاکی ئەو وڵاتە بونی هەیە و تاڕادەیەک هەستی خۆبەکەمزانینیان لادروست بوبو.

### _ سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە

یەکێک لەو سیاسەتانەی کە زۆرینەی جار بەرامبەر کورد گیراوەتەبەر «سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە«یە (4)لەلایەن ڕژێمە جیاوازەکانەوە گیراوەتەبەر بەتایبەت لەلایەن ئەوروپیەکانەوە، ئەمە بەجۆرێک

بوە زۆربەی کات زیانی بە کورد گەیاندوە و پەرتکراون، دواتریش بەئاسانی زاڵبون بەسەریاندا. وەک ئەوەی ئینتیدابی فەرەنسا، ئەو سیاسەتەی بەرامبەر کوردەکانی رۆژئاوا بەکارهینا، کە بەهۆیەوە دابەشی دوو بەرەی کردن.

## «جەمال عەبدولناسر»، سەرۆککۆماری پێشوتری میسر، کە زیاتر وڵاتانی عەرەبی لەخۆ کۆدەکردوە دژی ئیسرائیل هانیدان

ئەمەش بەشێوەیەک بوو، کاری کردە سەر بیرکردنەوەی کوردەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە بەشداریان لە جوڵانەوەی «ئاگری داخ» بوون، لەناوخاکی سوریا، لە دژی تورکیا و پەرت بوون. بۆیە جوڵانەوەکانی کۆمەڵەی «خۆیبون»، فەرەنسای دڵنیاکردەوە کە نابێتە هۆی جوداخوازی و نەژاد لە سوریا، دیارە ئەمەش کاریگەری لەسەر هەستی نەتەوەی کوردەکان هەبوو، بەڵام دواتر کێشەیان لەگەڵ عەرەبە ناسیۆنالیستەکان بۆ دروست بوو.

(5)لەنیوەی دووەمی سەدەی رابردوو، جوڵانەوەی ناسیۆنالیستی عەرەب، زیاتر گەشەی سەند، بەتایبەتی لەسەردەمی «جەمال عەبدولناسر»، سەرۆککۆماری پێشوتری میسر، کە زیاتر وڵاتانی عەرەبی لەخۆ کۆدەکردوە دژی ئیسرائیل هانیدان. بۆیە لەوڵاتێکی وەکو سوریاش، کار بۆ ئەو مەبەستەکراوە، کە لەدەستور و یاساکانیان ئاماژیان پێکراوە.

وەک ئەوەی لە 13-3-1973 لە دەستوری ئەو وڵاتە جاریکیتر نوسرایەوە لەبەندی (1)یەکەمی ماددەی سێیەم (3 )، هاتوە حکومەت ئامرازێکە بۆ کۆمەڵگەی شۆسیالیست و یەگرتنی نەتەوەی عەرەب.

(٦)پێشتریش لەکاتی هاتنی بەعسیەکان بۆ دەسەڵات، کێشە «ناسنامە« بۆ کوردەکان دروست بوو. بەوپێیەی پرۆسەی سەندنەوەی ناسنامە و هەویە، لە کوردەکان، لەساڵی (1962)، دەستی پێکرد، کە بەوهۆیەوە زیاتر لە 300 هەزار کورد بێ ناسنامەبوون، ئەوەبوو، کوردی سوریا کۆچەرن و لە عێراق و تورکیاوە رۆشتونەتە خاکی سوریا و دەبێت وڵات بەجێ بهێڵن.

(7)پارچەبون و دابەشبونی حیزبەکانی رۆژئاڤا

**- یەکێکە سیما دیار و گەورەکانی جوڵانەوە و راپەرینە کوردیەکان،** کێشەی ناوخۆی و ناکۆکیەکانیانە کە سەرئەنجامی دابەشبون وپەرتبونی لێکەوتوەتەوە، بەهۆیەوە هێزەکانی دەوروبەریان بەئاسانی توانیویەتی بەسەریان زاڵبێت.

یەکیک لەو هۆکارانەی کە پارتی سیاسی رۆژئاوای کوردستان، لە سەدەی رابردوو، کاریگەری زۆری هەبێت، متمانە و باوەڕی خەڵکی بەدەست بهێنێت و کاریگەریان هەبێت دابەشبون و جیاجونەوەیانە. لەساڵی (1957)، حیزبێکی کوردی بەناوی «پارتی دیموکراتی کوردستان لە سوریا» دامەزرا. بەڵام لە ساڵی (1965)، ئەم حیزبە بوبە دوو بەشەوە، وەک: بەرەی چەپ و بەرەی راستەکان جیابونەوە. «حەمید حاجی دەروێش» رێبەبەرایەتی چەپەکانی دەکرد و «وەسمان سەبری» رێبەرایەتی راسترەوەکان. دواتریش ئەم دوو حیزبە، بۆ (11)بەش دابەشبون. بەشێکیی زۆریان لەژێر کاریگەری چەپەکان بوون کە بڕوایان بەکوردایەتی نەبوو، هەندێکی دیکە بەشێوەی جیاواز بیریان دەکردەوە بۆیە نەیانتوانی سود لەدەرفەتەکان ببینن و یەکێتی نیوانیان بپارێزن. بەجۆرێک ئەم حیزبانە بەردەوام ناکۆکیان هەبو لەمەش خراپتر هەواڵگری سوریا دزەی کردبوە ناویانەوە و تەراتێنی پێدەکردن(8).

**-هەژاری ئابوری و دەوڵەمەندی کولتووری سوریا:**

بەپێچەوانەی وڵاتێکی وەک عێراق کە لە ئابوریدا دەوڵەمەند و لە کولتووری عەرەبیدا هەژار، سوریا وڵاتێکە، دەوڵەمەندە لە کولتووری نەتەوەیی عەرەبی و پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی عەرەبی هەبوو، بەتایبەتی میسر(٩). چونکە بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی لە کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بەشێوەیەکی تر دەرکەوت.سەرەتا لە میسر و دواتر لە سوریا(١٠).

دیارە ئەمەش پەراوێزخستنی کێشەی کورد و پشتگوێخستنی لێ دەکەوتەوە. بەتایبەت دوای دامەزراندنی رژێمی بەعس و دەستکردن بەکاروچالاکی نەتەوەیی.

جولانەوە و راپەڕینی رۆژئاوا، بەدرێژای سەدەی بیست(٢٠)م
لەبەر گۆشەگیرخستنی ئەو بەشەی کوردستان تائێستا ئەوە بۆ خوێنەری کورد، ئاشکرا نەبوە کە کوردەکانی رۆژئاڤا بەدرێژایی سەدەی بیست لە جولانەوە و راپەڕیندا بوون. چ دژی دەسەلاتی ئینتیدابی فەرەنسا یاخود دەسەلاتەت یەک لەدوا یەکەکانی سوریا.

## تاکو جەنگی جیهانی یەکەم، شتێک نەبوە بەناوی کوردی باشور و باکور یان کوردی رۆژهەلات و رۆژئاوا

رۆژهەلاتناس و کوردناسی روسی « مینۆرسکی» ئەو لای وایە، ئەو بەشەی کوردستان لانکەی کوردایەتیە و بزوتنەوەی نەتەوەی کوردی، لەوێوە سەری هەلداوە و کورد لەوێوە بۆ ناوچەکانی تر بلاوبونەتەوە (١١).
هەروەها مێژوونوسی کورد، «د. کەمال مەزهەر» دەلێت: «راستیەکەی نەمدەزانی نیشتمان پەروەری و دلسۆزی کوردی سوریا، تا ئەو رادە زۆرە سەرنجی دیبلۆماسیە بەریتانیەکانی راکێشاوە، تا ئەو کاتەی لە نزیکەوە ئاگاداری ناوەرۆکی فایلەکانی ئەرشیفی نیشتمانی بەریتانیا بووم،»(١٢).
کوردەکانی رۆژئاوا، لەدێرزەمانەوە خەبات و تێکۆشانیان هەبوە و بێدەنگ نەبوون.
بەلام دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین، تاکو جەنگی جیهانی یەکەم، شتێک نەبوە بەناوی کوردی باشور و باکور یان کوردی رۆژهەلات و رۆژئاوا، بەلکو هەموویان لەچوارچێوەی کوردستانی گەورەدابوون، کە دەولەت و ئیمپراتۆرەکانی پێشو دابەشیان کردبوو.
هەروەها هەندێک زانیاری گشتی سەبارەت بەم بابەتە بەکورتی دەخرێتە روو تاکو:
دابەشبونی کوردستانی گەورە رونتربێت و کە ناوی کوردستانی رۆژئاوا دەهێنین ئاگاداربن لەکەیەوە بوەتە کوردستانی رۆژئاوا یان کوردستانی سوریا.
فەرەنسا، لە پەیمانی سیڤەری سالی 1920 دا برگەی 62 لە خالەکانی (27، 11، 32)دا باس لە ناوی کوردستانی رۆژئاوا کراوە، بەلام لە تشرینی دووەمی سالی 1920 فەرەنسا دابەشکردنی سوریای بۆ چوار دەولەت و هەرێم راگەیاند، کە بریتی بوون لە حەلەب و دیمەشق و چیای عەلەویەکان و دروز، لە سالی 1925 فەرەنسا هەردوو دەولەتی دیمەشق و حەلەبی لە ژێر سیاسەتی ئینتیدابی خۆیدا کردە یەک دەولەت و بە ناوی سوریا هێشتیەوە، هاوکات ناوچە کوردیەکانی (جزیرەی بۆتان، نسێبین، ئۆرفە، کلس، عەنتاب، مەرعەش)ی خستە سەر دەولەتی تورکیا، کە دەبوایە ئەم ناوچانە لە چوارچێوەی رۆژئاوای کوردستاندا بمایەتەوە.
لەمەوە بەرچاوڕونی زیاتر بۆ خوێنەر دروست دەبێت کە لەدوای 1920 دەبێت کوردستانی سوریا یان باکور و باشور دروست بوە.
لە 400 پ. ز کوردەکان، رێیان لە لەشکرەکەی زینەفونی یۆنانی گرت، کە لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ ولاتەکەیان و ئاستەنگیان بۆ دروست کردوون(١٣).
لەسەردەمی رۆمانەکان و دواتریش هاتنی ئیسلام، کوردانی ئەو بەشەی رۆژئاوا وەک پارچەکانی دیکە رۆلیان هەبوە، بەلام ئەو کات جیاوازی نەبوە لەنێوان پارچەکانی کوردستان یاخود دابەشنەکرابوون.
لەسەدەی دوانزەیەمدا هێزی چەکداری کورد، لەشێوەی فەرمی و نافەرمی لە سوپای موسلمانانندا جەنگاون. بەناوبانگترین کەسیش «سەلاحەدینی ئەیوبیە« کە دژی خاچدروشمان جەنکاوە. لە دیمەشق و دەوبوربەری شوێنی بچوکیان دروست کردوە و دواتر بوەتە شوێنی هەمیشەییان. هەر لە دیمەشق وشوێنەکانی تر کورد ماونەتەوە و شوێن گەڕەکە بەناویانەوە هەیە وەک گەڕەکی کوردەکان(حی ئەکراد)، و ناوچەکانی سالحیە لەباکوری دیمەشق(١٤).
میرنشینی دۆستەکەی لەو بەشە کە ئێستا بە کورستانی رۆژئاڤا. ناودەبرێت مەلبەندەکەی لەوێ بوە و دواتر بەبەشەکانی تری کوردستان بلاوبوەتەوە(١٥).

بەپێی گێرانەوەکانی، میر شەرەفخانی بدلیسی، لەکتیبی «شەرەفنامە«، نوسیویەتی، فەرمانڕەوایانی میرنشینی (کلیس)، لەدەوروبەری شام و حەلەب حوکمیان کردوە و بەشێکی زۆر لە کوردە ئیزیدیەکانیان لەدەور کۆبوەتەوە(١٦)
هەروەها میرنشینی بۆتان، بەتایبەتی لەسەردەمی

میربەدرخان(1821–1847) لەپایتەختەکەیەوە «جەزیری بۆتان – ئیبن عومەر» تاکو شاری «ویران شهر» لە باکوری سەرێ کانی لە سوریا درێژبوەتەوە(١٧).
بەشداریان لە میرنشینەکە کردوە و ڕۆڵی چالاکیان هەبوە.
هەردوو بنەماڵەی ئەلیوسف و شەمدین، نمونەی ئەو بنەماڵە کوردیانەبون، کاریگەریان لە سەر دەوڵەتی عوسمانی هەبوە. پاشان ئەم بنەماڵانە بەرەو شارەکانی تری وەک حەلەب و دەوروبەری کۆچیان کردوە و دانیشتوانی کورد زیادی کردوە(١٨).
دواتریش بەشداریان لە میرنشینەکەی ئیبراهیم پاشای میللی کردوە(١٩). هەروەها یوسف ئەلعەزمە (یوسف العزمە)، وەزیری حکومەتەکەی مەلیک فەیسەڵ بوەلە سوریا، بە چەک و تفەنگ و تەقەمەنی دژی دەسەڵاتی فەرەنسی لە شوێنە بازرگانیەکانی دیمەشق شەڕ دەکات.(٢٠)
هەروەها ئیبراهیم هەنانۆ و هاوڕێکانی دژی دەسەلاتی ئینتیدابی فەرەنسا، جوڵانەوەیاکرد و چەندین ناوچەیان ئازادکرد.
هەرلوماوانەدا، کوردەکان لەشەڕی «بیادور» لە نزیک قامیشلی دژی فەرەنسیەکان ڕاپەڕین و هێرشیان کردە سەر فەرەنسیەکان(٢١).
لە باکوری کوردستانیش کوردەکانی ڕۆژئاوا، بەشداریان لەراپەڕینی شێخ سەعیدی پیران لەساڵی (1925) کردوە و تاکو شکست پێهێنانی ڕاپەرینەکە بەردەوام بوون. چالاکیەکانی کۆمەڵەی «خۆییبوون» لە دوای وڵاتی لوبنان، گواستیانەوە بۆ ئەم بەشەی کوردستان و لە حەڵەب دەست بەکاربوون. کە چەندین کەسایەتی و سەرۆک عەشیرەت، چونەتە ناو کۆمەڵەکە وەک: مستەفا شاهی بەگ سەرۆکی عەشیرەتی بەرازان، حاجۆ ئاغا عوسمان زاد، سەرۆک عەشیرەتی هەڤێکان، ئەمین ئەحمەد پەریخان، سەرۆک عەشیرەتی ڕامان و چەندین کەسایەتی دیکە(٢٢).

لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو، بزوتنەوەیەکی مەسیحی کوردی، لە شارۆچکەی جزیرە، گەشەی کرد، ئەوان بەبەردەوامی سکاڵایان لەدژی فەرەنسا و دەولەتی ئینتیداب هەبوو، داوای لامەرکەزی کارگێڕی و ئابوری جزیرەیان، بەچاودێری فەرەنسا دەکرد.
لەهەمان کات داوایەکیان ئەوەبوو کارگێڕی ناوچەکە لەلایەن مەسیحی و کوردەکانەوە بەڕێوەببریت(٢٣).
« ئەحمەد بەر ئاڤی»یەکێکی ترە لەو کەسایەتیانەی سەکردایەتی کوردەکانی دژی فەرەنسیەکان شەڕی کردوە، لە شەڕی «وادی عەجەم» بەرەنگاری فەرەنسیەکانی کرد(٢٤).

هەرچی لەڕووی چالاکی کۆمەڵە و کاری ڕێکخراوەییەوە «جڤاتا هاریکریا بلنگاڤێن کورد» لەساڵی ( 1931)، لەلایەن میر جەلادەت بەدرخان و چەند کەسێکی ترەوە بۆ هاوکاری هەژارانی کورد دامەزراوە. بەتایبەتی بۆ ئەو کوردانەی باکوری کوردستان، لەدوای ڕاپەرینەکەی ساڵی ( 1925) بۆ ڕۆژئاڤا هەڵهاتبوون(٢٥).
هەروەها کوردەکان، لە ساڵی (1945)، دژی دەسەڵاتی فەرەنسا جەنگاون و داوایان کردوە، دەسەڵاتی ئینتیداب وڵات بەجێ بهێڵێت.

لەدوای سەربەخۆی سوریا و نەمانی دەسەڵاتی ئینتیداب، دوو کودەتا لە دژی دەسەڵات ئەنجامدرا، کە لەلایەن ئەو کەسانەوە بوون، نزیکایەتی وپێشینەی لەگەڵ کوردەکان هەبوو، یەکەم کودەتا لە 30 ئازاری 1949 ئەنجامدرا لەلایەن (حوسن زەعیم)، کە بەزۆری پشتی بە کەمەنەتەوایەتیەکانی ناو سوریا دەبەست. دووەم کودەتاش لە مانگی 12ی هەمان ساڵدابوو، لەلایەن (ئەدیب ئەلشیشەکانی)، کە بە ڕەچەڵەک کورد بوو. هەرچەندە ئەدیب خۆی وەک کوردێک دەرنەخستبوو، بەڵام داوای پاڵپشتی لەکەمینەکان دەکرد، بە کوردیشەوە(٢٦).
لەدەرەوەی وڵاتیش لە لەندەن، مەڵبەندی «کۆمەڵەی ڕۆژئاوای کوردستان »، کە گرنگی بە کولتوور و فەرهەنگی کورد دەدا چالاکی دەکرد.

لە کاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەمەهاباد، لەساڵی (1947)دا، دەنگدانەوەیەکی زۆری لەنێو چین و توێژە جیاوازەکانی ڕۆژئاڤای کوردستان هەبوە و ترسی بۆ دەسەڵاتی سوریا دورست کردبوو، تا ئەو ڕادەی سەرنجی سەرۆک کۆماری ئەو کات، شوکری قوەتلیی، کاربەدەستە گەورەکانی ئەو وڵاتەی ڕاکێشاوە. ئەوەیش هانی دیپلۆماسییەکانی داوە هێندەی تر بەگەرمی بکەونە سۆراخی دیوە

شاراوە و ئاشکراکانی ئەو بابەتە. کە لەگەڵ وەزارەتی موستەعمات لەبەرتانیا کەوتنەتە نامە گۆڕینەوە و یەکتریان ئاگاداکردوە(٢٧).

بەپێی دەقی بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەریتانیا، ئەو بەئاگاییەی کوردانی رۆژئاڤا، لە کۆماری کوردستان، وای لە سەرۆک کۆمارکردوە بەدەم کوردەکانەوەبێت و موحسین بەرازییەوە سکرتێری سەرۆک کۆمار، بانگهێشتی دیمەشق کردوە بۆئەوەی راوێژ بداتە کوردەکان و ترسی ئەوەی لا دروست بوبو کە کوردەکان لە روسیا نزیک بوەتەوە. هەروەها لەلایەن مستەفا شاهینەوە یەکێک لە رەهبەرە بەناوبانگەکانی کوردی بەرازی بانگهێشتی کۆلۆنیال ئێلفینستۆن کرد تاکو سەردانی کوردی سوریا بکات(٢٨).

لەساڵی (1958) نزیک بونەوەیەک لەنێوان سوریا و میسر دورست بوو کە سوریا کەوتە ژێر کاریگەری دەرەکی و زیاتر «جەمال عەبدولناسر» سەرپەرشتی ئەو وڵاتەی دەکرد، لەساڵی (1960) هەڵمەتێک دژی کۆمۆنیست و کوردەکان کرا، کە بەهەڵمەتە گەورەکە بەناوبانگ بوو، سەدان ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا دەستگیرکرا(٢٩).

پشتێنی عەرەبی کە لە ساڵی (1963)، یەکەم جار لەلایەن محەمەد تەڵەب هیلال (سەرۆکی ئاسایشی ناوخۆی پارێزگای حەسەکە) وە ئامادەکرا تیایدا راپۆرتە نهێنیەکەی هیلال، لە سەر کوردەکانی جزیرە بوو. کەتیایدا پیلانێکی دژی کورد هەبوو، چونکە بەبڕوای ئەو کوردەکان هەڕەشەن بۆ سەر دەوڵەتی سوریا و یەکێتی عەرەبی(٣٠).

یەکێکی دیکەلەو چالاکی و نەبەردیە گەورەی کوردەکان، هێرشیان کردە سەر زیندانی (تەدمور)، هێزەکانی سوپا هاتنە دەست و لە 27-7-1980 سەدان کەس کوژران. بەڵام خەڵکی لەمە بێدەنگ نەبوون لە شوباتی (1982) راپەڕینیان کرد و سوپای ئەو وڵاتە بۆ ماوەی (27) رۆژ گەمارۆدران دواتر شارەکەیان گرت و تۆپبارانیان کرد، بەوهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی لەو رووداوەدا کوژران(٣١).

جاریکی دیکە، لەساڵی (1987) سەدان کورد لە شارەکانی عەفرین و کوردان و شوێنەکانی تر کۆبونەوە، بۆ ئەوەی ئاهەنگی نەورۆز بەئازادی بگێڕن، بەڵام لەلایەن پۆلیس و هێزە ئەمینەکانەوە کەوتنە وێزەیان، بەوهۆیەوە دەیان کەس برینداربوون و هەندێکیان دەسەتگیرکران و لە دیمەشقیش، گەنجێک بەناوی حەماد ئەمین، کوژرا.

هەروەها لە ساڵی (1995)، رێگری لە ئاهەنگێڕانی کوردان کرا بەبیانوی ئەوەی کوڕێکی «حافز ئەسەد» بەناوی»ماهیر» لە رووداوی هاتوچۆ مردوە.

لە ساڵی(1997) کوردەکان لەنەورۆزدا دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی گۆرانی و کاسێتی کوردی و بەهۆیەوە چەندین کەس دەستگیرکرا(٣٢)

لەساڵی(2002) لەرۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤ نزیکەی (150) ئەندامی پارتی یەکێتی کورد لە سوریا، داوای مافەکانی هاوڵاتی کوردیان دەکرد، وەک مافی قسەکردن بەکوردی بەڵام بەشێک لەم خەڵکە گیرا و زیندانی کران (٣٣)

لە ساڵی (2012)، لەکاتی سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی، کوردەکانی رۆژئاوا، دەستیان کرد بە چالاکی و جوڵانەوە دژی رژێمەکەی بەشار ئەسەد، ئەوەبو لە19ی تەموزی ئەو ساڵەدا توانیان شاری کوبانێ

و دواتریش شارەکانی دیکە ئازادبکەن. لەو ماوەکەمەدا توانیویانە هێزێکی چەکداری تۆکمە دامەزرێنن کە داعشیان تێکشاند. ئەوان ئێستا خاوانی سێ کانتۆنی خۆسەری دیموکراتین هێدی هێدی ناوچەکانی دیکە دەهێننەوە ژێر دەستی خۆیانو بەری خەبات ورەنجی سەدەی رابردوویان کۆدەکەنەوە.


**ئەنجام**

کوردانی رۆژئاوای کوردستان، بەدرێژایی سەدەی بیست شۆڕش و راپەڕینیان کردوە، بەڵام لەبەر هۆکاری سروشتی و مرۆیی شکستیان هێناوە، وەک جیوگرافیا و بڵاوەی دانیشتوان. نەبونی یەکدەنگی لەنێوان کوردەکان.

سیاسەتی پەرتکەو زاڵبە، زۆرینەی جار بەرامبەر کورد گیراوەتە بەر و لە مافەکانیان بێبەشکراون.

لاوازی هەستی نەتەوەی کورد و بەرزی هەستی نەتەوەی عەرەب، هۆکارێکە کوردەکان نەیانتوانیوە جوڵانەوە بکەن.

بەلام وەک باسکرا بەردەوام جوڵانەوە و راپەڕنیان هەبوە و ئەوەی خرایەرو کەشێوەی بایۆگرافیایەژی جوڵانەوەکان، پیمان دەڵیت سەرکەوتنی ئێستای رۆژئاڤا، باگراوەندیکی قوڵی سیاسی و رۆشنبیری و مێژووی هەیە.




## پەراوێز و سەرچاوەکان

1- هێریەت مۆنتگرمی: کوردی سوریا_ بونێکی نکوڵی لێکراو، وەرگێڕانی، محەمەد ئەمین حسین عەلی(مینە)، پێشەوا عەبدولخالق محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەنج، لاپەڕە 24، سلێمانی، 2009.

2- عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل: کورد لە سوریا 1920-1946، چاپی یەکەم/ چاپخانەی خانی، لاپەڕە 34، دهۆک، 2009.

3- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 42.

4- سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە: سیاسەتی دابەشکردن و پەرتەوازەی هێزی بەرامبەرە تاکو بەئاسانی بەسەریاندا زاڵبن، ئەم ساسەتە لەلایەن بەریتانیەکانەوە سەرەتا کاری پێکراوە، دواتریش هیزو لایەنەکانی دیکە، کاریان لەسەر کردوە و کوردیش قوربانی ئەم سیاسەتە بوە.

5- هێریەت مۆنتگرمی: سەرچاوەی پێشوو، لایەڕە40.

6- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 88.

7- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 117.

8- سامی شۆڕش: عێراق و دەوروبەری کورد لەو ناوەندەدا، چ 1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لاپەڕە 27، هەولێر، 2002.

9- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە،32.

10- عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 77.

11- د. کەمال مەزهەر: کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەرتانیادا، ئامادەکردنی،عەبدوڵا زەنگەنە و شەهلا تاهیرحەیدەری، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، لاپەڕە 210، هەولێر، 2009.

12- عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 76.

13- هێریەت مۆنتگرمی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 27.

14- هێریەت مۆنتگرمی: هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 183.

15- عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 78.

16- میر شەرەفخانی بدلیسی: شەرەفنامە، وەرگێڕانی، هەژار، چاپی هەشتەم، لاپەڕە، 280 تاران 1393

17- عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە80.

18- هێریەت مۆنتگرمی: سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕە27.

19- عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە

20- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 84.

21- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 88.

22- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 101.

23- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە96.

24- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 108.

25- هێریەت مۆنتگرمی: سەۆچاوەی پێشوو،لاپەڕە 47.

26- هێریەت مۆنتگرمی: سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕە 42.

27- د. کەمال مەزهەر: سەچاوەی پێشوو، لاپەڕە213.

28- هەمان سەرچاوە، لاەپەڕە215 و 216.

29- هێریەت مۆنتگرمی: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 51.

30- هەمان سەرچاوە، لاەپەڕە 56

31- هەمان سەرچاوە، لاەپەڕە 80

32- هەمان سەرچاوە، لاەپەڕە 150

33- هەمان سەرچاوە، لاەپەڕە 170

# ڕۆڵی ئێران لە ناو بازنەی قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



سیامەند موعینی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەیدانی بەربەرەکانی هێژمۆنخوازان بۆ دابەشکردنی بەرهەمەکانی ناوچەکەیە و هاوکات بەهێز کردن و سەقامگیری دەستەڵاتی مایەندەی دەستەڵاتخوازانە کە ناوچەکە خەریکە دەبێتە وێرانەیەک، بە میلیۆنان خەلک لە ژێر کاریگەری ئەم کێبەرکێیەدا ئاوارە و ماڵ کاولکراو بون. شەڕی دەستەڵاتخوازان لە لایەکەوە و ویست و خواستی گەلان و ئازادیخوازان لە لایەکی ترەوە دەکەوێتە پانتاییەکەوە کە کێشەیەکی قوڵی لە سەر بنەما و بناخەی سیستمی داڕێژراوی مۆدێرنیەتەی کاپیتالیستی کە لە سەر یەکێک لە پایەکانی کە بریتیە لە میکانیزمی دەوڵەت – نەتەوە قەیرانێکی مەزنی بۆ گەلانی ناوچەکە خوڵقاندوە.

پێک هێنانی ناوەندی هێژمۆنیک و پێکهاتەکانی، دیالکتیکی بنچینەییە کە تێڕوانینی مێژویی لەو بنگەوە سەرچاوە دەگرێت. هێزە هێژمۆنخوازەکان پاش قەیرانێکی قوڵ، دیسان خۆیان نوژەن دەکەنەوە. هەر سیستمێکی هێژمۆن لە سەر ئەساسی (هێز و بەرهەم)ی نوێ دیسان خۆی ساز دەکاتەوە و بە کاراکتەی نوی لە چوارچێوەی نەزم و سیستمی داسەپاودا جێگیر دەکرێت. بۆ تێگەییشتن لە کێشەکانی نێوان هێژمۆنخوازان پێویستە شەڕ و کێشەکانی کە لە دووسەد ساڵی ڕابوردو ڕویان داوە خوێندنەوەیەکی بنەڕەتیمان هەبێت کە ئەو ئاڵۆزی و کێشانە لە بازنەی هێژمۆنی بۆ پێشکەوتن و تەمەدون نەبوە بەڵکو لە قالبی فەرهەنگی دا هاتونە ئاراوە. ئەو ناکۆکیانەی بۆ پاراستنی هێژمۆنی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاواییەوە هاتونەتە ئاراوە دوای سەدەی ١٩، لاسەنگیەکەی بە لای وڵاتانی ئوروپایی دا شکاوەتەوە و لەم کێبەرکێیەدا هێژمۆنی ئوروپا دەستێکی باڵای هەبوە و پاشەکشەی بە هێژمۆنخوازی وڵاتانێکی وەک ئێران و تورکیە کردوە، کە بە شێوازێک دەستەمۆی کردون، بەڵام کێشەی گەورە لە هەمبەر ئەم هێژمۆنخوازە سەرکەوتوە دا فەرهەنگ و هێزی دینامیکی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، بەربەرەکانی کردوە کە لە بەانبەر جێگیری فەرهەنگی مودێڕنیتەی کاپیتالیستی دا بەرخۆدانی کردوە. لە سەدەی ١٩ دا ئیمپڕاتۆریەکانی ئێران و عوسمانی بە تێڕوانینی هێزی هێژمۆنخوازی توانای شەڕ و کێبەرکێی لە گەڵ وڵاتانی ئوروپاییان نەبوو، تەنیا مانەوەی خۆیان بۆ گرینگ بوە و بە شێوازێک دەستەمۆی هێژمۆنخوازی ئوروپایی بون کەلە سەر حیسابانێکی کەم مایە باڵانسێکی هێزیان پاراست. بەڵام فەرهەنگی کۆمەڵایەتی، بە شێوازێکی جیاوازترلە زۆرێک لەبەشەکانی موستەعمەراتی لە جیهاندا، بە جێگای گرتنی فەرهەنگی مۆدێرنی سیستمی کاپیتالیستی ئوروپایی، لە بەرامبەریدا مقاومەتی لە خۆی نیشان دا، ئەوەی کە بەتەواوی نەکرانە موستەعمەرە لە فەرهەنگی ئەم شوێنەدا سەرچاوە دەگرێت.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەم لە بواری ژئۆپولتیک و هەمیش لە بواری ناوەندێکی کانزا و وزە، لە دوو سەدەی کۆتاییدا هەر دەم لە ژێر سیاسەتی چاوەدیری و کۆنترۆڵی وڵاتانی ئیمپریالیستیدا ژیانی سیاسی کردوە و بەردەوام ئەم زلهێزانە پلانی سیاسی و ئابوری و تەنانەت کۆمەڵایەتیشان بۆ داڕشتۆتەوە، یەکێک لەم پلانە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دروستکردنی سیستمی دەوڵەت – نەتەوە بوە کە بە پێی سیاسەتی ئیستعماری وڵاتانی ڕۆژاوا، ئەو دەوڵەت–نەتەوانە کۆنترۆڵ کراون و زلهێزەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان لە زۆرێک ڕەهەندەکان یارمەتیدەری ئەم سیستمانە بون.

گەلی کورد لە ناو ئەم بازنەیەدا و بە تایبەت لە پاش پەیمانی سایک–پیکۆ لە ١٩١٦ و پەیمانی لۆزان لە ١٩٢٣ کەووتە بەر هێرشێکی قر کردن لە هەمو بوارەکانی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتیدا، و پلانی بە ئاسیمیلە کردن و ژنوسایدی ئەم گەلە هەتاکو ئەمڕۆکەشی لە گەڵ بێت، بەردەوامە و تەنانەت بە زێهنیەتی سایکس–پیکۆ کە سنورەکانی کوردستانیان دابەش کردوە، دەستەڵاتدارانی حاکم

به سەرکوردستاندا هەوڵیان داوە روناکبیر و گشت گەلی کورد لە بواری زێهنیەتیشەوە توشی نەخۆشی سایکس-بیکۆ بکەن و لە زۆر بواردا بەشێکی زۆر لە حیزبەکان و نوخبەی کورد توشی ئەم نەخۆشیە هاتون(کوردستانی ئێران، عێراق، تورکیە، سوریە) و خۆدەرباز کردن لەم بیرۆکە بۆ بەشێک لە نوخبەی کورد کارێکی ئاسان نیە و خوێندنەوەیەکی زانستیانە و سەردەمیانەی دەوێت بۆ خۆڕزگارکردن لەم نەهامەتیە.

سەردەمی نوێ لە سەر بناخەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی مەزن و بە پلانی گلوبالیزاسیۆن، دەرفەتێکی نوێی بۆ گەلی کورد ڕەخساندوە کە بتوانێت ئیرادەی خۆی لە دەرەوەی زێهنیەتی سایکس-بیکۆ ئیفادە بکات و لەم گۆڕانکاریانەدا دیسان پەراوێز نەخرێت و لە ئالوگۆڕیەکانی سەردەمدا بێ دەستکەوت نەبێت. دەوڵەتانی ئێراق و سوریە بە هۆی ئەو قەیرانەی بە سەریان دا هاتوە بە شێوازی جاران مەجالی بەربەرەکانی لە گەڵ گەلی کوردیان نەماوە و بەشێک لە پاش ماوەکانی سیستمی دەوڵەت-نەتەوەکان بۆ پاراستنی ستاتۆ و هێژمۆنخوازی خۆیان لە ناوچەکە دا شەڕێکی ماڵوێرانکەر دەکەن و گەل و کۆمەڵگای سیڤیل باجی ئەم ماڵویرانکاریە دەدەنەوە.

لە مەیدانی کێشەکاندا بە شێوازێکی دەستکرد و پلان داڕێژراو هێڵی شیعە و سونی سەنگەریان لە بەرامبەر یەکتردا گرتوە و بە پراکتیک کەوتونەتە ناو ئەم پلان و سەنگەربەندیەوە و بەرەی ئازادیخوازی کورد لەم کێبەرکێەدا سەنگەری خۆی گرتوە و پاراستنی گەلی هەڵبژاردوە کە بۆ پاراستنی ئازادی و دەستکەوتەکان ستراتژیەکی شۆڕشگێڕیە. هێڵی شیعە بە پێشەنگی ئێران بەردەوام، پلانداڕێژاو ئەم شەڕەی لە دەرەوەی سنورەکانی وڵاتی خۆی بردۆتە پێش و لە زۆر شوێن و وڵاتان سەرکەوتوانە هەنگاوی هەڵێناوەتەوە، بە شێوازێک باڵانسی هێژمۆنخوازی پاراستوە، لەو شوێنانەی پێویست بە تەعویز بوبێت، لە دەرەوەی سنورەکانی خۆی ئەم دانوستانەی بە جێیگەیاندوە. ئێران بە زێهنیەتی هێژمۆنخوازی و هەناردەکردنی ئیسلامی شیعە، ڕۆڵی ناوەند دەگێڕێت لە کێشەکاندا. بەردەوامی ئەم سیاسەتە لە ناوچەکە دەبێتە هۆکاری شەڕێکی ڕوخێنەر و بە شێوازێکی سۆبژێکتیو، وەک ئامرازێکی بە هێز لە لایەن زلهێزانەوە بە کار دەهێندرێت، وڵاتانی کەنداو، ئێران وەک مۆتەیەکی مەترسیدار، هەر دەم لەبەر چاویانە و هۆ و سەبەبی کرینی چەک و سیلاح بە بەهای ملیاردها دۆلار، بەشێکی زۆر لە بەر مەترسی سیاسەتی هێرشبەرانەی ئێرانە. لەم کێشانە و بە باڵانس کردنی هێزەکانی ناوچە تەنیا گەلانی ناوچەکە زەرەرمەند دەبن و دەستکەوتی پوڵی خوێنی گەلانی ناوچە، دەکەوێتە سەر کەڵەکەی سەرمایەی کۆمپانیاکانی موڵتی ناشناڵ و بەکرێگیراوانی ناوچەکە.


کێشەی ئێران لە گەڵ وڵاتانی دەرەوە بەرچاوە،

## کێشەی سەرەکی خەڵکی ئێران ئەم ئابلۆقانە نین بەڵکو کێشەکە دەستەڵادارانی ئێرانن

و بۆ سەقامگیری ئۆتۆریتە و هێژمونی، بەردەوام لە ناو کێشەکاندا ڕۆڵی گێراوە. کێشەی وزەی ئەتۆمی سەرئێشەیەکی زۆری بۆ ئێران ساز کردوە و بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر ئابلۆقەی ئابوریدا کۆمەڵگای لە هەمو ڕەهەندەکان توشی قەیران کرد. لە دەستپێکدا کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئیسرار لە سەر شوعاری « وزەی ئەتۆمی مافی سەرەکی خۆمانە » حەولی داوە ئەم وتەیە پەیوەند بداتەوە بە بەرژەوەندی گەل، بەڵام ئەمڕۆ بە کشانەوە و قبوڵی سەرشۆڕی لە هەمبەر ئامریکا و سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا، دەیهەوێت لە ئەگەری هەڵگرتنی ئابلۆقەی ئابوری لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سەر ئێران ئەو بابەتە گرێ بداتەوە بە سەرکەوتن و پێشکەوتن لە بواری ئابوری ئێرانەوە. لەوسازشەی ئێران لە گەڵ ئامریکا، دیسان ڕەوشی خراپی ئابوری بەردەوام دەبێت، کێشەی سەرەکی خەڵکی ئێران ئەم ئابلۆقانە نین بەڵکو کێشەکە دەستەڵادارانی ئێرانن و ئەو ڕەوشە هیچ پەیوەندیەکی بە ئابلۆقە لە سەر ئێران نیە بەڵکو بەرهەمی سیاسەتێکی هەڵەی ئابوری و سیاسیە کە دەگەڕێتەوە سەر مودیریەتی سەقەت و هەڵەی حاکمانی ئێران. جەوهەری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ مانەوەی لە دەستەڵاتدا، لە سەر ئەساسی چەند فاکتەرێکی سەرەکی داڕێژاوەتەوە کە هەتاکو ئێستاش بەردەوام توانیویەتی لەم چوارچێوەیەدا گەمەی سیاسی خۆی بەردەوام بکات. یەکێک لە فاکتەرەکان کە دەستەڵاتی کۆماری

ئیسلامی لە سەری ڕاوەستاوە، هەبونی دەوڵەتێکی پۆلیسی و تۆقێنەر لە سەر ئەساسی زێهنیەت و کرداری هەڵاواردنی جنسی، دینی، ئیتنیکی و نەبونی تۆلێرانسی عەقیدەتی لە ناو خۆی ئێران کە بەردەوام بە سەرکوت، هەولی بێدەنگ کردنی هەمو پێکهاتەکانی داوە. فاکتەرێکی تر کەڵک وەرگرتن لە خاپاندن و فریوی بە کۆمەڵ بە کەرەستەی دین، کە بە مەزهەبی ئیسلامی شیعەی دەوڵەتی و مەزلوم نمایی، و فاکتەرێکی تر بە مۆنۆپۆل کردنی ئابوری لە ئێران کە لە ژێر چاوەدێری چەند دەستگای تایبەتدا بەشێکی زۆر لە خەڵکی بە خۆیەوە گرێ داوە.

کێشەی نەتەوەکان لە ئێران بە تایبەت مەسەلەی کورد لە دەستپێکی هاتنە سەر حوکمی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەردەوام لە ئارادا بوە و کوردستان بە شێوازێکی ئەمنیەتی و میلیتاریستیەوە هەڵس و کەوتی لە گەڵ کراوە و ئێران زیندانەکانی پڕ کردوە لە هەزاران کوردی شۆڕشگێڕ، بە سەدان مرۆڤی ئازادیخواز کەوتونەتە ژێر پەتی سێدارە و ئێعدام کراون. گەلی ئێمە لە ژێر فشارێکی زۆر توانیویەتی لە هەمو بوارەکاندا وەک ژینوسایدی سپی، زیندان، ئێعدام و بێ هیواکردن بە شێوازێکی سیستماتیک، ئیرادەی خۆی بۆ خەبات و تێکۆشان بەرز ڕاگرێت. لە پێناو بەرەوپێش چونی خەبات و تێکۆشان پێویستی بە میکانیزمی گونجاو لەم سەردەمەدا هەیە و بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ سیستمێکی وەها تۆتالیتەر و دیکتاتۆر خەباتێکی هەمە لایەنانە و گشتی دەخوازێت و بەتایبەت بەرەیەکی نەتەوەکان لە لایەک و پێکهێنانی ئۆتۆریتەیەک لە خەبات کە بتوانێت سوسیالیستەکان و خەلکی ئازادیخواز بە ڕێکخستن بکات بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ ئەم سیستەمە. پژاک و تەڤگەری ئێمە توانای ئەوەی هەیە کە پێشەنگی ئەم ڕەوتە بکات و لە فۆرمی سونەتی تێکۆشانی کورد بە شێوازێکی مۆدێرن گەل بە ڕێکخستن بکات، و بۆ ئەم قۆناخە لە خەبات و تێکۆشان بە پێشەنگی پژاک، ساڵی ٢٠١٤ کۆدار ئاوا کرا کە سیستمێکی ئاڵترناتیوە بۆ خۆ بەڕێوەبەریەکی دیموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. شێوازی خەبات و تێکۆشان لە هەر هەمو ڕەهەندەکانی پێشکەوتن کەڵک وەردەگرێت بۆ بەرز ڕاگرتنی وره و ئیرادەی گەلەکەمان و هاوکات پژاک و کۆدار تێدەکۆشن بە هەمو شێوازەکان، گەل بە ڕێکخستن بکەن و خۆ ئامادە دەکەن بۆ ئاڵوگۆڕیەکانی ناوچەکە و ئێران و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی ئەمڕۆ و داهاتو، گەلی ئێمە پێویستی بە هێزێکی پاراستن هەیە کە YRK و HPJ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم ئەرکەیان لە سەر شانە کە پاراستنی گەل و وڵات بکەن.




پێویستە حاکمانی ئێران باش بزانن کە لە هەل و مەرجی هەستیاری ئەم قۆناخەدا، مەترسیەکی مەزن بۆ حاکمانی ئێران چاوەڕوان دەکرێت کە لە ناو دەروازەکانی خۆیدا پێکدێت، ئێران ئێتر ناتوانێت بە ڕوانگەیەکی سوک و ئاسایی ئەم ڕەوتە نەبینێت و تێپەڕ بێت، کە کێشەی نەتەوەکان و ئازادی لە ئێراندا ئەگەر بە شێوازی پێشو هەڵس و کەوتی لە گەڵ بکات، ئێتر دەتوانێت ببێتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ تێکدانی ئەم سیستەمە دیکتاتۆرەی کە بە هیچ شێوازێک نایهەوێت ئەم کێشە بنەڕەتیانە چارەسەر بکات. سەردەمی ئاڵوگۆڕیەکان پێدەچێت هەمو ناوچە بگرێتەوە و ئێران ناتوانێت، بە خاپاندنی جەماوەر و فێڵبازی، خۆی لە ناکۆکی و کێشەکان بدزێتەوە. سەردەمی ئەوە هاتوە گەلانی ئێران بە یەکگرتویی و هاوخەباتی، وەڵامی بێکەڵکی مودیریەتی دەستەڵاتدارانی ئێران بدەنەوە و چارەی ژیان و بە دەستەوەگرتنی بەدیهێنانی ئازادی و خۆبەڕێوەبردنی ئازادانە بە کرداری بکەن و خۆیان لە ژێر ستەم و نابەرابەریەکان ڕزگار بکەن.

# ئــاڵای بێ دەوڵــەت ، خــاکی بێ خــاوەن !!



کوردۆ شوانی

دەمەوێت هەندێ مژاری گرێدراو بە دۆخی کوردستان و ناوچەکە بخەمە بەرچاو و هەڵوەستەیەکی لەسەربکەین، ئاشکرایە روسیا بەشێوەیەکی کارا هێرشی بۆ سەر پێگە ئابوری و سەربازیەکانی چەتەکانی داعش دەست پێکردو، ئەو گورزە گورچک بڕانەش نەخشەو پیلانی زۆرێک لە وهێزو لایەن و وڵاتانە تێکدا کە لە شەری داعشدا گەمەی سیاسیان دەکرد و دەسکەوت و بەرژەوەندیەکانی خۆیان خسیبووە بێش هەرشتێکی ترەوە.

وڵاتانی شەریکە دزیی داعش بۆ ئەوەی یاریەکەیان هەروا زوبەزو کۆتایی نەیات هەوڵیاندا بە هەر شێوازێک بێت ئاستەنگی بۆ ڕوسیا دروست بکەن یان بیخەنە تەڵەیەکەوە کە زیانێکی زۆری پێبگەیەنن، بۆ ئەوەش لە ٢٠١٥\١١\٢٤ فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ، بەپاساوی بەزاندنی سنور فڕۆکەیەکی جەنگی روسیایان خستەخوارەوە.

سێرگی لاڤرۆڤی وەزیری دەرەوەی ڕوسیا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: بە پێی ئەو بەڵگانەی کە وڵاتەکەی کۆی کردونەتەوە خستنەخوارەوەی فڕۆکە ڕوسیەکە کارێکی پلان بۆ دارێژراوبووە.

ئەردۆگانیش ڕایگەیاند تورکیا داوای لێبوردن لە ڕوسیا ناکات لەسەر خستنەخوارەوەی فڕۆکەکەی، چونکە ئەو فڕۆکەیە سنوری تورکیای بەزاندووە، ئەوەش بە واتای شکاندنی سەروەری تورکیایە.

وەبیرهێنانەوەی ئەو ئاریشەو ناکۆکیانە بەو مەبەستەیە کە لە یادمان نەچێت تورکیا کە باسی سەروەری خاک و وڵاتی خۆی دەکات، ئایا هیچ ڕێزێکی بۆ خاکی کورد و هاوڵاتیانی کوردستان داناوە؟ بۆ ئەوەش بە پێویستی دەزانم چەند مژارێکی تر بخەمە بەر دیدەی خوێنەران ، ئاشکرایە مێژووی هاتنی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢ کە بۆ شەڕی دژی پەکەکە هێزی هێناوە و جێگیریکردوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٧ یش لەسەر داوای پارتی دیموکراتی کوردستان و بۆ یەکلاکردنەوەی شەڕی ناوخۆ لە بەرژەوەندیی خۆی پەنای بۆ سوپای تورکیا بردووە تورکیا هێزی زیاتر ڕەوانەی باشووری کوردستان کردوەو پێگەی سەربازی خۆی بەهێزتر کردوە. بە بڕاوی زۆربەی چاودێرانی سیاسیش هاتنی ئەمجارەی سوپای تورکیا پەیوەندیی بە شەڕی داعشەوە نییەو بەڵکو بۆ لێدانی پەکەکەو ململانێ ناوخۆییەکانی باشوری کوردستانە.

ڕۆژنامەی حوریەتی تورکیا، وردەکاری لەشکرکێشیی سوپای تورکیا بۆ ناوخاکی هەرێمی کوردستان و شوێنی جێگیرکردنیان بڵاوکردۆتەوە، بە پێی زانیارییەکانی ئەو ڕۆژنامەیە بەم شێوەیە: بامەڕنی کەتیبەیەکی میکانیکی جێگیر کراوە کە لە ٦٠٠ سەرباز و چەندین تانک پێکهاتوە. کانی ماسی هێزێکی کۆماندۆی ٤٠٠ سەربازی تێدا جێگیر کراوە لە زاخۆ و دهۆک و هەولێرو باتوفە و ئامێدیش نزیکەی ١٣٠ سەربازی هێزی تایبەت وەک پەیوەندی بڵاوەیان پێکراوە، هەروەها لە سیمێل ناوەندێکی یەکەی هەواڵگری هەیە.

وێڕای ئەو هێزانەی ٢٣ ساڵە خاکی باشوری کوردستان بەجێ ناهێڵن لە کاتێدا پەرلەمانی ئێراق و پەرلەمانی کوردستانیش داوای دەرکردنی سوپای تورکیایانکردووە.

بەبێ لە بەرچاوگرتنی سەروەری خاکی کوردستان و ئیراق جارێکی تر لە ڕۆژی ٢٠١٥\١٢\٥ لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان دەستپێکردوەو بەگوێرەی ئاژانسەکانی هەواڵی تورکیا یەکەم کاروانی ئەو هێزەش کە پێکهاتوە لە ١٥٠ سەرباز، بە پشتیوانی ٢٠ تانک هاتۆتە هەرێمی کوردستان و لە ناوچەی باشیک جێگیر کراون.

### هێزەکەی سوپای تورکیا ژمارەیان ١٢٠٠ کەس بووە و قافڵەی ئوتۆمبیلە بارهەڵگرەکانیش ٨٠ بارهەڵگربووە

زانیاری زیاتر سەبارەت بەو لەشکرکێشیە لە ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاوکراوەتەوە و ئاماژەبەوەکراوە کە هێزەکەی سوپای تورکیا ژمارەیان ١٢٠٠ کەس بووە و قافڵەی ئوتۆمبیلە بارهەڵگرەکانیش ٨٠ بارهەڵگربووە، سەرنج ڕاکیشە کاتێ باس لە کشانەوەی ئەو هێزە کرا لە باشیکەوە بۆ بامرنێ ئاماژە بەوەکرا کە تەنها ١٠ بارهەڵگر گەڕێنراوەتەوە!! جێی هەڵوەستە لەسەرکردنە دوای ماوەیەکی زۆر لە شکستخواردن و بێدەنگ بون چەتەکانی داعش لە٢٠١٥\١٢\١٦ هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە هەمان ئەو میحوەری کە لەشکرەکەی تورکیا چەک و کەرەسەیەکی سەربازی زۆریان بۆی گواستبۆوە، هەڵبەتە دیسان بە قوربانیدان و بەخوێنی گەشی کۆمەڵێ پێشمەرگەی قارەمان پەرپەرچی هێرشی چەتەکان درایەوەو تێکشکێنران.

بەڵام سوپاکەی تورک نەک نەهاتنە دەست و پارێزگاریان لە پێشمەرگەکان نەکرد بەڵکو بەوتەی فەرماندەکانی ئەو میحوەرەی شەڕەکەی تێدا کراوە سەربازە تورکەکان هەڵهاتون؟!! کەواتا سوپاکەی تورکیا ئەوژمارە زۆرە لە چەک و تەقەمەنی بۆ کێ برد؟ ئایا داعش لە کوێوە هێزی کۆکردەوەو چەک و پێویستیەکانی هێرشەکی دژی پێشمەرگە لە کوێوە دابینکرد؟.

ئاشکرایە تورکیا + سعودیە + قەتر سێکوچکەی پیلانگێڕی ناوچەکەو سەرچاوەی پشتیوانیکردنی چەتەکانی داعشن، هەر خۆیان کە بەرهەم هێنەری تیرۆرن لە ٢٠١٥\١٢\١٥ هاوپەیمانیەکی سەربازی ئیسلامی بە بەشداری ٣٤ وڵات بە سەرۆکایەتی سعودیە دژی تیرۆر پێکدێنن.

هەمو دنیا دەزانێت لە ئێراق و سوریا تاکە هێزی سەرکەوتو بەسەر چەتەکانی داعش و تیرۆرستاندا هێزی پێشمەرگەو شەرڤان و گریلاکانن، بەڵام ئەو ٣٤ وڵاتە بەناو ئیسلامیە لە بڕیارێکی دور لە هەمو بەهایەکی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی ناوی پەکەکە و پەیەدە یان لە ڕیزبەندی گرۆپە تیرۆرستیەکاندا هەژمارکردووە!!.

لە کاتێکدا ئەو هەڵویستە پڕ شەرمەزاریە و دەیان پیلانگێڕتر بونی هەیە ، ئایا دەبێت لە بارودۆخێکی زۆر هەستیاری وەک ئێستادا هاتوچۆی بەرپرسانی ئەو وڵاتانە بۆ هەرێم و بەپێچەوانەشەوە لە ئاستێکی هێندە بەرچاودا چی لە هەگبەیاندابێت ؟!

لە نیوەی ساڵی ٢٠١٥ و پێش ئەوەی شەنگال بە ئەنفالکردن بدرێت ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٥\٧\١٩، خالید عەتییە وەزیری دەرەوەی قەتەر گەیشتە کوردستان ، ئەم سەردانە بەیەکەم سەردانی لەو جۆرە دادەنرێت کە بەرپرسێکی باڵای ئەو وڵاتە ڕاستەوخۆ و بەبێ سەردانی بەغدا سەردانی هەرێم بکات.

تەنها سێ ڕۆژ لە دوای کودەتای هەڵبژاردن لە تورکیا واتا ٢٠١٥\١١\٤ کە ئەکەپەو ئەردۆگان سنوری دڕندایەتیان تێپەڕاندبو لە بەرامبەر گەلی باکوری کوردستان، فەرەیدون سینیرلی ئۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا گەیشتە هەرێم و لە گەڵ بەرپرسانی هەولێر کۆبووە، لە حەوتی حوزەیراندا کورد سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێنا و بوبەخاوەنی ٨٠ کورسی پەرلەمانی تورکیا، هەرچەندە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا دەیان بارەگاری پاتی دیموکراتی گەلان سوتێنرا و ئاستەنگیەکی زۆریان بۆ سازکرا ، تاگەیشت بە کارە تیرۆریستی و کۆمەڵ کوژیەکەی ئامەد لە ٢٠١٥\٦\٥ تەنها دوو ڕۆژ پێش هەڵبژاردن سەدان قوربانی لێکەوتەوە، لە دوای ڕەتکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردن و دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردنی پێشوەخت لە لایەن ئەردۆگانەوە، هێرشەکانی سەر گەلی کورد زۆر دڕندانە چڕکرایەوە، دیارترین کردەوە تیرۆریستیەکانی ئەکەپە کۆمەڵکوژیەکەی ٢٠١٥\٧\٢٠ ی ناوەندی هونەری و ڕۆشنبیری سروج بو کە سی کەس شەهید کران و زیاتر لە سەد کەس بریندار بون.

هەر لە زنجیرە کارە تیرۆریستیەکانی ئەکەپەدا لە ٢٠١٥\١٠\١٠ لە یەک کاتدا سێ تەقینەوە لە ئەنکارا ئەنجامدرا لە ناو ئاپۆڕای لاینگران و ئەندامانی هەدەپە دا کە نزیکەی ١٠٠ شەهید و ٢٠٠ برینداری لێکەوتەوە لە ناویاندا کاندیدی هەدەپەی ناوچەی یەکەمی ئەستەمبوڵ (کوبرا مۆلائۆغلو) شەهیدبوو.

هەرسەبارەت بە هاتوچۆکان: سایتی عالەم جەدید ڕاگەیاند مەسعود بارزانی لە کۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ پادشای سعودیە لە کاتی سەردانەکەی بۆ ئەو وڵاتە ڕۆژ ٢٠١٥\١٢\١ سکاڵای کردوە لە حکومەتی عێراق، لەبەرامبەردا پادشای سعودیە بەڵێنی داوە داواکارییەکانی جێبەجێبکات، ئاماژەی بەوەشداوە پادشای سعودیە ڕازی بوە بڕی هەشت ملیار دۆلار بداتە مەسعود بارزانی لە بەرامبەر پشتیوانیکردنی سوننەکانی پەرلەمانی عێراق بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەیاسای پاسەوانی نیشتمانی، بەڵام هەردوای ئەو سەردان و قسەوباسە مژارێکی تر هاتە ئاراوە کە جێگەی سەرسوڕمان بوو، بێگومان ئەوەش هاتنی سوپای تورکیای داکیرکەر بو بۆ قوڵایی خاکی باشوری کوردستان.

بە پێی زانیارییەکانی سایتی ڕۆژنامەی حوریەتی تورکیا، لەشکرکێشیی بۆ ناو خاکی هەرێم هەفتەیەک بەردەوام دەبێت و سەرجەم ئەو هێزانەی جێگیر دەکرێن ژمارەیان دەگەنە دوو هەزار سەرباز، ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوە

## بارزانی لەگەڵ وەزیری بەرگری تورکیا کۆبونەوەی ئەنجامداوە

داوە، بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی مانگێ پێش لەشکرکێشیەکە لەنێوان یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی تورکیاو مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کراوە، لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ ناحیەی باشیک باکووری خۆرهەڵاتی موسڵ بەردەوام دەبێت.

هەڵبەتە لە سەروبەندی ئەو هاتوچۆو کۆبونەوانەشدا فڕۆکەکانی تورکیاش بەردەوام هێرشیانکردۆتەسەرخاکی کوردستان لە چیاکانی قەندیل و ئەو دەڤەرانەی گەریلاکانی پەکەکەی لێوە نزیکە، بەگوێرەی زانیاریەکان لە ماوەی سێ مانگدا نزیکەی سەد هێرش کراوەتە سەر گوند و ڕەزو باخی هاوڵاتیان ، لە ئەنجامی ئەو هێرشانەشدا ڕۆژی ١ \٨\٢٠١٥ گوندی زارگەلی لە لایەن فڕۆکەکانەوە، بۆردومان کراوەو(٨) هاوڵاتی مەدەنی شەهید بوون و (١٢)ی دیکەش بریندار بوون، جگەلەوەش قوتابخانەو

مزگەوتی گوندەکەو (٦) خانوی هاوڵاتییان بەتەواوەتی ویران کران.

سەرنج ڕاکێشە هەر دوای ئەو تاوان و کۆمەڵکوژیە ڕۆژنامەنوسی کورد (باقی گیول) لە گۆشەنوسی خۆیدا لە ڕۆژنامەی یەنی ئۆزگیور پۆڵەتیکا لەژێر ناوی (داودئۆغلوو ١٥٨ ملیۆن دۆلاری لەبەرامبەر چی داوەتە بارزانی؟) لە ٢٠١٥\٨\١٢ ئاماژەی بەوەکردوە کە پێش هێرش و بۆردومانە بەرفراوانەکەی تورکیا بۆسەر باشووری کوردستان سەرۆک وەزیرانی تورکیا ١٥٨ ملیۆن دۆلاری بۆ بارزانی ناردووە.

## لە گەڵ هەمو پیلانەکاندا بابەتی ئاڵاکە

بارزانی لەرۆژی چوارشەممە ٢٠١٥\١٢\٩ بەسەردانێک لەسەر بانگێشتی تورکیا گەیشتە شاری ئەنقەرەو بە گوێرەی هەواڵەکان لەیەکەمین وێستگەی سەردانەکەیدا بۆ ئەو وڵاتە لەگەڵ هاکان فیدان ڕاوێژکاری دەزگای هەواڵگری تورکیا ناسراو بە میت کۆبۆتەوەو دواتر لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا لەکۆشکی سەرۆکایەتی کۆبۆوەو پاشان لەگەڵ ئەحمەد داودئۆغلۆ سەرۆک وەزیرانی تورکیا کۆبۆوەو ڕۆژی دواتر بارزانی لەگەڵ وەزیری بەرگری تورکیا کۆبونەوەی ئەنجامداوە، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی سەردانەکەی مەسعود بارزانی ڕاگەیتراوێکی بەڵاوکردەوە

لەبەشێکی ئەو ڕاگەیەندراوەدا هاتوە «بۆ یەکەمجار لەمێژوی سەردانی شاندە باڵاکانی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا لەکۆبونەوەکەی نێوان بارزانیو سەرۆکوەزیرانی تورکیادا ئاڵای کوردستان لەتەک ئاڵای عێراقو تورکیا دانرابوو بەو هۆیەشەوە بارزانی دەستخۆشی لەداودئۆغلۆ کرد کە لەکۆبونەوە فەرمییەکەی نێوانیاندا ئاڵای کوردستان دانراوەو پێزانینی بۆ ئەم هەڵوێستە هەبووە، هەر دوای ئەو ئاڵادانانە بانگەشەیەکی چڕوپڕ لە ڕاگەیاندنەکانی هەولێرەو دەستی پێکرد، بەجۆرێک وەک ئەوەی کورد دەوڵەتی سەربەخۆی ڕاگەیاندبێت و ئاڵاکەی لە کۆشکی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵکرابێت، ئەوەش بۆ داپۆشینی هەمو ئەو پیلانگێڕیەنەی تورکیا دەستی داوەتێ لە سێ بەشی کوردستاندا، لە کاتێکدا شانازی بە دانانی ئاڵای هەرێمی کوردستانەوە لە تورکیا دەکرێت کە بە بەشێوەیەکی کاتی و تاکتیکی بوو، تورکیا لە قوڵایی خاکی هەرێمی کوردستاندا ئاڵای خۆی بۆ هەمیشە هەڵکردووە ئەگەر بۆی بچێتەسەر.

هەڵبەتە ئاڵای فەرمی هەرێم یان باشوری کوردستان لەساڵی ٢٠٠٩وە پەرلەمانی کوردستان بڕیاریداوە کە هەمو ساڵێ لە ١٢\١٧ دا وەکو ڕۆژی ئاڵا دیاری بکرێت و لەو ڕۆژەدا لە سەرجەم دامودەزگانی باشوری کوردستان یادی ڕۆژی ئاڵا بکرێتەوە بە تایبەتی لە خوێندنگاو قوتابخانەکاندا بەشێوەیەکی بەرچاو ئەو ڕۆژە پیرۆز دەکرێت، هۆکاری دانانی ئەم ڕۆژەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ ئاڵای کوردستان لەسەر دامودەزگاکانی کۆماری مەهاباد بەڕابەرایەتی پێشەوا قازی محەمەد هەڵکراوە.

## سەرئەنجام

ئێستا کە لە ساڵی ٢٠١٦ داین لە هەر کاتێک زیاتر هێرش و پەلامار بۆ سەرکوردستان و کوردی ئازادیخواز چڕکراوەتەوە، دیارە ئەوەش بە دەس پێشخەری و سەرپەرشتی تورکیای فاشیست بەڕێوە دەبرێت، سەرهەڵدەنەکانی گەلی باکوری کوردستان بۆ مافەڕەواکانی خۆیان و وڵامی دڕندانەو نامرۆڤانەی حکومەتی ئەکەپە پەیامێکی ئاشکرایە بۆ هەمو گەلی کورد، ئەوەی ڕودەدات لە شارۆچکەکانی نسێبین و کەربۆرانی سەر بە مێردین و لە شارۆچکەکانی جزیرەی بۆتان و سلۆپی سەر بە شرناخ و لە ناوچەی سوری ئامەد کە هێزەکانی دەوڵەتی تورک زۆربەتوندی هێرش دەکاتە سەر هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە و بە تۆپ و تانک و چەکی گران خەڵکی سڤیل کۆمەڵ کوژدەکەن ئەو پەڕی دوژمنکارانەیە.

## پێویستی هەرە بەپەلە یەکێتی گەلی کوردە لە ئێستادا

ئەگەر کوردی ئازاد خەباتی خۆی زیاتر گەشەپێنەداو سەرنەکەوێت بەسەر کوردی وابەستەی داگیرکەراندا، ئەگەری ئەوەهەیە جارێکی تر لە دیزاینکردنەوەو نەخشەکێشانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە لە ٢٠١٦ دا سەد ساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر پەیمانی سایکس بیکۆدا دیسان کورد زەرەرمەندی یەکەم بێت و بگەڕێتەوە چوارگۆشەی سفر، بۆیە پێویستی هەرە بەپەلە یەکێتی گەلی کوردە لە ئێستادا، ناکرێت ئەو کوشت و بڕو پێلانگێڕیانە لە بەرچاو نەگیرێت و سەروەری گەل و خاکی کوردستان بن پێ بکرێت، بەڵام بە دانانی ئاڵایەک دوژمنی سەرسەختی گەلی کورد بە دۆست پێناسەبکرێت، ئەوەی گەرنگە خاوەندارێکردنە لە گەل وخاک نەک گرنگیدان بە فێڵی دانانی ئاڵای بیدەوڵەت، دواجار پێویستە بەسەرهاتەکەی حەسەن خەیری و ئەتا تورکش لە بیر نەکەین.

# خۆسەری: تێزێكی ستراتیژی و هەنگاوی كردەیی

نەجیبە قەرەداخی لا٤١



## سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان

### تۆماری یاسایی

ژمارە: 111

ڕێكەوت: 2015/11/16

بەپێی بڕگەكانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای ڕۆژنامەگەریی لەكوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007 كە لە 2008/9/22 بڕیاری لەسەر درا، پاش ئەوەی كە دەركەوت گۆڤاری ( ئازادی كۆمەڵگە ) مانگانەیەو خاوەن ئیمتیازی ( محمد كیانی عبدالرحمن ) و سەرنووسەرەكەی ( گوران علی حسن )، مەرجە یاساییەكانی تێدا بەدیهاتووە، لە سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان بە ژمارە متمانەی ( 111 ) تۆماركرا.

ئازاد حەمەدەمین

نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان

١

# Azadî Komelge

Govarareki mehaneye serbixwe a siyasi, hizrî, civakiye

## کورتەیەک لە جوڵانەوە و بزاڤە شۆڕشگێڕیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان

بەکورتی باس لە هەندێک کاروچالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ڕۆژئاوای کورستان دەکەین.

توێژەری بواری مێژوو -دیاری خالید لا٥١

## ئاڵای بێ دەوڵەت، خاکی بێ خاوەن !!

دەمەوێت هەندێ مژاری گرێدراو بە دۆخی کوردستان و ناوچەکە بخەمە بەرچاو و هەڵوەستەیەکی لەسەربکەین

کوردۆ شوانی لا٦٠

